# گزینگ

٤

گۆڤارێکی وەرزانەی ئەدەبی - فەرهەنگی یە

هاوینی ١٣٧٣ ـ ١٩٩٤

- بانگەواز: دەستەیەک لە ڕووناکبیرانی کورد لە دەرەوەی وڵات
- وتووێژی نامەیی:«کوردستان خەزێنەیەکی دۆزراوەی فەرهەنگی»:د. فیلیپ گ. کرەیەنبرووک
- بیرەوەری: گەشتێک بە کۆماری مەهابادا...(٤) : بەکر کەریم حەوێزی
- حاجی بەکتاش، سوڵتان سەهاک، شامینا ساحێب و قالبەکانی دیکەی دیواری پادار: مارتین فان براونێسن. وەرگێڕ: حەسەنی قازی
- حکومەتی کوردستان یا کۆماری کوردستان(١٩٤٦): کەریمی حیسامی
- کوردەکانی سوێدی فەنلاند. لە کەمایەتییەکەوە بۆ یەکی دی: لەیف نیهۆلم (زانکۆی هێلسینکی)
- گفتوگۆ لە گەڵ نووسەری«گەلاز»: سیامەند شێخ ئاغایی
- لە زۆر بارانەوە وڵاتێکی بابڕی(درندە)، لە تورکیا ئازادی بەیان بەرتەنگ دەکرێ...



# بانگەواز

**بێگومان هەموو کوردێکی دڵسۆز لە گشت پارچەکانی کوردستان وە لە دەرەوەی وولات زۆر بە ناخۆشیەوە هەواڵی ڕووداوەکانی ڕۆژانی دوایی لە کوردستانی باشوورەوە دەبیسێ.**
**گومان لەوەدانیە کەوا ئەم بەرەوڕووبوونەوە چەکداریە زیانێکی نەتەوەییە بۆ مەسەلە ڕەواکەی گەلی کوردمان بە تایبەتی لە کوردستانی باشوور. زیانی ڕاستەوخۆی ئەم ململانیە نەوەک هەر بە زیانی گیانی تەواو دەبێ کە تیایدا چەندەها کەس هەر لەپێشمەرگەو کادری سیاسی و خەڵکانی تر دەبنە قوربانی ، بەڵکو زیانەکانی ئەم بەرەوڕووی یەکتر بوونەوەیە مێژووین وەزیانەکە چەند لایەنیە بۆ مەسەلەی نەتەوەکەمان. ئێمە لەم بوارەدا پەنجە بۆ ئەم ڕاستیە ڕادەکێشین کەئەم ململانیە دەبێتە هۆی زیانێکی کوشندە :**

۱) تاقیکردنەوەی دیموکراسی لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و دامەزرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەوێتە مەترسیەوە. خەڵکانێکی زۆر لەجەماوەری کوردستان ئەمڕۆ نیشانەی پرسیار دەخەنە سەر ماهیەت و جەدوای ئەم تاقیکردنەوەیە، ترس لەوەدەکرێ ئەم ڕووداوە چەکداریانەی ئەم دوواییە ئەو بۆ چوونەی کە تا ئێستا بەرگوێمان دەکەوت کەوا حکومەت و پەرلەمانی کوردستان تەنها ڕوکەش و دەربڕی ویست و خواستی حیزبە خاوەن دەسەڵاتەکانن بسەلمێنن. گومان لەوەدا نیە بەگژیەکتردا چوونەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان یەکگرتن و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی باوەڕی، هەرنەبێ، بەشێک لەجەماوەر بە تاقیکردنەوەی دیموکراسی لە کوردستان.

۲) ئەم تێهەڵچوونە دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی کاریگەری پوسە تیڤانەی مەسەلەی کوردەوە بە تایبەتی تەئسیری تاقیکردنەوەی دیموکراسی لەسەر ڕای جیهانی، ڕەسمی و نارەسمی. هەروەها هۆی کوژاندنەوە و لە ناوبردنی ئاوات و ئومێدی جەماوەری گەلەکەمان.

۳) ئەم ململانێیە دەبێ بەهۆی ڕەوایی بەخشین بە گەڕانەوەی دەسەلاتی ڕژێمی بەعسی بۆ کوردستان. ئەم ڕووداوانە کارتێکی یاری کردنی سیاسی و دبلۆماسی دەدات بە ڕژێمی سەدام. کە لە ڕاستیدا هەمووکاتێ هەوڵی بۆ دەست هێنانی دەدات.

٤) مەترسی دەکرێ کەواهێزە ئەقلیمیەکان بە تایبەتی تورکیا و ئێران ئەم ڕووداوانەی ڕۆژانی دوایی بکەن بە بەهانەیەک بۆ وەرگرتنی هەڵوێستێکی دوژمنانەتر دژ بەدەسەلاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە ئامانجیش لەناوبردنی ئەم حکومەتەیە. ئیمرۆ ئەم هێزە ناوبراوانە بە ئاسانی دەتوانن بە جیهان ڕابگەیەنن کەوا "ئەوبارودۆخەی لە کوردستانی عێراق هەیە فەوزایە نەوەک دەسەلاتێکی کاریگەر".

٥) دەبێ ئەم ڕاستیە لەبەرچاومان بێت کە ململانێی چەکداری لەکوردستان دەبێتە هۆی ئەوەی هاوپەیمانانی جیهانی ڕۆژئاواسڵ بکەنەوە لەپشتگیری کردنی میللەتی کورد لە کوردستانی باشوور.

ئێمە لەکاتێکدا ئەم ڕاستیانە دەخەینە بەرچاوی جەماوەری کوردستان و هێزە سیاسیەکان پ.د.ک. - یەکگرتن وە یەکیەتی نیشتمانی کوردستان، دەمانەوێ پەنجە بۆ چەند خاڵێک ڕابکێشین :

(أ) دەبێ ئەم ڕاستیە لەبەرچاوبێت کە تێزی حیزبی ڕێبەر و حیزبی سەرکردە شتێکی گونجاونیە لەگەڵ هەلسوگەوتی دیموکراسیانە. بە تایبەتی لە ڕۆشنایی پێداویستەکانی تاقیکردنەوەی دیموکراسی کوردستانی باشووردا. هەموو هێزو تەوژمە کۆمەلایەتیەکانی میللەتەکەمان دەبێ بە یەکسان ڕیگەیان بدرێ کە ڕۆڵی خۆیان ببینن لە تاقیکردنەوەکەدا. دەبێ هەر هەموو ڕۆڵەکانی گەل جێگایان ببێتە لە ناو پرۆسەی خەباتی کوردایەتی و دیموکراسیدا.

(ب) بەرژەوەندی گەل و تاقیکردنەوەکەی بخرێتە سەرهەموو بەرژەوەندی حیزبایەتی یا هەر بەرژەوەندیەکی تری تەسک بێن.

(ج) پشتگیری کردن و ڕێزلێگرتنی هەموو بڕیارەکانی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان. کاتی ئەوە هاتوە ئیتر واز بهێنرێ لەو تێزەی کە دەڵێت "حیزب لەسەرەوەی دەوڵەتە یا حیزب دەوڵەتە" ئەمڕۆ لەتاقیکردنەوەی دیموکراسیدا سیاسەت دەبێ دەربڕی جەماوەر و ویستەکانی بێت نەوەک مۆنۆپۆڵی ئەو حیزب یان ئەم حیزب.

(د) ئەم ڕوداوانەی دوایی دەردەخەن کە چەندگرنگە هێزەکانی پێشمەرگە بکرێن بە هێزی حکومەتی هەرێم. باحیزبەکان کاری خۆیان بە سیاسی و مەدەنی تر بکەن و گفت وگۆ بکرێ بە بنچینە بۆ چارەسەرکردنی هەر کێشەو گیر و گرفتێک.

نیتر بە هیوای ئەوەین کە بەزووترین کات ململانێی چەکدارانە و پاشماوەکانی کۆتایی پێ بهێنرێ وە دەسەلاتی یاساش بخرێتە سەر هەموو دەسەلاتێکەوە.
باسەرکەوتوو بێت تاقی کردنەوە دیموکراسیەکەمان لە کوردستانی باشوور.

**دەستەیەک لە ڕووناکبیرانی کورد لە دەرەوەی وولات**
**ستۆکهۆلم ۱۹۹٤/٥/۱۲**
**ئەم بانگەوازە لە لایەن پتر هەزار ڕووناک بیری کوردەوە لە دەرەوەی وولات ئیمزاکراوە.**

# گزینگ ژماره ٤

گۆڤارێکی وەرزانەی فەرهەنگی ـ ئەدەبییە

هاوینی ـ ١٩٩٤

## نێوەرۆک

| | |
|---|---|
| کوردستان خەزێنەیەکی دۆزراوەی فەرهەنگی ...... د. فیلیپ کرەیەنبرووک | ٤ |
| گەشتێک بە کۆماری مەهابادا.............. عەقید بەکر کەریم حەوێزی | ٨ |
| نامە.............................. سەعید کاوە | ١٢ |
| یادی سێ ساڵەی د. ڕەحیمی قازی..................... هێرش | ١٣ |
| پاشبەندی جێگا لە موکریان...................... عەلی حەسەنیانی | ١٦ |
| حاجی بەکتاش، سوڵتان سەهاک.. نووسینی: مارتین وەرگێر: حەسەنی قازی | ١٧ |
| حکومەتی کوردستان یا کۆماری کوردستان............. کەریمی حیسامی | ٢٥ |
| کوردەکانی سوێدی فەنلاند.......لەیف نیهۆلم..... وەرگێر: حەسەنی قازی | ٢٨ |
| چارەنووس.............................. هێرش | ٣٣ |
| منداڵ و پەروەردەکردنی........................ ئەنداز حەوێزی | ٣٤ |
| «کەلاز» سەگی ماڵە خۆمانە......................وتوویژ: سیامەند | ٣٦ |
| گەڕانەوە................................. تەیفوور | ٣٩ |
| دوو وێنە و یەک ئاوێنە......................... عەلی ئانەوازادە | ٤٢ |
| دەردەکــــورد............................ کــــوردان | ٤٤ |
| دیــدار.............................. ئـاشـنـا جـاف | ٤٧ |
| یوبال بێ من..................ئاوگوست ستریندبەری..وەرگێر: قاسم ج | ٤٨ |
| بـلـێـی وابـێ............................ هـێـدی | ٥١ |
| لە زۆر بارانەوە ولاتێکی بابری............. ڕۆژنامەی داگنس نیوهێتر | ٥٢ |
| چـاپـکـراوەکـان........................................ | ٥٤ |

**بەرکار و بەرپرسی نووسین :**

س .ج . هێرش

**ناو و نیشان :**

Gzing<br>
Box. 327<br>
824 27 Hudiksvall<br>
(Sweden)

postgironr: 4435022-1

* گزینگ خۆی بە نوێنەری فکری هیچ نووسەرێک نازانێ و ئەرکی بەرپرسیێتی هیچ نووسراوەیێک وەئەستۆ ناگرێ . دیارە هەر نووسراوەیێک نێوی لە سەر نەبێ ، نۆبالی وەملی گزینگە .

* گزینگ بە گوێرەی پێویست بۆی هەیە نووسراوەکان کورت یان لەباری ڕێزمان و ڕێنووسەوە ڕاست وریسیان کاتەوە، دیارە هەق بە خۆی نادا کاکڵ و نێوەرۆکی بەرهەمەکان ، قەڵەم ئاژن کا.

* گزینگ ئەو شێوەڕێنووسە ڕەچاو دەکا کە لە زۆربەی کتێب و گۆڤارە سۆرانییەکاندا باوە وپەسند کراوە.

* ئەگەربەرهەمەکەتان، وەرگێردراو و تێهەڵنووس کراون، تکایە دەقی ماکەکەش لە تەک نووسراوەکاندا بنێرن.

* داوا دەکەین نووسراوەکان بە خەتی خۆش و شاش و هێڵی مەوداداربن .

**بۆ هەر چەشنە کارێکی وەک: تایپ کردن، مونتاژ، ئۆرگیناڵی کتێب**

**پێوەندی بە ئادرێسی «گزینگ»ەوە بگرن**

**ئەو کەسانەی کە تا ئێستا ئابوونەی ساڵی ٩٤ یان نەداوە یان لەبیریان چووە،**

**تکایە، بۆ بەردەوام بوونی «گزینگ» بە شێوەیەکی ڕێکوپێک،هەقی ئابوونەی خۆیان ڕەوانە بکەن.**

**پشتیوانی ئێوە مایەی دڵگەرمی و بەردەوام بوونە.**

«گزینگ» بێجگە لە ئادرێسی سەرەوە ، بەم ئادرێسەش دەست دەکەوێ:

Kitab -i Arzan<br>
B.Jarls g 9B<br>
554 63 Jönköping<br>
Tel: 036 - 148031

**وێنەی ڕوو بەرگ: هەولێر**

**پارلمانی هەرێمی خواروو کوردستان**

**وێنەگر: کاک خەسرەو زەمبیحی**

ISSN 1104 - 3473

چاپی سوێد: ژووئینی١٩٩٤

وتو ویژ

# «کوردستان خەزێنەیەکی دۆزراوەی فەرهەنگی»

نامەیی



Dr. Philip G. Kreyenbroek

وتووێژێکی نامەیی لە گەڵ

## دوکتور فیلیپ گ. کرەیەنبرووک

● دەقی ئەو پرسیار و وەڵامانە ئینگلیسین، لە لایەن«گزینگ»ەوە کراونە کوردی.

**گزینگ:** مامۆستا فیلیپ زۆرت سپاس دەکەم سەرەڕای سەرقاڵی زۆر، ئامادەییت نیشان دا کە خۆت و بۆچوونەکانت بە خوێنەرەوەکانمان بناسێنی. ئەگەر ڕێگە هەبێ ئەوا یەکسەر پرسیارەکان دادەهێنم. دەکرێ بە کورتی خۆت بناسێنی! خەڵکی کوێی؟

ـ ئەمن لە ساڵی ١٩٤٨ لە هولەند هاتوومەدنیاوە. دوای خوێندنی ئامادەیی تا دەرەجەی لیسانس(BA) لە وێ زمانی عەرەبی و فارسیم خوێند، پاشان هەر لە وێ درێژەم بە خوێندن دا و لە ئاوێستا، فارسی نێوەڕاست و ئایینەکانی ئێراندا دەرەجەی«ماستر» (MA)م وەرگرت. دوایە سەری خۆم هەڵگرت و چوومە ئینگلیستان و لە S.O.A.S «مەدرەسەی موتالەعاتی ڕۆژهەڵاتی و ئافریقایی» لە سەر تۆژینەوە و خوێندنی فارسی نێوەڕاست و ئایینی زەردەشتی بەردەوام بووم. دوایە لە ساڵی ١٩٧٣دا چوومەوە هولەند و تا ساڵی ١٩٨٨ لە زانکۆی ئوترێخت زمانی فارسی و لێکۆڵینەوەکانی ئێرانیم دەگوتەوە. لە ساڵی ١٩٨٣ لە زانکۆی لیدن ئەزموونی دوکتورا(phd)م لە سەر بابەتی زەردەشتیگەری پێپشکێش کرد و تێیدا سەرکەوتم.

لە ساڵی ١٩٨٨ گەڕامەوە لەندەن بۆئەوەی وەک مامۆستای زمانە مودێرنە ئێرانییەکان دەرس بڵێمەوە و ئێستا لە S.O.A.S مامۆستام(Lecturer). ئەگەرچی ئەمن بابەتی ئایینی و زمانە ئێرانییەکانی دیکەش لێرە بە دەرس دەڵێمەوە، بەڵام لێکۆڵینەوە لە سەر کوردەوانی بابەتی سەرەکی کار و بارەکانی ئێستامە.

**گزینگ:** چۆن بوو کە ئاوا هۆگری زمانان بووی؟

ـ مەیل و عەلاقەی من بە زمانان ڕەنگە لە بەر ئەو ڕاستییە بێ کە ئەمن بە منداڵی لە بنەماڵەیەکی دوو زمانەدا گەورە بووم، دەڵێم ڕەنگە، دەنا بۆخۆشم نازانم بۆ؟

**گزینگ:** چەند زمانان دەزانی و بە سەریاندا زاڵی؟

ـ ئەمن تاکوو ئێستا بە قووڵی ٢٥ زمانم خوێندووە، هێندێک لەو زمانانە« زمانی مردوون» و هەڵبەت ئەمیش ناتوانم پێیان بدوێم و بە زمانی مردووان قسە بکەم. پێم وابێ ئێستا بێ گرێ و گۆڵ و بە ڕەوانی هەوت هەشت زمانان دەزانم.

**گزینگ:** دەکرێ بە کورتی باسی ئەو کارانە بکەی کە تا ئێستا بڵاوت کردوونەتەوە؟

ـ سیایی ئەو شتانەی کە تا ئێستا بڵاوم کردوونەتەوە ئەگەر هەموویان باس بکەم زۆر دەخایێنێ. بەر لەوەی بێمە ئێرە و لە S.O.A.S کار بکەم زۆربەی ئەو شتانەی دەمنووسی و بڵاوم دەکردنەوە سەبارەت بە بابەتی کۆنی ئێرانی، بە تایبەتی ئایین، و زمانی فارسی بوو. لە ساڵی ١٩٨٨وە ئەمن بەردەوام بووم لە سەر نووسین و بڵاوکردنەوە سەبارەت بە زەردەشتایەتی، بەڵام وەکی دی زەینم کۆکردۆتەوە سەر بابەتەکانی کوردەوانی. لە گەڵ ستێفان سپێرل(Stefan Sperl) لە ساڵی ١٩٩٢ سەرپەرستی چاپی کتێبێکمان کرد بە نێوی: «The kurds:a contem-porday oueruiew» (کوردەکان: تێروانینێکی هاوچەرخ) کە لە لایەن بنکەی(routledge)ڕا بڵاوکراوەتەوە. ئێستا بە دوو قۆڵی لەگەڵ «کریستین ئالیسۆن» (Christine Alison)خەریکی پێداهاتنەوە و سەرپەرستی کتێبێکی تازەین بە نێوی: «Kurdish culture and identi-ty» (فەرهەنگ و هەویێتی کورد)کە لە ساڵی ١٩٩٥ لە لایەن بنکەی(zed books)ڕا بڵاودەکرێتەوە.

هەر بەم زووانە کتێبێکم لە سەر یەزیدی یان تەواو کردووە بە نێوی: «Yezidism: its backgrund, observances and tetual tra-dition.» (یەزیدایەتی: بنەچە، داب و شوێنەکان و سوننەتەکانی) کە بنکەی(The Edwin mellen press, Lewiston, New york 1994)بڵاوی دەکاتەوە. هەڵبەت زنجیرەیەکی درێژیشم نووسراوە و وتارهەیە کە لە سەریان ناڕۆم.

(تێبینی: وەرگێراوەی کوردی نووسراوەیەکی بە نرخی مامۆستا فیلیپ بە نێوی: «زمانی کوردی: ڕەمز و واقیع» بڕیار وایە بەم زوونە لە بوڵتەنی کۆڕی زانستکارانی کورد ـ گوتینبێرگ، بڵاوبێتەوە.)

**گزینگ:** کەنگێ و چ شتێک بووە هۆی ئەوەی کە سەبارەت بە زمان و فەرهەنگی کوردی عەلاقەت تێدا پەیدا بێ؟

ـ ڕەنگە پێت سەیر بێ بڵێم، کە لە بەرایی ساڵانی ١٩٨٠دا زانکۆی ئوترێخت مەجبووری کردم کە فێری کوردی بم، چونکوو ئەمن لەوێ بەرپرسی فێرکردن و گوتنەوەی زمانە ئێرانییەکان بووم و زانکۆی ئوتریختیش لە بەر بوونی ژمارەیەکی زۆری کورد لە هولەند هەستی بەوە کرد لە بابەتە دەرسییەکاندا دەبێ کوردیش بگونجێنێ. بەڵام بەڕاستی دواتر کاتێک کە ئەمن لایەنی فەرهەنگی بابەتەکەم بۆ دەرکەوت مەیلم سەبارەت بە لێکۆڵینەوەی کوردەوانی گوڵی کرد. **بەڕاستی دەکرێ کوردستان وەک خەزێنەیەکی دۆزراوی فەرهەنگی باسی بکرێ،** لە بەر تاک کەوتوویی هێندێک لە جڤاتەکانی(communities)، هێشتا دەکرێ هێندێک توخم و عونسوری ئەوتۆی تێدا ببیندرێتەوە کە بە هەزاران ساڵ کۆنە، و لە هیچ جێگەیەکی دیکە تۆزیشی نەماوە. کەوابوو، ئەگەرچی زۆر لە کوردان

**□ ئەوە زۆر گرینگە کە کوردەکان خۆیان لەو ڕاستییە بگەن کە فەرهەنگەکەیان زۆر زیادترە لە چەند دەقێکی نووسراوی کلاسیکی کە هەیانە.**

**□ بۆ ئەوەی کە ئێمە زانیارییەکی باشترمان لە سەر ئایینە کەونارەکانی ئێران، وەکوو زەردەشتایەتی، دەستکەوێ؛ پێویستە کە لە فەرهەنگی سەرزارەکی سەردەربکەین و لێی فێربین، و کوردستان جێگایەکی زۆر باشە بۆ فێر بوون.**

خوێندەوارن، فەرهەنگی کوردی هێشتاش تا ڕادەیەکی زۆر سەرزارەکی یە، و جا بۆیە کوردستان یەک لە هەرە باشترینی ئەو جێگایانەیە بۆ لێکۆڵینەوەی لایەنی نەنووسراوی فەرهەنگ و ئایین. ڕەنگە سەیر بێتە بەر چاو بەڵام، هەر لەبەر ئەوەی نەوەو نەتیجەی ئێمە پێیان ناکرێ بەهۆی کامپیوتێر و دەزگای ئەلەکترۆنیکییەوە نەبێ لە واقیعی فەرهەنگێک تێبگەن و بۆی بچن، بۆ زانا ڕۆژئاواییەکانیش زەحمەتە کە لە واقیعیەتەکانی فەرهەنگە نەنووسراوەکان بگەن.

تا ئەو جێگەیەی کە دەگەڕێتەوە سەر یەزیدایەتی، تێنەگەیشتن لەو لایەنە کێشایە شێواندن و ناڵۆزاندنێکی تەواو سەبارەت بەو ئایینە لە بڵاوکراوە و نووسراوەکانی ڕۆژئاواییدا. کەوابوو، بۆ ئەوەی کە ئێمە زانیارییەکی باشترمان لە سەر ئایینە کەونارەکانی ئێران، وەکوو زەردەشتایەتی، دەستکەوێ؛ پێویستە کە لە فەرهەنگی سەرزارەکی سەردەربکەین و لێی فێربین، و کوردستان جێگایەکی زۆر باشە بۆ فێر بوون.

**گزینگ:** ئێوە لێکۆڵینەوەیەکی زۆرتان سەبارەت بە یەزیدایەتی کردووە، دەکرێ لەو بارەوە زیادتر بدوێن؟

ـ لە سەرەوە ئەمن هێندێکم باس کرد. شتی هەرە هەستگر و فرووسماو سەبارەت بە یەزیدییەکان(و هەروەها ئەهلی حەق و کاکەیی یەکان) ئەوەیە، بەر لەوەی ئەمن لە سەر ئەو کۆمەڵانە بزانم، وام لێک دەدایەوە کە هێندێک لە عونسورەکانی نێو فێرکردەکانی زەردەشتایەتی دەبێ نوێنەری ڕەدفێعلێک بن لە دژی ئایینێکی پێشووتر، کە بیروڕاکانی، تاڕادەیەک دەکرێ سەرەدەریان لێ دەربکرێ. لەبەر ئەوەی کە دەبێ ئایینەکۆنە کە لە سەدەی شەشەمی بەر لە زاییندا، لە ناوچەکانی ←

**□ ئەگەرچی زۆر لە کوردان خوێندەوارن، فەرهەنگی کوردی هێشتاش تا ڕادەیەکی زۆر سەرزارەکی یە...**

**□ ئەمن جارێک لەکاربەدەستێکی حکوومەتی بریتانیام بیست کە گوتی:کوردەکان «چ فەرهەنگێکیان نییە»، و دەبێ زۆریشیان پێخۆش بێ کە لە «شارستانییەتی تورکان و عەڕەبان »دا بتوێنەوە.**

**□ ...دەرکەوت کە ئەو پێی وایە تەنیا شێوەی گونجاوی«فەرهەنگ»شێوەی نووسراوە یە.**

ڕۆژئاوای ئێراندا جێگەی بۆ زەردەشتایەتی چۆل کردبێ، بە زەحمەت دەکرا تەسەوری ئەوە کرابا کە نیشانەی ئەو ئایینە هەر مابێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەفسانەی خەلقەت کە لە سوننەتەکانی یەزیدی و ئەهلی حەق دا دەبیندرێتەوە زۆر لە نزیکەوە لە گەڵ ئەو ئەفسانە فەرزییەی بەر لە زەردەشتایەتی کە ئەمن لە نووسراوەکانی دیکەم دا هێناومەتەگۆڕێ یەکدەگرێتەوە.

شتێکی دیکە ئەوەیە کە بەشێکی زۆر لە سروودەپیرۆزەکانی یەزیدی یەکان لەو دواییانەدا ئاشکرابوون. تاکوو ئێستا، زانا ڕۆژئاواییەکان بە هەڵەدا چووبوون و پێیان وابوو چەند دەقێکی ئایینی کە یەزیدی یەکان هەیانبوو گشتیان بە عەڕەبی بوون، و ئیتر لێ تێگەیشتنیان کاری کران نەبوو. دوایە لە ئاخرونۆخری سالانی ۱۹۷۰، برایانی جەلیل لە ئەرمەنستان، و پیر خدرسلێمان و دوکتور خەلیل جندی لە عێراق دەستیان کرد بە بلاوکردنەوەی **قەولەکانی** یەزیدی، کەوەک دەرکەوت بە کوردی بوون. ئەمن لەو دەمییەوە ماوەیەکم لە خوارووی کوردستان بەسەربردووە و لەگەڵ پیر خدرسلێمان لە سەر **قەولەکان** کارم کردووە. لە کتێبە تازەکەم دا، نۆزدە دەقی ئایینی یەزیدی بە وەرگێڕان و لێکدانەوە وە بلاوکراوەتەوە(زۆربەیان **قەول** ن، بەلام چەند دوعایەکیشیان لە گەلە). دۆزینەوەی پەیکەرەیەکی زمانی تەواوی دەقەپیرۆزەکان هەلبەت ڕووناکییەکی دلگری تازە دەخاتە سەر یەزیدایەتی، و دەکرێ ئێستا بە جیدی لێی بکۆلدرێتەوە.

**گزینگ:** ئێوە لە ئەنستیتووەکەتان(S.O.A.S)دا لە سەر وێژەی سەرزارەکی زمانە جۆربەجۆرەکان کاردەکەن، پرۆژەکەتان تا ئێستا گەیاندووەتە کوێ و هەلکەوتی کوردی لەو بارەیەوە چۆنە؟

ـ هەر وەک ئەمن پێشتر باسم کرد، هۆی سەرەکی تێنەگەیشتن لە یەزیدایەتی کە مرۆڤ بە ئاسانی لە ڕۆژئاوا تووشی دێ ئەوەیە کە زانایان کەم جار بیریان لە سەر لایەنی نەبوونی سوننەتێکی نووسراو لە فەرهەنگێکدا، کردۆتەوە. ئەوە نەک هەر لە سەر ئایین، بەلکوو لە سەر فەرهەنگ بە گشتی ئاوایە؛ نەک هەر سەبارەت بە کوردستان بەلکوو لە سەر زۆر لە فەرهەنگەکان لە ئاسیادا. ئەوە زۆر گرینگە کە کوردەکان خۆیان لەو ڕاستییە بگەن کە فەرهەنگەکەیان زۆر زیادترە لە چەند دەقێکی نووسراوی کلاسیکی کە هەیانە.

ئەمن جارێک لە کاربەدەستێکی حکوومەتی بریتانیام بیست کە گوتی:کوردەکان «چ فەرهەنگێکیان نییە»، و دەبێ زۆریشیان پێخۆش بێ کە لە «شارستانییەتی تورکان و عەڕەبان »دا بتوێنەوە. کاتێک ئەمن بە دمی دا هاتمەوە و لێم پرسی مەبەستی لەو قسەیە چییە، دەرکەوت کە ئەو پێی وایە تەنیا شێوەی گونجاوی«فەرهەنگ»شێوەی نووسراوە یە. ئەو قسەیە هەلی ئەوەی بۆ ڕەخساندم کە واقعییەتەکانی کوردستانی بۆ ڕوون کەمەوە، و باسی فەرهەنگی سەرزارەکی بۆ بکەم. ئەمن پێموایە ئەوم پێهاتە ڕەدایە و تەسەوریم گۆڕی. کوردەکانیش دەتوانن هەمان شت بکەن بەو شەرتەی شانازییەکی زیادتر بە شارستانییەتی خۆیان بەوجۆرەی کە لە ڕاستیدا هەیە، بکەن.

**گزینگ:** لە مانگی مارسی ۱۹۹۳(S.O.A.S)کۆنفرانسێکی یەکرۆژەی بە سەرپەرستی ئێوە لە سەر«هەوێتی فەرهەنگی کورد» ڕێکخست و لە مانگی نۆڤامبریش دا «INALKO» (ئەنستیتووی زمانان و شارستانییەتی ڕۆژهەلات) سەر بە زانکۆی سۆربۆن بە دوو قۆلی لە گەل ئەنستیتووی پاریس، لە سایەی زەحمەت و خۆماندووکردنی یای پرۆفیسۆر جۆیس بلۆ دا سێمپۆزیۆمێکی دوو ڕۆژەیان «سەبارەت بە زمانی کوردی لە سەردەرانەی سالی «۲۰۰۰»دا پێکهێنا. بە بیروڕای ئێوە کۆڕ و کۆمەلی زانستی لە هەندەران کە بە زمان و فەرهەنگی کوردی یەوە خەریکن چ یارمەتییەکیان لەو بارەیەوە لە دەست دێ؟

ـ بەر لە هەموو شت، نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە ئەو ئاگاداری و زانیارییانەی کە ئێستا لە سەر دیالێکتەکانی کوردی، سیستمە ئایینییەکان و وێژەی سەرزارەکی هەمانە جارێ هێشتا هەتا بلێی چل ونیوەچلن. زانایانی کورد دەتوانن یارمەتییەکی زۆر بە بابەتی کوردۆلۆژی بکەن. مەیدانێکی پان و بەرین بۆ هاوکاری لە نێو کوردەکاندا هەیە، کە زانیاری و ئاگادارییان هەیە بەلام هەمیشە نازانن کە بە باشترین شێوە ئەوەی لەبەر دەست زانست و، ڕۆژئاواییەکان بنێن، کارەکان بە پێچەوانەن.

**گزینگ:** وەک ئێوەش ئاگادارن زانایەکی کورد دوکتور ئەمیری حەسەنپوور، دوای خۆماندووکردن و لێکۆلینەوەیەکی زۆر سەلماندوویەتی کە کوردی زمانێکی جووت ـ ستانداردە. بە بیروڕای ئێوە لە باری

زانستییەوە ئەوە دروستە کە مرۆڤ هەوڵ بدا لە بەر مەسڵەحەت و هۆی نا- زمانی، ئەو دوو شێوە سەرەکییانە لە یەکتری نزیک بکاتەوە؟

- نا، بە داخەوە ئەمن بڕوام بەو هەوڵانە نییە کە لە دوو دیالێکتی ئەوەندە لەیەک جیاوازی کرمانجی و سۆرانی شێوەیەکی دەستکردی«یەکگرتوو»ی کوردی دروست بکرێ. تەنیا نموونەی داهێنانی سەرکەوتووانەی زمانێکی تا ڕادەیەک دەستکرد کەیسی زمانی عیبری یە. لەگەڵ ئەوەشدا، جیاوازی گەورەی نێوان وەزعی زمانی عیبری و زمانی کوردی لەوەدایە کە ئەوکاتی کە زمانی تازەی عیبری داهات چ ئاخێوەرێکی بوومی نەبوو کە بە عیبری قسەبکا. جابۆیە عیبری مۆدێرن چ لەمپەرێکی سەرەکی ئەوتۆی لە سەر ڕێ نەبوو بەوەیکە لە بەر دەم کوردییەکی «یەکگرتوو»دا شین دەبێتەوە، ئەویش ئەو ڕاستییەیە کە زمانێکی ئەوتۆ بۆ هەمان ئەو خەڵکەی کە لە بەرچاو گیراوە بە زمانێکی غەریب و هەڵە دێتە گوێیان. ئایا کەس دەتوانێ تەسەوری ئەوە بە مێشکی خۆیدا بهێنێ کە گوندنشینانی کورد لە تورکیا( کە بە گشتی ناتوانن تەنانەت بە شێوە کوردییەکەی خۆشیان بخوێننەوە، و بەهەرحاڵ ئێستا خەریکن کە سەروماڵی خۆیان بپارێزن و بە زیندوویی بمێننەوە)بە خۆشییەوە شێوەکانی ئاخاوتنی سۆرانی وەکوو یارمەتی و پشتگیری لە کێشەی کورد وەخۆبکەن؟

**گزینگ**: لە S.O.A.S چ جۆرە لێکۆڵینەوەیەکتان لە سەر ژیانی کورد(فەرهەنگ، مێژوو، زمان و...)بە دەستەوەیە؟

- لە سەرەوە باسی لێکۆڵینەوەکانی خۆمم کرد. یای کریستین ئالیسۆن لە ساڵی ١٩٩٢ شەش مانگ لە خوارووی کوردستان بوو بۆ لێکۆڵینەوە لە وێژەی سەرزارەکی کوردی. ئەو ئێستا خەریکی نووسینی لێکۆڵینەوەکەیەتی، و چالاکانە لەو زەمینەیەدا یارمەتی دەکا بە ڕێگەی نووسینی مەقالە و وتاردا.

یای ماریا ت. ئۆشی(Maria T. O'shea) خەریکی کاری تێزی دوکتوراکەیەتی سەبارەت بە مەسئەلەی سنوورەکان و کوردستان - لەو پرۆسە سیاسییانە دەکۆڵێتەوە کە بوونەتە هۆی ئەو سنوورانەی ئێستا، و هەبوون یا نەبوونی«سنووری تەبیعی» بۆ کوردستان.

یای ئۆشی و ئەمن بەهەر دوو هەوتوو جارێک، فۆرووومی لێکۆڵینەوەی کوردی ڕێکدەخەین بۆ ئەو کەسانەی کە عەلاقەیەن بە لایەنە جیاوازەکانی ژیانی کورد و کوردۆلۆژی هەیە. ئەو فۆرووم و کۆبوونەوانە تا ئێستا بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو سەرکەوتووانە بوون؛ وا دەردەکەوێ کە ئەو کارە نیازێکی ڕاستەقینە ڕادەپەڕێنێ و زۆر بەجێیە.

**گزینگ**: بە بیروڕای ئێوە لە هەلومەرجی ئێستادا«پلان دانانی زمانی»(language planning) لە لایەن دەستەڵاتدارانی کاروباری پەروەردەوفێرکاری لە خوارووی کوردستان تا چ ڕادەیەک لە جێی خۆی دایە؟

**☐ بە لەبەرچاوگرتنی باری ئێستای خوارووی کوردستان، ئەمن پێموایە دەبێ هەموو هەوڵ و تێکۆشانێک لە پێناو باش بژێتی، و لە ڕاستیدا زیندوومانەوەی، ئاخێوەرانی کوردی دا تەرخان بکرێ. ئەگەر کوردەکان ئاهێکیان بێتەوەبەر،زمانەکەیان بۆخۆی ئاگاداری لەخۆی دەکا ...**

**☐ هەڵبەت کوردەکان لە هەموو بابەتێکەوە حەقیانە تووڕە بن، بەڵام گەلێک جار زۆر کاربڕترە کە مرۆڤ پشووی سوار نەبێ و فاکت بهێنێتەگۆڕێ بائەوان قسەی خۆیان بکەن.**

- بە لەبەرچاوگرتنی باری ئێستای خوارووی کوردستان، ئەمن پێموایە کە دەبێ هەموو هەوڵ و تێکۆشانێک لە پێناو باش بژێتی، و لە ڕاستیدا زیندوومانەوەی، ئاخێوەرانی کوردی دا تەرخان بکرێ. ئەگەر کوردەکان ئاهێکیان بێتەوەبەر،زمانەکەیان بۆخۆی ئاگاداری لەخۆی دەکا تا ئەو کاتەی کە هەلومەرج باشتر دەبێ.

**گزینگ**: مامۆستا لە دوایین پرسیاردا پێم خۆشبوو بزانم ئێوە گۆڤارێکی چۆنی کوردیتان بە دڵە؟

ئەو گۆڤارە کوردییەی کە ئەمن دڵم دەیخوازێ، گۆڤارێکی ئەوتۆیە کە زانیاری هەرە زۆرم لە بەر دەست بنێ بەبێ ئەوەیکە زۆر بە ئاشکرایی سەر بە گرووپێکی سیاسی بێ، و بەبێ ئەوەیکە کوڵوکەفی تووڕەیی پێوە دیاربێ (هەڵبەت کوردەکان لە هەموو بابەتێکەوە حەقیانە تووڕە بن، بەڵام گەلێک جار زۆر کاربڕترە کە مرۆڤ پشووی سوار نەبێ و فاکت بهێنێتەگۆڕێ بائەوان قسەی خۆیان بکەن).

هیوادارم توانیبێتم وڵامی پرسیارەکانتم دابێتەوە. لە گەڵ سڵاوی گەرمم قسەکانم دادەکوژێنم.

**گزینگ**: ئێمەش دووراودوور سپاسی مامۆستا فیلیپ دەکەین و دڵمان لێی نزیکە. ■

گەشتێک

# بە کۆماری مەهابادداا

## بیرەوەرییەکانم

## لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا

(٤)

عەقید بەکر کەریم حەوێزی

### شەڕی جەژنی قوربان

بەبۆنەی جەژنی قوربانەوە زۆر لە سەربازەکانی ئێمە کە خەڵکی نێوچەی سوێسنایەتی بوون و لە بنکەکانی دەوروبەری سەردەشت بوون بێ‌ئەوەی ئاگاداری فەرماندەکانیان بکەن گەڕابوونەوە نێو ماڵ و منداڵیان، تەنێ ئەو (١٨٠) سەربازەی مەهاباد و ژمارەیەکی کەمی دیکەنەبێ، کەس نەمابۆوە. بێگومان دوژمن ئەمەی بەهەل زانی و هەر لەیەکەم شەوی جەژندا هێرشی بردە سەر قەڵای وارش ـ شینوێ و لەوێوە بەرەو گوندی مەلاشێخ. لە بەرە بەیانیشدا (٣) فڕۆکەی دوژمن ڕەبەتی بۆمباباران کرد کە دونیا تەواو ڕووناک بۆوە، دیان دوژمن تا گوندی مەلاشێخ هاتووە و خۆی لێ‌دامەزراندووە. هێزەکەی ئێمەش بێ سەروبەرانە کشاونەتەوە و ئێمەشیان ئاگادار نەکردبوو. دەستوبردانە (٦٠) چەکدارم لە پاسەوانەکانی بنکەی ڕەبەت خستە ژێر فەرماندەیی ساڵەح عەبدولعەزیز. ئەم هێزە لە ڕووباری کەڵوێ پەڕینەوە و هێرشیان بردە سەر دوژمن لەگوندی مەلاشێخ. ئەو ئافرەتانەی کەلە ژێر شاڵاوی دوژمن، بەرەو ڕووباری کەڵوێ هەڵاتبوون، مەردانە وبێ ترس بە گۆزەئاو و هەلهەلەلێدان، بە دوای سەربازەکانی ئێمە کەوتبوون و بەرەو ڕووی سەنگەرەکانی دوژمن ببوونەوە. بە نارنجۆکی دەستی جێ بە دوژمن لێژکرا و کوشتارێکی باشی لێ‌کراو بەرەو سەردەشت هەڵاتن. سەربازە دلێرەکانمان بە دوایاندا چوبوون تا لە سەردەشتیش بەدەریان نابوون، بەڵام مەخابن قارەمانێکی ئێمە، حەسەنخانی بەریاجی کە هێرشی بردبووە سەر تانکێک (ئەم تانکە تەنێ یەک گوللەی پێ مابوو) و شەهید بوو. تانکەکەش توانی لە هێرشی کورد ڕزگاری بێت. لە هەمان کاتدا کە سەربازەکانمان خەریکی گواستنەوەی لاشەی ئەو کوردە قارەمانە بوون، سەرلەنوێ دوژمن دەرفەتی بۆ ڕەخسا و خۆی گەیاندەوە نێو شاری سەردەشت. پەلێکی دیکەی دوژمن هەر لە هەمان شەودا قەڵای وارشیان گرتبوو، پاش هێرشی سەربازەکانمان بۆ سەریان چەکەکانیان فڕێ دابوو و هەڵاتبوون، بەڵام کە زانیبویان ڕێگەی نێوشاریان لێ‌گیراوە چووبوونەوە قەڵاو لەوێ مابوونەوە.

زیانی ئێمە لەم شەڕەدا یەک شەهید و (٥)برینداربوو و زیانی دوژمن (٢٢) کوژراو بوو کەیەک لەوان فەرماندەکەیان بوو: «کەپیتان خەلعەت بەری». دەسکەوتمان: (٢)ڕەشاشی گەورە، (١٨) بڕنەو، چەند سندوقێک نارنجۆکی دەست، لەگەڵ تەقەمەنی‌یەکی زۆر.

تا ئەم کاتانەش وتووێژی کۆمار و حکومەتی تاران هەر بەردەوام بوو، بەڵام جارجارە دوژمن هێزی خۆی تاقی دەکردەوە و تاوانی هێرشەکانیشی دەخستە مل ئێمە، کە گوایا ئێمە دەست پێشخەرو تاوانبارین.

دوای ئەو شەڕە بە ماوەیەک فەرمانێکم لە لایەن پێشەوای مەزنەوە بۆهات، کە لەمەو دوا جەبهەی سەردەشت و بانە نێوینرێ (نیگەهبانی سەردەشت و بانە)، واتە پاسەوانی سنوور. وادیاربوو کە لەگەڵ حکومەتی تاران لەسەر گۆڕینی ئەو نێوە و هەندێ شتی دیکە ڕێککەوتبوون، وەک: ڕێگەدان بە ئازووقە و خواردەمەنی بە لەشکری ئێران لە بانەوە بۆ سەردەشت بە مەرجێک نوێنەری کۆماری مەهاباد لەگەڵ هاتووچۆی ئەو کاروانانەدا بێت، بەڵام چەک و پێداویستی جەنگی قەدەغەیە و ڕێگەی دەرچوونی نەدرێت.

### کۆبوونەوەم لەگەڵ سەرلەشکر ئایرومدا

مانگێک بەسەر شەڕی جەژنی قورباندا تێپەڕی کردبوو، لەلایەن پێشەوای بەڕێزەوە ئەم فەرمانەم بەدەست گەیشت: «سەرلەشکر ئایروم داوای لە تاران کردووە کە کۆبوونەوەیەک لەگەڵتاندا ڕێکبخرێ بۆ جێ‌بەجێکردنی ئەو گیروگرفتانەی نێوانتان بە ڕێیەکی ئاشتیخوازانە. تارانیش لەو بارەوە پێوەندی بە ئێمە کردووە. ئێمەش بڕیارماندا ئەو کۆبوونەوەیەی نێوانتان سازبکرێ و لە شوێن و کاتەکەی هەردوولاتان لەسەری پێکدێن».

دووابەدوای ئەوە نامەیەکم لە سەرلەشکر ئایرومەوە پێ گەیشت، کە تێیدا ئامادەیی خۆی پێشاندابوو، کە فڕۆکەیەکم بەدووادا بنێرێ تا بمگەێنێتە سەردەشت. لە وەڵامدا بۆم نووسیبوو کە: «کۆبوونەوەکەمان پێویست ناکات لە سەردەشت بێت، بەڵکو لە کولتی بێت کە فەوجێکی ئێوەشی لێ‌یە و زۆر لە ڕەبەتیشەوە دوور نی‌یە. ناردنی فڕۆکەش بە پێویست نازانم». ڕۆژێکیشم بۆ کۆبوونەوەکەمان لەنامەکەدا دیاری کرد و بەوجۆرە هەر دوو لا ڕێککەوتین.

لەڕۆژی دیاریکراودا (١٥٠) سەربازم ناردە کولتی. کە لەوێ بچنە سەنگەر و قوللەکانی بنکەی کولتی و لەگەڵ سەربازە ئێرانییەکاندا بن، ژمارەیەک سەربازیشم لە دەرەوەی کولتی، لەچەند بەرزایی‌یەک دامەزراند.

پاشان بەخۆم و ( ٢٠ ) چەكداری سوارەوە بەرەو كولتی كەوتینە ڕێ، لەوێ سەرلەشكر ئایروم و سەرگورد كشاوەرزی چاوەڕوانیان دەكردین.

لە خێوەتێكدا من و سەرلەشكر ئایروم و سەرگورد كشاوەرزی كۆبوونەوەكەمان دەست پێكرد و حەسەنئاغای ڕەئیس، كە سەر بە حكومەتی ئێران بوو، تەرجومانمان بوو.

سەرەتای دانیشتنەكەمان بە میوانداریێتی و هەندێك وتووێژكردن بردەسەر، پاشان سەرلەشكر ئایروم دەستی بەقسەكرد و ووتی: «ئێمە وەك دوو دۆست ئێستە لەگەڵ یەك دانیشتووین، چونكە حكومەتی شاهەنشا دانی بە خودموختاری‌یەكی كۆنفدرالی بۆ كورد داناوە، من وەك سەرلەشكرێكی حكومەتی شاهەنشا و ئێوەش وەك فەرماندەی پاسەوانی سنووری كوردستانی خودموختارین لە چوارچێوەی خاكی ئێراندا، لەبەر ئەوە پێویست بەوە ناكات كە هیچ جۆرە ڕوودان و ئاژاوەیەك لە نێوانماندا ڕووبدات. پێویست وایە هەردوو لامان بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوچەكە یارمەتی یەكدی بدەین. ئێستەش ئێمە چەند داوایەكمان هەیە، كە ئومێد دەكەین جێ بەجێ ببن. ئەمەش داواكانمانن:

١ ـ ئەو پۆستەی كە ئێوە لەنێوان كولتی ـ سەردەشت دا، داتان ناوە گەلێك نارەحەتی و گیروگرفتی بۆ سەربازەكانمان خولقاندووە. جا بۆ ئەوەی ئەم پۆستەتان چی‌دیكە تەشقەڵە بە سەربازەكانمان نەكەن و نەبنە كۆسپ لەڕێی هاتوو چۆیاندا پێویستە لابرێت.

٢ ـ ڕێگە بدرێتە نوێنەرەكانمان، كە هاتووچۆی ئەو دێهاتانەی ژێر دەسەڵاتتان بكەن، بە مەبەستی كڕینی دانەوێڵە و كاوجۆ و هەندێك شتی پێویستی دیكە، بەرامبەر بەوە دوو ملیۆن تمەن وەك دیاری دەدەینە هێزەكانتان كە ئێوەش پێویستی‌یەكانتانی پێ جێ‌بەجێ بكەن.

سەرلەشكر ئایروم لە قسەكان بووەوە و لە وڵامدا پێم گوت:

١ ـ گەر ڕێككەوتن هەیە لە نێوان كورد و تاران دا و مافی حكومەتی فیدرالی لە چوارچێوەی ئێران دا، بە كورد دراوە، دەیسا هێرشی هێزەكانتان لە ڕۆژێكی پیرۆزی وەك جێژنی قوربان بۆ سەر بنكەكانمان لە ناوچەی سوێسنایەتی بە چ دەژمێردرێ ؟ ئایا ئەو ڕۆژە لای گشت موسوڵمانان پیرۆز نی‌یە ؟

٢ ـ ئایا ئاژاوە نانەوە و پرۆپاگانتەی سەرهەنگ پزیشكیانی ئێوە لە سەردەشت و بانە و نێوچەكانی دیكەی ژێر دەسەڵاتتان بە چ دەقەبڵێنن كە كۆماری مەهاباد و سەركردەكانی و هێزی كوردستان دەكاتە خوانەناس؟

ئایا ئێمە ئاژاوەمان ناوەتەوە یاخود ئەو عەشیرەتانەی بانە كە سەر بە ئێوەن و دێهاتەكانیان سووتاندووە و دانیشتوانیان بەدەرناوە و ئێستە لە ڕەبەتن و ماڵیشیان بە تاڵان بردوون. ئایا ئەوانە خەڵكی ئێران نین؟ ئەگەر وایە بۆچ ئەو جۆرە مامەڵەیان لەگەڵدا دەكەن؟ لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە خۆشحاڵین كەدۆستایەتی لە نێوانماندا دروست بێت و گیروگرفتەكانمان بە ڕێیەكی ئاشتیخوازانە چارەسەربكەین.

٣ ـ داوای یەكەمتان بۆ لابردنی پۆستی نێوان كولتی ـ سەردەشت بەجێ دێنم و پۆستەكە دوور دەخەمەوە، تابزانن و لەوە دڵنیا بن كە ئێمە شەڕمان ناوێت. ڕاستی‌یەكەی ئەو پۆستە سەعید زادە دایناوو، جێگەكەی گەلێك ناهەمواربوو، لە دۆڵێكدا بوو گەر دوژمن ئارەزووی لێدانی هەبایە بە ئاسانی لە نێوی دەبرد. هەر بەر لەوەی كە ئایروم داوای لابردنی بكات ، من خۆم بیرم لە گواستنەوەی كردبووەوە.

٤ ـ داوای دووەمتان سەبارەت بەكڕینی دانەوێڵە و شتی پێویست، ئەوە پێویست بەوە ناكات كە نوێنەرەكانتان خۆیان ماندووكەن و دێ بە دێ بگەڕێن، لەبەر ئەوەی من ئەو كارەتان بۆ ئاسانتر دەكەم. من ڕێگە بەهەموو ئەو كەسانە دەدەم كە دانەوێڵە و كاو شتەكانی دیكەیان بێ‌كۆسپخستنە ڕێ ببەنە شاری سەردەشت و بیانفرۆشن.

٥ ـ سەبارەت بە دیارییەكەتان (٢ ملیۆن تمەن)، وەرم گرت و وامنیش دەیكەمەوە دیاری بۆ سەربازەكانی خۆتان، پێم وایە كە سەربازەكانی ئێوە پتر پێویستی‌یان پێی هەبێت چونكە دەوڵەتی شاهەنشایی ئێران، بۆ هەر سەربازەی، مانگی یەك تمەن دادەنێ، بەڵام هەریەك لە سەربازەكانی ئێمە مانگانە ( ١٢٠ ) تمەن وەردەگرێ، جگە لە ئازووقەی خۆی و ماڵ و منداڵی.

ئەوجا داوام لێكرد كە ئەوانیش ئەم داوایانەی ئێمە جێ‌بەجێ بكەن:

١ ـ لابردنی سەرهەنگ پزیشكیان لە سەردەشت لەبەر ئەوەی مرۆڤێكی پرۆپاگانتەچی، ئاژاوەچی و تێكدەرە.

٢ ـ حەمەقادر نێوێك كە ئێستە لای سەرهەنگ پزیشكیانە لە سەردەشت، ئەسپێك و تفەنگێك و دەمانچەیەكی لە شارەوانی مەهاباد ڕفاندووە و دەبێت بەخۆی و شتەكانەوە بیدەنەوە دەست ئێمە.

٣ ـ ڕێگەدان بە هەر سەربازێكی ئێمە كە بە چەكەوە بۆ شت كڕین یاخود بۆ سەردانی كەسوكاری دێتە سەردەشت.

٤ ـ هەر كەسێكی ئەهلیی كە پسوولەی ئێمەی پێ‌بێت ڕێی لێ نەگیرێت بۆ هاتنە نێو شاری سەردەشت.

پاش سێ كاتژمێر وتووێژێ نێوان یەكدی، لەسەر ئەو خاڵانەی سەرەوە ڕێككەوتین ... پاش ئەوە چوومە مەلاشێخ بۆ سەردانی بنكەكەمان.

پاش دوو ڕۆژێك ئەو دەمانچە و تفەنگ و ئەسپەی كە حەمەد قادر، ڕفاندبووی بۆمان هاتەوە و نامەیەكی سەرلەشكر ئایرومیشی لەگەڵدا بوو كە لەویدا نوسیبووی: « وا ئەو شتوومەكانەمان بۆ ناردنەوە، بەڵام حەمەقادر بەرەو عێراق هەڵاتووە. هەروەها لەسەر داوای ئێوە سەرهەنگ پزیشكیانمان لە سەردەشت گواستەوە ».

شایانی باسە دووایی وەك بیستمەوە، حەمە قادر و سەرهەنگ پزیشكیان ڕۆیشتبوون بۆ سولێمانی. سەرهەنگ بەكارێكی تایبەتی دەوڵەت نێردرابوو، لەوێش ڕاپۆرتێكی دوورو درێژی دژ بە من دابووە حكومەتی عێراق.

### شەڕی مەكلاوە

مەكلاوە گوندێكە، كەوتووەتە سەر ڕێگای نێوان سەردەشت و بانە. لەوێ پۆستێكی ئێمە بەسەركردایەتی كاك حەمەد مەولوود، بۆ چاودێری ئەو ڕێگەیە داندرابوو. مانگێك تێپەڕی كردبوو بەسەر كۆبوونەوەكەماندا، دە گەڵ سەرلەشكر ئایروم، چوار بارزانی بۆ كڕینی هەندێك شتومەكی پێویست بۆ مەكلاوە دەچوون، دەبینین كە ستونێكی (رتل) سەربازی ئێرانی، (٤) تانك و زرێ پۆشیان لەگەڵە و ماشینەكانیشیان بە سەرباز و چەك تەنراوە و نیازیان هەیە لە مەكلاوە بەرەو سەردەشت تێپەڕن. سەرلەشكر ئایرومیشیان لەگەڵدا دەبێت. بارزانی‌یەكان دەستوبردانە دادەمەزرێن و ئیشارەت دەدەنە ماشینەكەی سەرلەشكر كە ڕابوەستێ. لەو كاتەدا كە ماشینەكەی سەرلەشكر دەیەوێ دوور بكەوێتەوە دوو نارنجۆكی تێ‌دەسرەوێنن، بەڵام بەداخەوە هیچیان ناتەقنەوە ، لەم هێنان و بردنەدا شەڕ بە گەرمی دەست پێدەكات. جەماعەتی حەمەد مەولودیش كە لەنێو گوند دەبن دەكەونە نێو شەڕەكەوە، مەكلاوەش زۆر لەڕەبەتەوە دوور نی‌یە و لەگەڵ بەدەنگ هاتنی تەقەكان، دەستوبردانە چەند بارزانی‌یەكم ئامادەكرد، لە هەمان كاتیشدا ( ١٠٠ ) سواری گەورك كە لەگەڵ كاكەڵلاغا لە ڕەبەت بوون پێكەوە بەرەو مەكلاوە ڕۆیشتین. ویستمان لە دوو لاوە ئابلۆقەی شەڕەكە بدەین. پێش ئەوەی بگەینە ناو شەڕەكە، دوژمن چاوی بە هێزەكەمان كەوت كە بە هاواری كاك حەمەد مەولود و هێزەكەی دەچن، هێندەیان پێ‌كرا كە بەرەو سەردەشت هەڵبێن. كە

←

گەیشتینە مەکلاوە دیتمان ، چواردە کەس لە دانیشتوانی گوند بەدەستی دووژمن شەهید و بریندارکراون، سەربازێکی کاک حەمەد مەولودیش شەهید کرابوو. زۆر بەپەلە برینداره‌کانم ڕەوانەی مەهاباد کرد، کە لەوێشەوە بنیردرێن بۆ نەخۆشخانەی تەورێز. چوار منداڵی بێ باوک لە یەک ماڵدا خراپ بریندار کرابوون.

سەبارەت بەورووداوە ڕاپۆرتێکمان بۆ مەهاباد نووسی و ئەوانیش تارانیان ئاگادارکرد لە چۆنیەتی شکاندنی پەیمان و ڕێکەوتننامەکەی هەردوولا ، لەلایەن سەرلەشکر ئایرومەوە و داوایان لە تاران کرد کە زۆر بەتوندی ئایروم سزابدرێت.

پاشان فەرمانێکم لەلایەن پێشەوای بەڕێز بۆ هات( ئەو هێزەی من پێوەندی تەنێ بە شەخسی پێشەواوە هەبوو ، لەبەر ئەوە فەرمانم لە هیچ کەسێکی دیکەوە وەرنەدەگرت) کە جارێ ئێمە هیچ هێرشێک نەکەینە سەریان، بەڵکو لیژنەیەک لە نوێنەرانی تاران ـ مەهاباد بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم کارەساتە پێک دێت تا تاوانباری هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتننامەکە ،سزا بدرێت.

**سەرەتای ساڵی ١٩٤٧**

ئەو لیژنەی لێکۆڵینەوەی کە پێویست بوو پێکبێت تا ئەوڕۆکەش نە ڕەنگی هەبوو نەبۆنی. کاتێکی زۆر تێپەڕی کرد و چەند ئالایەکی کوردستانم بۆ هات کە گوایا حکومەتی ئێران بەڵێنی داوە تا ئەورۆزی ئەو ساڵە (١٩٤٧) لەشکرەکەی لە سەردەشت و بانە ڕاگوێزکات و بەبێ شەڕکردن هێزی کۆماری مەهاباد جێگا بگرێتەوە و ئەو ئالایانەش لەسەر دەزگەکان (دائیرەکان) هەڵبکرێن.

بەڵام لەڕاستیدا کە لە بارودۆخەکە ورد دەبوومەوە و سەرنجی جموجۆڵی هێزەکانی ئێرانیم دەدا ، مەسەلەکەم بە چەشنێک دەهاتە پێش چاو کە مەترسی لێبکرێت. پێدەچوو کە ئێرانییەکان جگە لە فرت و فێڵ و خۆ ئامادەکردن بۆ کارێکی گرنگ هیچی دیکەیان لێچاوەڕوان نەکرێت. ئەو بارو دۆخە وای لێکردم کە نامەیەک بۆ پێشەوای مەزن لەم بارەوە بنووسم، لەوێدا ئەوەم خستبووە بەردەست پێشەوا کە: « هەڵوێست و جموجۆڵی حکومەتی ئێران هیچ پێناچێت کە بە ئاشتی لە شارەکان دەربچن، بەڵکو بە پێچەوانەوە، من وا تێدەگەم کە کارێکی گرنگیان بەدەستەوە بێت. خۆ ئەگەنا پڕۆپاگانتەی دژ بە ئێمەیان و نامە نووسین و بەڵێنی ئاڵ و واڵا بە عەشیرەتەکان جێی گومان کردنە و دیارە کە دووژمن پتر خەریکی خۆ قایم کردنە ».

دوای شەڕی مەکلاوەش بەیەکجاری ڕێگەی نێوان سەردەشت و بانەم گرت و هاتووچۆکردنی سەربازەکانی ئێرانیم بەوێدا قەدەغەکرد. لەهەمان کاتیشدا وەڵامم نارد بۆ سەرلەشکر ئایروم کە تا لیژنەی لێکۆڵینەوە نەیەت، ئەوا لە هەر سەربازێکتان دەدەین کە بەوێدا تێپەڕێت و پێشەواشم لەوبارەوە ئاگادارکرد. هەروەها هێزەکانم لەو جێگە ستراتیژیانە دامەزراند کە دەمانتوانی بەربەرەکانی دوژمن بکەین و دەستی لێبوەشێنین، داواشم لە مەهاباد کرد کە هێزێکی دیکەشم بۆ بنێرن، خۆ ئەگەر لە توانادابێت پەلێک تۆپخانەش، کە ئەو دەمە دەتوانم بە ئاسانی سەردەشت بگرم.

دووهەفتە بەسەر نامەکەدا تێپەڕی کردبوو ، سەرهەنگ عەزیمی، کە ئەفسەری پێوەندی (ارتباط) یەکەم بوو و خۆی و هێزی فەرماندەی لە میاندواو دادەنیشتن، هاتە ڕەبەت و پێشوازیمان لێکرد. دوای کەمێک پشودان گەشتێکمان بە بنکەی هێزەکانماندا لەبەری سوێسنایەتی و گەورکان کرد. گەلێک خۆشحاڵی و ڕەزامەندی سەبارەت بە ڕێکوپێکی و وورەبەرزی سەربازەکانمان پیشاندا.

سەرهەنگ عەزیمی کە لە کۆماری تەورێزدا گەلێک لەپێش و بەدەسەلات بوو ، مرۆیەکی دەستە پیاو و ڕووخسارجوان و لێهاتوو بوو. وەک بۆم دەرکەوت ئەفسەرێکی بەتوانا و زانیارییەکی تەواویشی لە سەربازیدا هەبوو. پێی ووتم داخوازییەکانتان چییە؟ پێم ووت:

وابەرەو زستان دەچین و ڕەنگ هەیە کە لەبەر بەفرو باران هاتووچۆی نێوان ئێمە و مەهاباد زۆر زەحمەت ببێت و گەلێک جار بەتەواوی نامێنێ، لەبەر ئەوە پێویستیمان بە (٦) شەش مانگ ئیحتیاتی ئازووقە و خۆراک و فیشەک هەیە بۆ هێزەکەمان. چونکە دەبێت زۆر وریا بین، نەبادا دوژمن دەرفەت لەم زستانە وەربگرێ و هێرشمان بێنێتە سەر، بە دووریشی نازانم کە دوژمن دەست بوەشێنێ و لەبەر ئەوە پێویستە کە ئێمە دەستپێشخەربین و بۆ ئەو مەبەستەش پیویستیم بەپەلێک (فصیل) تۆپ هەیە، واتە (٣) تۆپ، خۆ گەر ئەو تۆپانە لەدەستدا بن، ئەوا بە ئاسانی سەردەشت دەگرم، چونکە ئەو قوللانەی دەوری سەردەشت بە تۆپ نەبێت وێران ناکرێن، خۆ ئەگەنا بێ ئەوانە هێرش بردنمان بۆ سەر شار زیانێکی زۆرمان لێدەدات. خودا پشتیوانمانبێت ئەو بطریە (١٢) تۆپەی سەردەشت بە هیچ دەزانم... ئەوەشم ئاگاداری سەرهەنگ عەزیمی کرد کە ژمارەیەک لە سەربازی جەربەزەو چالاکم خستووەتە نێو شاری سەردەشت کە لەکاتی هێرش بردنمان بۆ سەر شار دەتوانن دوژمن بشڵەژێنن و سەری لێبشێوێنن، کە ئەمەش کاری ئێمە گەلێک ئاسان دەکات، بەڵام تەنێ کۆسپ لە پێشماندا هەر قوللەکانن کە چارەی ئەمانەش بەتۆپ دەکرێن. سەرهەنگم لەوەش ئاگادارکرد کە هێزێکیشم بۆ (قوەی اعزامی) ئیحتیات پێدەوێ.

سەرهەنگ عەزیمی لە وەڵامی قسەکانمدا ووتی:«سەبارەت بە خواردەمەنی و ئازووقە و تەقەمەنی سووک، چ کاتێک چوویتەوە مەهاباد سەردانێکی میاندواویش بکە و ئەو شتانە وردە وردە جێ بەجێ دەکەم، بەڵام تۆپەکان لە کۆماری تەورێز داوادەکەم. ئەم شتانەت لەماوەی ٢ ـ ٣ مانگدا بۆ ئامادە دەکەم، هەرچەندە تارماییەکی ڕەش لەئاسمانێ وولاتدا بەدی دەکرێ و هەندێ لە بێگانە، زرووفێکی سیاسی نالەباریان بۆ دروست کردوین، بەڵام ئومێدەوارم کە لەم تاریکییە دەربچین و بەرەو ڕووناکی بڕۆین. پێم خۆشە لە میاندواو چاوم پێت بکەوێت و هەندێ لە داخوازی یەکانت بەپەلە بۆ جێ بەجێ بکەم.

پاش ئەوە بە مانگێک چوومە مەهاباد و ئەو وتووێژەی لە نێوان من و سەرهەنگ عەزیمی دا کرابوو پێشکەش بە پێشەوام کرد. پاشان لەگەڵ بەڕێزیدا چووینە بارەگای حیزب، لەوێ تاقمێک لە جوقی مۆسیقای سەربازیمان لە تەورێزەوە بۆ هاتبوو، هەروا تەماشامان دەکرد. بۆریەک کە لە هەموو ئەوانیتر گەورەتربوو ، ڕووم کردە پێشەوا ووتم: خۆزیا لەبری ئەمانە دوو تۆپیان بۆ دەناردین.فەرمووی دەمێکە هەوڵ دەدەم، بەڵام ڕووسەکان ناهێڵن کە بماندرێتێ. ووتم: هەرچۆنێک بێ قەناعەتی ئەوەیان پێ بکە کە بەکارهێنانی ئەو تۆپانە تەنێ بە فەرمانی جەنابت دەبێت، بۆ ئەوەی چیدی کە گومان و مەترسییان نەمێنێت و گەر هاتو تۆپەکانیان داینێ ئەوا تۆپەکان بدەنە من و فەرمانێکی زۆر توندیشیان لەگەڵ بنێرن کە بەکارهێنانی ئەو تۆپانە قەدەغەیە تەنێ بۆ پاراستنی بنکەکە نەبێت، ئەو دەمە کە منیش هەلم بۆ هەڵکەوت تۆڵەی کوشتاری دوژمن دەکەمەوە کە لە خەڵکی بێتاوانی مەکلاوە کردی و پەیمانی شەڕراوەستانەکەیان شکاند. بە پشتیوانی خودا لە ماوەی شەو ورۆژێکدا بانە و شەردەشت بەو تۆپانە دەگرم. ئەوسا لەسەر شکاندنی فەرمانەکەتان من بدەنە دادگا و باتیرباران بکرێم خۆ ئەگەر ئەو دوو نێوچەیە لە دوژمن بستێنمەوە ئیدی جارێکی تر نایدرێتەوە.

پاش ئەوەی لە قسەکانم بوومەوە، پێشەوا کەمێک ڕاوەستا و تەماشایەکی کردم، چاوەکانی فرمێسکی تێدا قەتیس مابوو، پەلی گرتم و چووینە دەرەوە و فەرمووی: «سەرهەنگ عەزیزی گەلێکت لێ ڕازی‌یە و لە وەزعی هێزەکەشت خۆشحاڵە و داوای کردووە کە بچیتە میاندواو، کاری پێت هەیە. بابزانین خوا چی‌دەکات، بەڵام هەندێک تەم ومژ ئاسمانی وڵاتەکەمانی داپۆشیوە و گەر ئەمە نەمێنێ ئەوا هەموو جۆرە چەکێکمان دەبێت. جارێ وتوێژ لە نێوان «قەوامولسەڵتەنە» و ڕووسەکان هەیە کە ئیمتیازی پشکنینی نەوت لە ئێران و دەریای خەزەر بدەنە ڕووسەکان، بەڵام هیوادارم کە ڕووسەکان بە بەڵێنی قەوام هەڵنەخەڵەتێن».

هەروەها ماشێنێکی تازەشیان بۆ هاتبوو، ئەویشی پێدام و داوای لێکردم کە بچمە لای سەرهەنگ عەزیزی.

چووم بۆ میاندواو و لەوێ لەگەڵ سەرهەنگ عەزیزی و سەرکردایەتی هێزەکەی کۆبوومەوە. سەبارەت بە زرووفی وڵات و هێزەکانمان و پێویستی جەبهەکان دواین. وا دەردەکەوت کە سەرهەنگ عەزیزی مەترسی لەو وتووێژەی نێوان قەوامولسەڵتەنە و ڕووسەکان هەیە و پێی ووتم: کە قەوامولسەڵتەنە باش دەناسێ و دەزانێت چ کەڵەک باز و کۆنە لە سیاسەتدا. دوورنی‌یە کە ڕووسەکان هەڵبخەڵەتێنێ ، قەوام پەروەردەی ئینگلیزەکانە و ئێستە ئەمریکا پشتیوانی لێ‌دەکات، خۆ گەر بێت و ڕێک بکەون ئەوا دوورنی یە کە ڕووسەکان دەستبەرداری کوردستان و ئازەربایجان بن و مەیدانیش بۆ ئینگلیز و ئەمریکا چۆڵ بکرێت». پاشان ووتی، کە هەر لەسبەینێ بەدواوە ئازووقەو شتومەکی پێویستی بۆ هێزەکەمان دەنێرێتە ڕەبەت کە بەشی زستان بکات. هەندێک پارەشی پێدام، کە پێویستی بنکەکانی پێ جێ بەجێ بکەم.

پاشان گەڕامەوە بۆ مەهاباد و تەواوی ئەنجامی دانیشتنەکەمانم پێشکەش بەپێشەوا کرد. دووایی بەرەو ڕەبەت گەڕامەوە. وردە وردە ئازووقەمان بۆ دەهات و خەزنم دەکرد، ماشینەکانیشمان پڕ لەدار دەکرد و دەمانناردەوە بۆ بارەگای حیزب لە مەهاباد، کە بەسەر ئەو ماڵانەی کە پێویستیان پێیەتی دابەش‌بکرێت. هەروەها مەبلەغێک پارەشمان بە چەند گوندنشینێک دابوو کە داربکڕن، ئەوانیش مەردانە بەم کارە هەڵدەستان.

هەر لەسەر داوای من ژمارەی ( ٤٠٠ ) چەکدار لەگەڵ زێڕۆبەگی هەرکی نێردران بۆ هێزەکەم، منیش لە گوندی (هەمران)م دانان بەنێوی (ئیحتیات)ەوە بۆ پاراستنی پشتی جەبهەکەمان. لەلایەکی دیکەوە درێژە پێدانی وتوێژی نێوان قەوامولسەڵتەنە و ڕووسەکان بووە هۆی بەستنی پەیمانێک لەنێوان هەردولایاندا کە بەو پێ‌یە ئیمتیازی پشکنینی نەوتی سەرووی [باکووری] ئێران لە کەناری دەریای «خەزەر» ەوە بدرێتە ڕووسەکان، بەڵام دان پێدانان و پەسەندکردنی ئەو پەیمانە خرایە ئەستۆی ئەو پەرلەمانە نوێ‌یەی کە دەبوا سەرلەنوێ هەڵبژێردرێتەوە. پاش ئەو ڕێکەوتنە دووقۆڵیی‌یەی هەردوولا و بەپێی ئەو پیلانەش کە هەردوولا سازیان کردبوو: ئەهێشتنی هەردوو کۆماری ئازەربایجان و مەهاباد، برووسکەیەک لە تارانەوە ئاراستەی سەرەک کۆماری تەورێز «جەعفەر پیشەوەری» کرا کە لەوێدا هاتبوو : « هێزی شاهەنشا دێتە تەورێز بۆ سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێ تا ڕێ لە هەموو فرت وفێڵ و کەموکوڕییەکی هەڵبژاردنەکە بگرێت بۆیە نابێت بەرهەڵستی لێ بکرێت ». بەڵام دیاربوو کە ئەمە پیلانێک بوو لەلایەن تارانەوە ڕێکخرابوو، لە بنیشەوە لەگەڵ چەند ئەندامێکی وەزارەتی تەورێزدا ڕێککەتبوون بۆ تێکدانی کۆمارەکە. لە وەڵامی برووسکەکەی تاران، جەعفەر پیشەوەری نوسیبووی :

« بە گوێرەی ئەو پەیمانەی کە لەسەری ڕێککەوتووین، لەشکری ئازەربایجان بەلەشکری ئێران دادەنرێت، بۆیە پێویست بەناردنی لەشکری ئێران ناکات بۆ چاودێری کردنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێ، لەشکری ئازەربایجان دەتوانێت بێ‌هیچ لایەنگیری کردنێک سەرپەرشتی ئەو هەڵبژاردنەی نێوخۆی بکات ».

بەڵام لەڕاستیدا تاران هیچ گوێی نەدایە وەڵامەکەی جەعفەر پیشەوەری، چونکە خیانەتکارانی وەزارەتی تەورێز هەموو شتێکیان لەگەڵ تاراندا بڕاندبۆوە کە بە هاتنی لەشکری ئێران دەست بەسەرکۆماردا بگرن.

کۆماری تەورێز چەک و تەقەمەنی‌یەکی زۆرباشی هەبوو، بەڵام دەستی خیانەتکاری نێو خۆیان ئەو دەرفەتەی لەدەست دان، کە سوود لەو چەکانە وەربگرن. شایانی باسە کە کۆماری مەهاباد لەڕێگەی ئەوانەوە ئازووقە و چەک و تەقەمەنی بۆ دەهات.

کاتێک کە لەشکری ئێران بەرەو تەورێز چوو هیچ جۆرە بەرەنگاری و بەرهەڵستی‌یەکی پێویستی بەرامبەر نەکرا. لە ئەنجامدا جەعفەر پیشەوەری و ژەنەراڵ غوڵام یەحیا لەگەڵ ( ١٥٠٠ ) سەربازدا بەرەو ڕووسیا هەڵاتن و خیانەتکارە خۆفرۆشەکانیش دەستیان بەسەر تەورێزدا گرت.

سەرهەنگ عەزیزی کە هیچ ئاگای لەو فرت وفێڵ و پیلانانە نەبوو، ئەو دەمە لە ورمێ دەبێت کە دەگەڕێتەوە بۆ تەورێز دەیگرن و لە سێدارەی دەدەن.

**نامەی پێشەوا و چوونم بۆ مەهاباد**

ئەو دەمە من لە ڕەبەت بووم و خەریکی کاروباری سەربازەکانم بووم، ساڵ بەرەو تەواوبوونیش دەچوو، نامەیەکم لە پێشەواوە بۆ هات، لەویدا فەرموو‌بووی:

تەورێز خیانەتی لێ کرا، جەعفەر پیشەوەری و غوڵام یەحیا ڕۆیشتن بۆ ڕووسیا. پێوەندی لەگەڵ دوژمن ببڕە، یەکێک لەجێی خۆت دابنێ و خۆشت بەرەو مەهاباد بگەڕێوە تا چارەیەکی وەزعی خۆمان بکەین ».

کە ئەو نامەیەم بەدەست گەیشت کاتی ئێوارە بوو، دەست بەجێ فەرمانم دا کە ئەو ئازووقە و خواردەمەنی‌یەی هەمانبوو بەسەر دانیشتوانی‌دا، دابەش بکەن. زێڕۆبەگم کردە جێنشینی خۆم و فەرمانم دایە کەبۆ ڕۆژی دوایی هێزەکەمان بەرەو مەهاباد بکشێتەوە، خۆشم لەگەڵ دووسەربازدا بەرەو مەهاباد کەوتمە ڕێ و نیوەشەو گەیشتینە گوندی (خەرابە) لە دۆڵی زمزیران.

ماشینێک کە ئەوڕۆژە بەبارەوە ناردبووم بۆ مەهاباد لەوێ مابۆوە و برای خێزانەکەشم ئەسعەد حاجی حەمەدئاغاشی تێدابوو، ئەویشم لەگەڵ خۆم هەڵگرت. بۆ بەیانی‌یەکەی گەیشتمەوە ماڵێ لە مەهاباد. لەوێ دیتم ساڵەح عەبدولعەزیز لەگەڵ ( ٥ ) بارزانی دیکە کە مەلامستەفا بە ئێشکچی لەماڵمانی دانابوون، ماڵیان گشت پێچاوەتەوە و چاوەڕوانی من دەکەن.

مەلامستەفا لە ماڵی جەعفەری کەریم‌ئاغا بوو، کە دونیا تەواو ڕووناک بۆوە ڕۆیشتم بۆلای. لەنیزیک ماڵمان تووشی هاتم، ئەویش هەر بەرەو لای ئێمە دەهات، پێکەوە گەڕاینەوە ماڵێ و پاش کەمێک دانیشتن بڕیارمان دا بچینە دیدەنی پێشەوا.

ماڵی ئێمە و ماڵی پێشەوا لێک نیزیک بوون و لەسەر هەمان شەقام بوون. کە چووینە دەرێ پێشەوای بەڕێزمان لەسەر شەقامەکە دیت و چووینە پێشوازی. ماندووبوونی لێ‌کردم و فەرمووی کە چاک بوو گەیشتمەجێ.

### دووا وتووێژی نێوان پێشەوا و مەلاموستەفا

هەر لەبەر دەرگاکەی سەرجادەکە، مەلاموستەفا چووە پێشی بەڕێز پێشەوا و فەرمووی: ـ «حەزرەتی پێشەوای فەرماندە ـ تکام ئەوەیە کە لەگەڵمان لەمەهاباد دەربچیت. ئەگەر بەتەنێ بمێنم حەوت ساڵ ئالاکەت لەسەر سەرم هەڵدەگرم. مانەوەت لێرە مەترسی لەدوایە. حکومەتی ئێران لە سێدارەت دەدات». پێشەوا فەرمووی:

ـ «مەلاموستەفا لە هەموو سەردەمێکدا سەلماندوتە کە تۆ دڵسۆز و کۆڵنەدەری، نیشتمان پەروەر و خەباتگێڕی، مەردو وەفاداری. چاک دەزانم کە حکومەتی ئێران لە سێدارەم دەدات، بەڵام من کە لە خۆشیدا لەگەڵ خەڵکی مەهاباددا بووم، ئەوا لە ناخۆشیدا بەجێیان ناهێڵم. مردن و ژیانم لەگەڵ ئەوان دایە، گەر ئێستە بەجێیان بێڵم عەشیرەتەکانی مەهاباد بەردبارانمان دەکەن. بە کوشتنی خۆم ڕازیم ئەوەک مەهاباد بەوێرانی ببینم، فەرموو بابچین بۆ خانەقای ئەهرێ [مزگەوتی «هەباس ئاغا» ] ، ئەگەر میللەت بیر وڕای وابوو کە جێیان بهێڵم، ئەوا مانعم نیە، ئەگەنا دەمێنمەوە تا لەشکری ئێران دێتە ناو مەهابادەوە».

پاشان ڕووی لەمن کردو فەرمووی: «ماشێنەکەی منیش بەرن و سوودی لێ وەربگرن». پێم ووت کە حەزرەتی فەرماندە دەبێت لێم ببوورن، چاووم بەرایی نادات کە ماشێنی پێشەوا بەکاربێنم، تکام وایە ئەو داوایەم لێنەکەن و بۆخۆت بیسووتێنە . ئەگەر بەپێ بڕۆم ئەوا ماشێنی پێشەوا بەکارناهێنم.

کە چووینە خانەقای ئەهرێ، خەڵکێکی زۆری مەهاباد لەوێ بوون و تکایان لە مەلاموستەفا کرد کە شەڕ نەخاتە ناو مەهاباد و بەڵێنیشیان نەدا کە پێشەوا لەگەڵمان بێت بەو هومێدەی کە حکومەتی ئێران دەیبەخشێ.

دراوسێکەی ئێمە (سەمەدۆڤ)، کە نوێنەری سۆڤێت بوو لە مەهاباد ڕۆژی پێشووتر هەڵاتبوو، تەنانەت جیهازی بێ تەلەکەشی (لاسلکی) لێ بەجێمابوو، هەروەها موستەفا خۆشناو و ئەنوەر دڵسۆز و خانەوادەکانیان چوبوون بۆ ورمێ بەو نیازەی کە لەوێوە بچنە ڕووسیا .

### چوونم بۆ نەغەدە

کە لە مزگەوت گەڕاینەوە، مەلا موستەفا فەرمووی: بیستوومەلە نەغەدە قەرەپەپاخ ڕێ بەو ماڵانە دەگرن کە بۆ شنۆ دەچن و ڕووتیان دەکەنەوە، بگەرە ئەوێ و دەست بەسەر ئێوچەکانی نەغەدە و شنۆدا بگرەو ڕێ خۆش بکە بۆ کشانەوەی ئەو هێز و ماڵە بارزانییانەی کە ڕوو لەوێ دەکەن. هەروەها فەرمووی: کاکم (مەحەممەد سەدیق) لە شنۆیە و هێزێکی لەگەڵدایە و ئاگاداری یەکدی بن، منیش لێرە دەمێنم و چاوەڕوانی ئەو هێزەی کاک عێزەت عەبدولعەزیز دەکەم کە لە ساین قەڵایە و بۆ یارمەتیدانی هێزی ئازەربایجان چووە تا دەگەڕێنەوە.

پاش ئەوە من بەماڵەوە بەرەو شنۆ چووم. لەڕێگەی شنۆ کە لەگەڵ ڕێگەی نەغەدە لێک دەداتەوە، هەر لە دوورەوە خەڵکێکی زۆری قەرەپەپاخ بەرەو ئەو دووڕێیانە دەهات، چەند دەسترێژێکمان بەسەرا کردن و بڵاوەیان لێکرد. چووینە شنۆ، لەوێش زانیم کە شێخ مەحەممەد سەدیق و حەمەدئاغای مێرگەسووری بەرەو نەغەدە ڕۆیشتوون. ڕۆژی دواتر منیش چووم بۆلایان.

کە کاک عیزەت عەبدولعەزیز و هێزەکەی گەڕابوونەوە مەهاباد، لەوێوە لەگەڵ مەلاموستەفا چوبوونە دەرێ و لە گوندی مەحمەشە کە دەکەوێتە نێوان مەهاباد و نەغەدە مابوونەوە. ■

پاشماوە لە ژمارەی داهاتوو

دۆستان

## سەعید کاوە

بەڕێز... گۆڤاری گزینگ

❑ ڕۆژتان باش، بە هیوای سەرکەوتنتان.

نیزیک شەش مانگ بوو، چاوەڕوان بووم بەڵکوو ڕۆژێک کە بەیانی لە خەو هەڵدەستم گزنگ لە سەرانی دابێ و هەتاو و تاو و ساوێکی خۆش، سەرما و سۆڵ و با و بۆرانی ئەو زستانە دوور و درێژەم لە بیر بەرێتەوە.

کەچی ڕۆژێکی هەور و هەڵا و کرێوە، بەرێنوێنی پۆستچی بە کونی دەرگادا،«گزینگ» وەژوورکەوت. چەند خۆشە کاتێک گۆفارێک، یان ڕۆژنامەیەک دەردەچێ و پیاو لە گەڵ کۆمەڵێک نووسەری کۆن و نوێ دیدار تازە دەکاتەوە.

لە گزینگی ژمارە ٢( لاپەڕەی ٥٢ ) دا، چاوم بە سەر دێڕێک کەوت، واتە(کولتور یان فەرهەنگ) ، کە کاک «کامەران» لەمەڕ وشەی گزینگ و هێندێک شتی تر چەند پێشنیارێکی کردبوو؛ بەڵام وادیاربوو بۆ گزینگ، وشەی کولتور و فەرهەنگ گرینگتر بوو کە کامیان بۆ ڕێبازی گۆڤارەکەی هەڵبژێرێ. وام بۆدەرکەوت، بۆ پەسندی یەکێ لەو دووانە، سەرنووسەر وا بە باش دەزانێ و دەیەوێ پرس و ڕایەک لە گەڵ دۆست و ئاشنا و ڕۆشنا بکا. هەر بۆیەش نیشانەی( ؟) لە پێش کولتور یان فەرهەنگ دانابوو.

کاتی خۆی من هێندێکم قوڵە شێعرنووسیوە و بە نێوی «گزینگ کوێستانی» ، مامۆستا«گیوی موکریانی»لە گۆڤاری « *هەتاو*»دا بۆی چاپ کردووم. مامۆستا گیو کە خۆی فەرهەنگ زان و فەرهەنگ نووس بوو، جارێکیش پێی نەگوتم «گزینگ»نییە و گزنگە. ڕەنگبێ لە بەر ئەوەی بووبێ، چونکە کوردەکانی مەڵبەندی موکریان، لە جیاتی گزنگ، گزینگ بەکار دێنن. لە بەر ئەوەی مامۆستا گیویش بۆ خۆی موکریانی بوو، وای پێ خۆش بوو.

مامۆستا گیو بە ئاواتەوە بوو ڕۆژێک بتوانێ بچێتەوە موکریان و سەرێکی مەهاباد بداتەوە، بەداخەوە ئەو ئاواتە چووکەشی نەهاتە دی.

دێمەوە سەر باسەکە. من کە بە نێوی گزینگ کوێستانی نامە و شتم بۆ ئەولا و لا دەنووسی و ببوە نێوی نهێنی حیزبیم؛ لە کوردستانی باشوور ئەوەندەیان پێگوتم و ئەوەندەم وشەی گزنگ لە ڕۆژنامە و گۆڤار و نووسینەکاندا دەدیت، سەرئەنجام پێیان سەلماندم کە گزینگ نییە و گزنگە. من بەشبەحاڵی خۆم، گزینگی لای خۆمانم گۆڕی و کردم بە گزنگ. بۆیە پێشنیاری کاک کامەرانم پێ باشە، پێم وایە ڕۆژێک هەردێ «گزینگ»ت پێبکەنە گزنگ. جا ئێستا کاکی خۆم بۆخۆت خاوەن دەسەلاتی. تەماگرتن و بڕیاردان بە خۆتە و بۆخۆت دەزانی لە ژمارە ٣ ڕا دەیگۆڕی یان درەنگتر.

لەمەڕ کولتور یان فەرهەنگ، وەک ئەو برادەرە دەڵێ: کولتور جیهانی ترە، ڕاست دەکا ئەوە وایە، بەڵام فەرهەنگیش لە کولتور کوردی ترە، مەبەستم لە کوردی تر ئەوەیە، وشەی فەرهەنگ لە هەر چوار بەشەکانی کوردستان جێ کەوتووە و وەک وشەیەکی کوردی سەیری دەکرێ.

بەو هیوایە گۆڤارەکەتان ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ پتر خوێنەر و ڕووناکبیر لە دەورەی خۆی کۆکاتەوە و، بە برەوتر سەر بە هەموو ماڵێک دا بکات. ■

یادی

# یادی سێ ساڵەی

## نووسەری «پێشمەرگە»

# د. ڕەحیمی قازی

یاران

هێرش



شادرەوان دوکتور ڕەحیمی قازی

(١٩٩١_١٩٢٥)

هاوکات لە گەڵ وشیاربوونەوە و لەخەوڕابوونی بەشێک لە نیشتمانپەروەرانی کورد دژی ملهوڕی و سەرەڕۆیی، هاوکات لە گەڵ بەسەرزار و زمان داهاتنی مافی نەتەوایەتی، هاوکات لەگەڵ هەرا و هاواری ئێرونەوێی کۆڕوکۆمەڵی کورد بۆ ئازادیخوازی، هاوکات لە گەڵ جارکێشانی دوژمنان بۆ سەرکوتکردنەوە و تواندنەوە ی کورد، هاوکات لە تەک ڕاپەڕین و خوێندان وکۆڵنەدانی بوێرانی کورد، هاوکات لە گەڵ تێکشکان و هەستانەوەی جار لەگەڵ جاری گیانبازانی ئەملا و ئەولای کوردستان، ڕەحیم لەنێو بنەماڵەیەکی ڕووحانی وکوردخواز و نیشتمانپەروەر، چاوی بە ژیان هەڵدێنێ و لە ژێر چاودێری باوکێکی شارەزا ولێهاتوو دەحاملێ و پەروەردە دەکرێ.

ئەگەر بمانەوێ سەبارەت بە بیر و بۆچوونی سیاسی و کەسێتی کۆمەڵایەتی وچۆنیەتی باری ژیان و شێوەی کاری ئەدەبی ڕەحیمی قازی، چەند لاپەڕەیەک بنووسین، لانی کەم هیچ نەبێ دەبێ وردبینەوە و ئاوڕێک بدەینەوە سەر ژیان و بارودۆخی کۆمەڵایەتی وفەرهەنگی بنەماڵەی «قازی». ئەو بنەماڵە خێرخوازەی کەوا بەشێکیان بە تایبەت بەرەی میرزا قاسمی قازی (زانا و پێشەوای ئایینی سەردەمی خۆی) لە شاری مەهاباد، دەبنە ماکەی چاکە و کانگەی بیر و ئەرک و ئاکاری ئازادیخوازی. ئەو بنەماڵەیەی کە لە زۆربەی گێرە و کێشە و پەلاماردانی ئەم و ئەو بۆ سەر شاری مەهاباد، دڵسۆزانە خزمەتی خەڵکی بێ پەنای شاریان کردووە و دووربوون لە هەر چەشنە گێرەشێوێنیەکی عەشیرەیی کە ئەوکات لە گەلێک مەڵبەندو ناوچەی ئەو سەردەمەدا باو بووە.

قازی عەلی(باوکی قازی محەمەد)و سەیفولقوزات کوڕانی میرزا قاسمی قازی، جگە لەوەی کە لە تەواوی ماوەی ژیانیاندا لایەنگری خەڵکی هەژار و لێقەوماو بوون و لە خۆشی و ناخۆشی خەڵکدا بەشدار و یاری ڕۆژی تەنگانە بوون، لە پێناو ئازادی و نیشتمانپەروەریشدا ئەوەی لە دەستیان هاتبێ درێغیان نەکردووە، بە تایبەت سەیفولقوزات کە وەک شاعیرێکی دڵسۆز و کوردخواز هەمیشە لە نێو لاوانی سەردەمدا خوازەرو هاندەری بیر و بڕوای برایەتی و کوردایەتی بووە. هەرچەند ئەوان ئەوگۆڕانکارییانەی کە دوایە ڕوویان دا نەیان دی، بەڵام ئەو لە خۆبردوویی ودڵسۆزی و مەردمدارییەی کە ئەوان لە خۆیان نیشان دابوو؛ دەبوایە دەستی چارەنووسی ڕۆژگار، وەرەقی شەرەف وشانازی بە نێوی بنەماڵەکەیان هەڵداتەوە کە لەدامەزرانی یەکەم کۆماری کورددا، بەشی هەرە زۆری قورسایی ئەرکی نیشتمانپەروەری وگیانبازی بکەوێتە سەر شانی کوڕەکانیان کەوا بوونە هەڵکر و هەڵگری ئاڵای ئەو کۆمارە و ڕاگری ئەو نێوە نازدارە...

شادرەوان **دوکتور ڕەحیمی قازی** کوڕی خوالێخۆشبوو «ئەبولحەسەنی سەیفولقوزات»ە کە لەساڵی ١٩٢٥ز(١٣٠٤ه)لە شاری مەهاباد لە دایک بووە و هەر لەوێش دەبەر خوێندن دەنرێ و وەختایەک خوێندنی سەرەتایی تەواو دەکا، دەچێتەوە گوندی «گوێگجەلی» ولە ژێر چاودێری باوکی کە خۆی سەبارەت بە مەسەلەی کشت و کاڵ و ئاژەڵداری و باغداری یەکێک لە شارەزاترین پیاوانی موکریان بووە، بە کار و باری زەوی و زار و ملک و ماڵ ڕادەگا و لە پەناشەوە لە ژێر تەئسیری باوکی وردەوردە چاو وگوێی لە ئاست ڕووداوەکانی سەردەم دەکرێتەوەو بەرەو سیاسەت ڕادەکێشرێ.

لە نێوان ساڵانی(٤١ ـ ١٩٤٦)، هاوکات لە گەڵ گۆڕانی پارسەنگی هێزە شەرکەر و بەرەنگاربووەکانی دژ بە یەک لە شەڕی دووهەمی جیهانی و تێکشکانی بەرەی هیتلێری(فاشیزم)، بناغەی ڕێژیمی «ڕەزاشای پەهلەوی»ش وەلەرزە دەکەوێ و ئاخرسەر کە بە لابردن و لاچوونی ئەو لە سەر تەختی شایەتی، تەم و مژی زۆرداری و ملهوڕی و سەرەڕۆیی دەڕەوێتەوە و شنە بای دێمۆکراسی و ئازادیخوازی هەڵدەکا؛ خەڵکی کوردستان وێڕای دەریایەک خوێن وخەبات و تێکۆشانی بێ وچانی چەندین ساڵەی خۆیان، ئەو هەلە زێڕینەکە لە ژێر تەئسیری ڕووداوەکانی جیهانیدا دەخوڵقێ، وەک ئاواتێکی لەمێژینە دەقۆزنەوە وداواکردنی مافی مێژوویی خۆیان بە جیهان ڕادەگەیەنن.

ڕەحیمی قازی لەو سەردەمەدا کە لاوێکی ١٩ـ٢٠ساڵانەیە، لە ژێر ئامۆژگاری باوکی و پاشان تەئسیری حەمەحوسێن خانی کاکی وەک

زۆربەی لاوانی کورد جەزبی دنیای سیاسەت و تێکەڵاوی شۆڕشی هەقخوازانەی گەلی کورد دەبێ. بەر لەوەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە ڕێبەری قازی محەممەد، دابمەزرێ؛ ئەو یەکێک لە کەم تەمەنترین ئەندامانی کۆمەڵەی ژ.ک(ژیانەوەی کورد)بووە کە لە نێوان ساڵانی ١٣٢٠ـ ١٣٢٣هـ(٤١ ـ ١٩٤٤ز)بۆ ناساندن و سەلماندنی مافی نەتەوایەتی کورد پێکهاتبوو و لە سەرتاسەری کوردستان تێکۆشان و چالاکی دەنواند. لەکۆڕێکی خۆمانە بە بەشداری هێندێک لە دۆست و برادەران، کەبۆ یادی سێ ساڵەی(١٩٨٨) شادڕەوان مامۆستا هێمن پێکهاتبوو؛ ئەو، دوای گێڕانەوەی هێندێک بەسەرهات و بیرەوەری، چۆنیەتی ئەندامبوونی خۆی لە کۆمەڵەدا باس کرد و تەنانەت ئەوەشی وەک نەقڵ گێڕاوە کە گۆیا وەختایەک پێشەوا قازی( لە کۆمەڵەدا بە ناسناوی: بینایی) دەبیستێتەوە ڕەحیم بەر لەوی لە کۆمەڵەدا ئەندام بووە زۆری پێ سەیر دەبێ !

دوابەدوای دامەزرانی یەکەم کۆماری کوردستان(١٩٤٦) بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی ئامۆزای، ئەو دەبێتە ئەفسەری ئەو کۆمارە ساوایە و لە لای میاندواو لە هێزی پێشمەرگەدا، خەریکی خزمەتکردن دەبێ. دوای ماوەیەک بە گوێرەی پێشنیار و بڕیاری حکوومەتی کۆماری کوردستان، ٦٠کەس لە ئەفسەرانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بە نیازی خوێندن و فێربوونی کاروباری نیزامی ڕەوانەی شاری **باکۆی** ئازەربایجان دەکرێن کە ڕەحیمی قازیش یەکێک لەوانە.

ئەو، کە ماوەیەک پێش هاتنی بۆ باکۆ، لەگەڵ **گەوهەری** سەدری قازی(خانمەخانم) کچی ئەبولقاسمی سەدری قازی ئامۆزای خۆی، زەماوەندی کردبوو، هەر لەو شارە مژدەی پێدەگا کە لە خانمەخانمی خێزانی کوڕێکی بووە بە نێوی حەسەن(١٣ی ئوکتۆبری ١٩٤٦)* کە بە داخەوە بە هۆی تێکڕووخان و لەناوچوونی کۆماری کوردستان لە لایەن دوژمنانەوە، نە دەتوانێ منداڵە نۆبەرە تاقانەکەی ببینێ و نە بۆشی دەکرێ بگەڕێتەوە نیشتمان... دوای تێکچوونی کۆمار وشەهید کردنی«**قازی**»یەکان و گەیشتنی ئەو هەواڵە دڵتەزێنە، وەرەقی ژیانی ڕەحیمی قازی بە جارێک دەگۆڕدرێ و بۆ هەمیشە لە خاو و خێزان ودۆست و یاران و نیشتمانی هەڵدەبڕێ و تەنانەت وەک باوک ـ نازی مناڵ و ئەوازشی باوکانە هیچ! ـ دوای تێپەڕبوونی حەڤدە ساڵ تازە دەتوانێ بۆ یەکەم جار لە ساڵی١٩٧١ز لە شاری مۆسکۆ حەسەنی کوڕی ببینێ (١).

هاوکات لەگەڵ دەست بەسەرداگرتنەوەی ئازەربایجان و کوردستان لە لایەن دەوڵەتی مەرکەزییەوە و، وەدەنگ نەهاتن و خۆگێل کردنی سەرانی ئەوسەردەمی سۆڤیەت؛ «قەوامولسەڵتەنە» سەرۆک وەزیری ئەوکاتی ئێران لە هەموو ئەفسەرەکوردەکان دەگێڕێتەوە کە بگەڕێنەوە وڵات و خەریکی کار وباری ژیانی ئاسایی خۆیان بن. دوای ڕووخانی کۆمار و گەیشتنی ئەو هەواڵە زۆربەی ئەفسەرەکان دەگەڕێنەوە، جگە لە دەستەیەکی ١٠کەسی(وەک: ئەیوبیان، گەلاوێژ، شەڵماشی، وەتەمیشی، خوسرەوی، حەمەدی مەولوودی و...) کە ڕەحیمی قازیش یەکێک بوو لەوان.

ڕەحیمی قازی دوای ئەوەیکە بە ناچاری لە وڵاتی غەریبی نیشتە جێ دەبێ و دەمێنێتەوە، باشترین کاری شیاو کە دەیکا درێژە بە خوێندن دەدا و لە ساڵی ١٩٥٤ز تێزی دوکتوراکەی لە ژێر عینوانی«**قازی محەممەد و جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوایەتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران**(٤٥ ـ ١٩٤٦)» پێشکێش بە زانکۆی کیرۆڤی باکۆ دەکا و تێیدا سەر دەکەوێ. ئەو تێزە لە ئەسڵدا بە زمانی ئازەری نووسراوە و پاشان بە ڕووسی تەرجومە دەکرێتەوە(٢). ڕەحیمی قازی دوای وەرگرتنی دوکتورای «مێژوو»، لە ساڵی ١٩٥٩ز کە ئاکادێمی ئازەربایجان پێکدێ و بەشی **کوردۆلۆژی** دەکرێتەوە، دەبێتە ئەندام و یاریدەری ئەو ئەکادێمییە و تا ساڵانی ٨٣ ـ ١٩٨٤، بە دەرسگوتنەوە و لێکۆڵینەوە وە خەریک دەبێ( بێجگە لەو ماوەیەی کە گەڕاوەتەوە کوردستان).

هاوکات لەگەڵ شەڕی قارەمانانەی بارزانییەکان دژ بە سێ ئەرتەشی خاوەن چەک و چۆڵی ئێران و عێراق و تورکیا و، ئاخرسەر دەربازبوون و هاتنیان بۆ وڵاتی یەکێتی سۆڤیەت، ڕەحیمی قازی کە لەگەڵ چەند کەسی دیکە سەرەڕای خوێندن خەریکی دەرکردن و بەڕێوەبردنی ڕۆژنامەی«کوردستان»دەبن، بە هاتنی وان زیاتر دەگەشێتەوە و دەستاولەجێ پێشنیار دەکا کە لە لایەن دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی«کوردستان» نامەیەکی بەخێرهاتن ئاراستەی مەلا مستەفای بارزانی بکرێ کە لەو بارەوە خۆی نووسیویە:«...لە هاوینی ساڵی ١٩٤٧دا ٤٩٩ کەس لە بارزانییەکان بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا لە پاش شەڕێکی قارەمانانە و بێ وێنە لە مێژوودا، لە گەڵ هۆردووی داگیرکەر و تەیاری ئێران و عێراق و تورکیە کە نێزیکەی هەشت مانگی خایاند، ناچار بوون پانابەرن بۆ یەکێتی سۆڤیەت.

لەو سەردەمەدا ئەمن لە یەکێتی سۆڤیەت دەمخوێند و لە گەڵ چەند هاوڕێیەک دەستمان کردبوو بە چاپکردنی ڕۆژنامەی«کوردستان»لە لاپەڕەیەکدا وەک بیر و ڕای حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بڵاودەکراوە.(ئەم ڕۆژنامەیە هەتا ساڵی ١٩٦٢ لە حەفتەدا دوو جار دەدەچوو).

... هەر لەو حەلەدا ئێمە ـ دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی «کوردستان»بە ئامانجی دامەزراندنی ڕێکخراوەیەکی سیاسی و ڕێک و پێک کردنی ڕیزی کوردەکانی پەنابەر بۆ یەکێتی سۆڤیەت و یارمەتی دان بە هێزەکانی شۆڕشگێڕ و خەباتگێڕ لە کوردستان نامەیەکی تایبەتیمان بۆ مەلا مستەفا نووسی و بە کورتی پێشنیارەکانی خۆمان ڕاگەیاند و مەلا مستافاش وەڵامی بۆ نووسینەوە...»(٣).

هەر وەک لەو نووسراوەی سەرەوە دەردەکەوێ، ڕەحیمی قازی سەرەڕای خزمەتێکی زۆر و زیندووڕاگرتنی پێوەندییەکی پتەو لەگەڵ بارزانییەکان، تا بۆی کراوە بۆ تێهەڵچوونەوەی خەباتی شۆڕشگێڕانە، بەدڵ هەوڵی داوە. هەربۆیەشە لە نێو ئەو چەند کوردەی کە ئەوکاتی لە یەکێتی سۆڤیەت دەژیان، مەلا مستەفای بارزانی زیاتر لە هەموان لە وی ڕازی بووە و جار وبار دەردی دڵی لە کن کردووە(٤). هەڵبەت ئەو پێوەندییە تەنانەت پاش گەڕانەوەی بارزانیش بۆ کوردستان هەر ماوە ودۆستانە بووە، دیارە ئاڵقەی گرینگی ئەو پێوەندییە سەیدعەبدوڵای ئیسحاقی(ئەحمەد توفیق) بووە کە ئەوکاتە(لە ساڵانی٦١ ـ ١٩٦٢ بەولاوە) سکرتێری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دەبێ. دوکتور ڕەحیم دەگەڵ زۆربەی شۆڕشگێڕان وخوێندکارانی کورد پێش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی، بە تایبەت دەگەڵ شادڕەوان دوکتور قاسملو(سکرتێری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان)و کەریمی حیسامی و... پێوەندی هەبووە .

ڕەحیمی قازی لەتەواوی ئەو ساڵانەی کە لە دەرەوە ژیاوە هیچوەخت نیشتمانەکەی لە بیر نەبردۆتەوە، هەر بۆیە دەگەڵ ڕووخانی ڕێژیمی حەمەڕەزاشای پەهلەوەی دەستاولەجێ دوای ٣٣ ساڵ دووری دەگەڕێتەوە وڵات ولە لایەن خەڵک و جەماوەری کوردستانەوە پێشوازی لێدەکرێ و، بەمجۆرە کار وچالاکی خۆی دەست پێدەکاتەوە. بەڵام دروست هاوکات لەگەڵ هاتنەوەی ئەو، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان کە دەمێک بوو بەرەو دوو ڕێبازی جیاواز هەتڵە ببوو، دوو شەقە دەبێ کە پاشان بە ڕەسمی لەلایەن **ڕەحیمی قازی، غەنی بلوریان، مامۆستا هێمن، فەوزییەی قازی، حەمەدەمینی سیراجی** و چەند کەسی دی، لە ڕێکەوتی ١٩ ـ ٢٤ی فێبریبیەی ١٩٨٠ حیزبێکی دیکەی تازە بە نێوی: حدکا(پێڕەوانی کونگرەی چوار)، دروست دەکرێ. بەڵام لەگەڵ لێڵ و ئاڵۆزبوونی بار و دۆخی سیاسی و دەست پێکردنی هەڕەشەوگوڕەشەی ژێژیمی ناخوندی دژ بە هێزە سیاسییەکان، ڕەحیمی قازی هەست بەوەدەکا کە مانەوەی لە وڵات بە مەسڵەحەت نییە، بۆیە سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە ئازەربایجانی سۆڤیەت و دەست دەکاتەوە بە کاری فەرهەنگی و دەرس گوتنەوە.

هەرچەند ئەوە چوو و ڕابرد وتازە دەگەڵ چووانیش چ ناکرێ، ئەمن سەبارەت بە دوو شەقەبوونی حدکا، لە خۆییم بیست کە ئەوکارەی پێ گەورەترین هەڵەی سیاسی بووە کە لەو هەلە ناسکەدا ڕووی دا، دیارە ئەو هەڵەیە سووچی ئەویشی تێدابووکەخۆی قەت نەیدەشاردەوە.

لەوەدا کە ڕەحیمی قازیش وەک زۆربەی هەرەزۆری نووسەرانی کورد، چ بەگوێرەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگاوە و چ بە پێی پێخۆشبوون ورێ ورەسمی شۆڕشگێڕانە، ماوەیەک سەر بە ڕێکخراوەی سیاسی بووە و چالاکی نواندووە، شک نییە کە تووشی هەڵە وپێچ و پەنا هاتووە؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر لە هەمووچالاکی قوناغەکانی ژیانی سیاسی ئەو لە خاڵی لاوازەوە بگرە تا خاڵی بەهێز، چاو بپۆشین و، تەنیا کتێبی کورتە ڕۆمانی « **پێشمەرگە**»ی(٥) وەک بەڵگە بێنینەوە، دیسانیش دەتوانین وەکوو نووسەرێکی کارامە ولێهاتوو، شانازی پێوە بکەین. لە خۆڕا نییە کە کەریم حیسامی سەبارەت بە «پێشمەرگە»بەهەق نووسیویە ودەڵێ:« ئەگەر کات وسەردەمی نووسینی پێشمەرگە لەبەر چاو بگرین، پتر نرخ و گرنگی ڕۆمانەکە و دەستپێشخەری و لێهاتوویی نووسەرمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە لە ساڵەکانی(٦٠)دا کەمتر بەرەی تازەپێگەیشتووی کورد لە پێکهاتنی پێشمەرگە و ناوی و خەباتی کۆمەڵەی(ژ.ک)و سەرکردایەتی پێشەوا قازی محەمەد شارەزایی هەبوو. پێشمەرگەی دوکتور ڕەحیمی قازی هەم لە باری ئەدەبی و هەم لە باری خەباتی نیشتمانی و وڵات پارێزی ڕێنوێنێکی خەبات و شاکارێکی ئەدەبی بوو، کە تا ئێستاش شەقڵ و نیشانی خۆی لە ئەدەبی کوردیدا پاراستووە ...(٦)».

ئەو چەند دێڕەی سەرەوە وابزانم پێهەڵاگوتنێکی هەروایی نییە، کە ئەوەی دەڵێم خۆم شاهید بووم کە زۆر جاران سەبارە بە «پێشمەرگە» نامەی بۆ دەهات. جارێک لە لایەن خوێندکارێکی کورد کە لە ئوتریش، لە بەشی چیرۆک دەرسی دەخوێند نامەیەکی زور ڕێکوپێک بە دوکتور ڕەحیم وەک مامۆستا و شارەزای جیهانی چیرۆک دەگا کە ٣٠ تا ٤٠ پرسیاری جۆراوجۆری سەبارەت بە «پێشمەرگە»و هەروەها شێوەی دارشتنی چیرۆک بە تێکڕایی تێدا هاتبوو، دوای ئەوەیکە دوکتور نامەکەی خوێندەوە قاقایەکی لێدا و گوتی: دەی کاکەگیان ڕێک و ڕاست بڵێ کتێبێکم بۆ بنووسە تا پێشکێشی بکەم!

بێجگە لەو دوو کتێبەی کە لە سەرەوە ناوبران نامیلکەیەکی دیکەش بە ناوی **«قازی محەممەد و مەسەلەی خودموختاری کوردستانی ئێران»** لەلایەن کاکە ڕەحیم نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە. هەروەها چەند بەشێکی لە ڕۆمانی «**دیپلۆمات**»ی جیمز ئەلدریج وەرگێڕابۆوە سەرکوردی کە لە ڕۆژنامەی«کوردستان»دا بڵادەکرایەوە(٧).

دوکتور ڕەحیمی قازی تا بڵێی پیاوێکی خۆش مەشرەب ومیوان پەروەر و لە بەردڵان بوو. کە بە ڕواڵەت چاوت لێدەکرد سەر سوڕدەما کە چۆن ئەو هەموو سادەیی وڕوح سووکی و یەکڕەنگییە لەو سەر و سیمایەدا کۆ بوونەتەوە!.

دیارە هەر چەند مەرگ چی دەگەڵ نایە و بۆ هەموو کەسە! بەڵام بۆ وی سەرەڕای وەی کەزوو بوو، زۆریش ناوەخت بوو... ڕەوانی شاد بێ و گڵکۆیەکەی پڕ لە گوڵ(٨).

## تێبینی و پەراوێز:

*: هێندێک لە زانیارییەکانی ئەو نووسراوەیە لەو دەستنووسەوەرگیراوە کە کاک حەسەنی قازی لە ئەسڵدا بە ئینگلیسی نووسیویە:

on the life and works of Dr. Rahim Ghazi(1925 - 1991), by: Hassan Ghazi, January 1994.

١): بێجگە لە حەسەنی قازی، د. ڕەحیم لە خێزانی دووهەمیش، دووکچی هەیەبە نێوی مریەم و کەتانە کە ئێستا لا شاری باکۆی ئازەربایجان نیشتەجێن.

٢): من خۆم کە ماوەیەک لە باکۆ مابوومەوە(٨٨ ـ ١٩٨٩)، ئەو کتێبەم دی بوو کە دوکتور خۆی کردبوویە کوردی و ببوو بە کتێبێکی ٤٠٠ لاپەڕەیی. تا خۆی مابوو زۆر بە ئاواتەوە بووئەو کتێبە لە چاپ بدرێ، بە داخەوە دوای کۆچی دواییشی ئەوئاواتە هەر نەهاتۆتەدی.

٣): «بیرەوەرییەکانم دەربارەی مەلا مستەفای بارزانی» د.ڕەحیمی قازی. بەربانگ ساڵی ٨، ژمارەی(٥٧و٥٨).

٤): ئەوکاتی کە من لە باکۆ بووم، د. ڕەحیمی قازی، کورتە نووسراوەیەکی بە دەستخەتی مەلامستەفای بارزانی نیشان دام کە بارزانی ڕەحمەتی سەبارەت بەو ڕەزایەت و ئەرخەیانی خۆی دەربڕیبوو.

٥): کتێبی پێشمەرگە بۆجاری یەکەم لە ساڵی ١٩٦١لە کوردستانی عێراق چاپ کرا و بڵاوبۆوە، لە ساڵی ١٩٨١بۆجاری دووهەم لە ئێران سەرلە نوێ چاپکرایەوە. هەروەها ئەو کتێبە بە نێوی «وشیاربوون» لە یەریڤان چاپ بووە و لە ئازەربایجانیش بە ئازەری تەرجوومەکراوە و وبڵابۆتەوە.

٦): بەربانگ، ساڵی ١٠، ژمارە ٧٥، ل٤٢ و ٤٣.

٧): بەرهەمە وەرگێڕاوەکانی دیکەی نووسەر، بریتین لە چەند بەشێک لە کتێبی«لە زیندان و ئازادی دا»بە قەڵەمی ئوستون گیل، بەشێک لە ڕۆمانی«بەرەو لێوارەکانی دەجلە»ی حاجی مورادی موگوییەڤ و هەرورەها کۆمەڵێک مەقالە ونووسراوەی جۆراوجۆری بە کەڵک بۆ ڕۆژنامەی«کوردستان» و گۆڤارەکانی تر، کە لەنێو ئەوانەدا بە تایبەت « **نامەیەک بۆ گۆرباچۆڤ** »زۆر جێگەی سەرنجە.

٨): دوکتور ڕەحیمی قازی لە ڕۆژی ١٩٩١/٥/٩ لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی باکۆ دڵی لە لێدان دەکەوێ و بۆ هەمیشە لە دنیای چیرۆک و ئەدەبماڵئاوایی دەکا و لە شاری باکۆ بە خاک دەسپێردرێ. ■

# پاشبەندی (جێگا) لە موکریاندا

نووسینی: **عەلی حەسەنیانی(هاوار)**

پاشبەند یەک یا چەند پیتە کە لە دوای ناوێک دێ و واتایەکی تایبەتی بە دەستەوە دەدا، وەک: ئاسکۆڵ(ئاسک + ۆڵ) کە (ۆڵ) پاشبەندی چووک کردنەوەیە(تصغیر) یا (مەلەوان) کە( وان) پاشبەندی لێزانی و چازانی یە(مەهارەت).

هەروەها پێشبەند یەک یا چەند پیتە کە لە پێش ناوێک دێ بۆ وەدەستهێنانی مانایەکی تایبەتی وەک: داکەوتن(دا+کەوتن)، داگەڕان(دا+گەڕان)، داخستن(دا+خستن)، کە پێشبەندی (دا) بۆ هاتنە خواری شتێک یا کەسێک کەڵکی لێوەردەگیرێ. یا هەڵهاتن«هەڵاتن» (هەڵ+هاتن)، هەڵکەوتن(هەڵ+کەوتن)، هەڵچوون(هەڵ+چوون)، کە پێشبەندی (هەڵ) مانای وەسەرکەوتن و چوونەسەری کەسێک یا شتێک دەدا. دیارە هەر پێشبەند یا پاشبەندێک هەمیشە هەر مانایەکی بە دەستەوە نادا و لەوانەیە یەک یا چەند واتای هەبێ.

لە زمانی کوردیدا پێشبەند و پاشبەند گەلێک زۆرن و هەر ئەو زۆربوونەی پێشبەندوپاشبەند بەشبەحاڵی خۆی بووەتە هۆی دەوڵەمەندبوونی زمانەکەمان. یەکێک لە وان پاشبەندی جێگایە. بۆ دیاریکردنی شوێن و جێگای شتێک چەندین پاشبەندمان هەیە. بەداخەوە بە هۆی یەکپارچە نەبوونی کوردستان و نەبوونی زمانی یەکگرتوو ئاگادارییەکی زۆرمان لە پاشبەندی جێگا، لە زاراوە و بن زاراوەکانی دیکەی کوردی نییە. ئەگەر هەر کوردێکی دڵسۆز و زانا بتوانێ لەبارەی زاراوەکەی خۆیدا ئەوەی دەیزانێ بیهێنێتە سەر کاخەز و بڵاوی بکاتەوە هەنگاوێکی گەورەی بەرەو پێکهاتنی زمانی یەکگرتوو هەڵهێناوەتەوە. جا بە لە بەرچاوگرتنی ئەو گرینگییە لێرەدا تەنیا باسی پاشبەندی جێگا لە بن زاراوەی موکریدا دەکەین.

لە ڕاوێژەکان و بن زاراوەی موکریدا بۆ **جێگا** چەندین پاشبەند هەیە و کەڵکیان لێوەردەگیرێ، بەم چەشنە:

**ک)** وەک: دەرک(دەر+ک)، پانـاوک(پان+ئاو+ک)، لووساوک(لووس+ئاو+ک).

**کە)** وەک: زەلکە(زەل+کە)، شۆردکە(شۆرد+کە)، دەرکە(دەر+کە).

**گ)** وەک: ئاورگ(ئاور+گ)، ئاسۆگ(ئاسۆ+گ)، زۆنگ(زۆن+گ).

**گە)** وەک: دانگە(دان+گە)، بارگە(بار+گە)، شەڕگە(شەڕ+گە).

**گا )** وەک: ڕێگا(ڕێ+گا)، دەرگا(دەر+گا)، جێگا(جێ+گا).

**دان)** وەک: گـوڵـدان(گـوڵ+دان)، ڕەژیـدان(ڕەژی+دان)، چادان(چا+دان).

**ەڵان)** وەک: بەردەڵان(بەرد+ەڵان، چۆمەڵان(چۆم+ەڵان)، ئەگەر وشە بە پیتی بزوێن دوایی بێ «ە» یەکەی دەکەوێ و هەر «ڵان»دەگرێ، وەک: کۆڵان(کۆ+ڵان).

**ەڵێن)** وەک: خیزەڵێن(خیز+ەڵێن)، گەزەڵێن(گەز+ەڵێن)، قامیشەڵێن(قامیش+ەڵێن).

**ستان)** وەک:دارستان(دار+ستان)، گۆڕستان(گۆڕ+ستان)، کوردستان(کورد+ستان).

پاشبەندی **کۆ** لە بن زاراوەی موکریدا نییەو لە زاراوەکانی دیکەوە هاتۆتە نێو زمانی ئەدەبی ئەو مەڵبەندەوە، وەک: گڵکۆ(گڵ+کۆ)، زانکۆ(زان+کۆ).

پێویستە بڵێین وشەی **ماکۆ** کە شارێکە لە کوردستانی ئێران لە وشەی **ما** واتا **مە، مەد، مێد، مێدیا، ماد** و پاشبەندی کۆ پێکهاتووە، واتە جێگای مادەکان.

هێندێک وشە بە چەند پاشبەندی جێگاوە بە کار دەبرێ ، وەک: دەرک، دەرکە، دەرگە، دەرگا.

خوداڵێخۆشبوو «ئوستاد پیرداود» مامۆستای زمانی ئاوێستایی زانستگای تاران پێیوابوو ئاوێستایی زاراوەیەکە لە زمانی مێدی و زمانی مێدی یا مادی ڕیشە و بنچینەی زمانی کوردی یە. دەیگوت لە زمانی مادەکان دا «**اس**»، «**ستان**»، «**ستێن**» پاشبەندی جێگا بوون. ئەو قسەیەی «پورداود» بەڕای من ڕاستە چونکوو ئێستاش لە موکریاندا زۆر گوند هەن کە پاشبەندی«اس»و«ستان»و «ستێن»یان هەیە وەک: سوێناس، پارستان، شارستێن.

وشەی سوێناس(سوێن+اس)یا (سوێ+ن+اس)، ڕەنگە لە وشەی **سوێن** یا **شوێن** و پاشبەندی«اس» پێکهاتبێ، لە وانەشە لە وشەی «سوێ»و«اس»سازکرابێ و بۆ هاسانی ڕاوێژ«ن»ی پێوەلکابێ.

وشەی **سەلماس** کە یەکێک لە شارەکانی کوردستانی ئێرانە لە وشەی (سەلم+اس) پێکهاتووە کە سەلم کوڕی حەزرەتی نوح بووە.

وشەی **شارستێن** کە لە(شار+ستێن) سازبووە، شارێکی مەزن وکۆنی کوردان بووە کە لە نێوان مەهاباد و سەردەشت و پیرانشاردا هەڵکەوتووە و ئێستا چووک بۆتەوە و گوندێکی هەر بەو ناوە لە پاش بەجێماوە.

ئەو شارە لە کتێبی «کارنامەی ئەردەشیری بابەکان»دا «شتەروەستێن»ناوبراوە .

لە هێندێک لە ڕاوێژەکانی موکریدا بە وشەی جۆخین یا جێ خەرمان دەڵێن خەرمانجە کە ئەو پاشبەندی «جە»یە کوردی نییە و لە زمان و زەمانی مەغوولەکانەوە جێماوە. هەر وەکوو زۆر ناوی گوندان هەن کە تورکین و پاشبەندی«جە»یان هەیە، وەک: تیکانلووجە، قاڕنجە، قۆزلووجە.

جاری وایە وشەی «**ئاوێ**»یا «**ئاوا**»لە دوای ناوێک دێ و شوێنێک دیاری دەکا. وەک: شیلانـاوێ(شیلان+ئاوێ)، نیسکناوێ(نیسک+ئاوێ)، میرئاوا(میر+ئاوا)، گورگ ئاوا(گورگ+ئاوا)، دوو وشەی ئاوێ و ئاوا بۆ گوندان بەکار دەبرێن. ■

لێکۆڵینەوە

# حاجی بەکتاش، سوڵتان سەهاک، شامینا ساحێب و قالبەکانی دیکەی دیواری پادار.

حاجی بەکتاشی وەلی ئەمری دا
دیواری بێ گیان بڕوا بە ڕێ دا

مارتین فان براونێسن

Martin van Bruinessen
HAJI BEKTASH, SULTAN SAHAK, SHAH MINA SAHIB AND VARIOUS AVATARS OF A RUNNING WALL.

Yürüten cansız dûvarı
Hacı bektaş -ı veli...*

وەرگێر: حەسەنی قازی

## یەکەم قالب: لە پردیوەر

ئەهلی حەقی داڵەهوو لە خوارووی کوردستان ئەفسانەیەک لە سوڵتان سەهاک، دامەزرێنەری بەنێوبانگی کۆمەڵەکەیان دەگێڕنەوە (کە دەبێ لە نێوەڕاست سەدەی پازدەهەمدا لەوپەڕی پشکووتنی دا بووبێ)، کە دەبێ بە گوێی هەر کەسێکی لە فولکلۆری بەکتاشی بزانێ ئەفسانەیەکی ناسراو بێ:

« کاتێک سوڵتان سەهاک ئامادە بوو بۆئەوەی کە فێرکردە نهێنیەکانی ئاشکرا کا و بە دنیای بناسێنێ، بڕیاری دا کە لە گەڵ چوار هاوڕێ هەوەڵەکانی لە هەورامان دامەزرێ لە شوێنێک بەنێوی پردیوەر کە لەسەرەوەی چۆمی سیروان هەڵکەوتووە. داود یەک لە یارەکانی سوڵتان، بەننایەکی کارامە بوو و دەستی کرد بە دروستکردنی خانوویەک بۆیان لە جێیەک کە زۆر لە چۆمەکە دوور نەبوو. ئەو شوێنی ئەو هەڵیبژارد وادەرکەوت سەر بە ناوچەیەک بێ کە لەمێژبوو لە بن دەستەڵاتی ڕووحانی کابرایەک دا بوو بە نێوی پیرمکایل، کە هێزی شاراوەوجادوویی زۆری هەبوو. پیر بەهاتنی ئەو مودەعییەتازەیەو شاگردەکانی بۆئەوێ زۆر تووڕە بوو و بڕیاری دا بەنیشاندانی هێزی شاراوەی خۆی ڕەپاڵیان بنێ. لەکاتێکدا کە سواری شێرێکی وەحشی ببوو و مارێکی ژارداری وەکوو قەمچییەک بە دەستەوە گرتبوو و بەکاری دەهێنا بەڕێ کەوت و وەک جەنگاوەرێکی تووڕە بەرەو پردیوەر چوو. سوڵتان سەهاک کە ئاگادار بوو ئەوە پیر نزیک دەبێتەوە، فەرمانی دا بە داود سواری ئەو دیوارەی بێ کە خەریک بوو دروستی دەکرد و بەسواری ئەو بچێتە پێش پیر مکایل بزانێ چی دەوێ. لە قودرەتی سوڵتان ڕا دیوارەکە وەجووڵە کەوت و بەوە شادان بوو کە داودی هەڵگرتووە. ئەو دوو سوارانە لە قەراخ سیروان بەیەک گەیشتن. یەک لەوبەر و یەک لەم بەری چۆمی. داود بە ڕێزەوە سڵاوی لە پیر کرد بەڵام ئەو لێی تووڕە بوو و گوتی: «ئەوە چییە؟ ئەمن چاوەڕێم دەکرد شێخ سەهاک ببینم، پیاوێکی کە دەڵێن کارامەیی و دەستکەوتی ڕووحانی هەیە، کەچی ئەوەی دەیبینم تەنێ شاگردی جادووگەرێکی ئاسایی یە، کە هەر بەدیواران کەڵەک دەنێتەوە!» داود بە لەسەرخۆییەوە وڵامی داوە: «ئەمن هەر غوڵامێکی وەفاداری سوڵتانم و بەس؛ جگە لە سوڵتان ئەبێ هیچ شتێکی دیکە نییە!». پیر مکایل فەرمانی کرد بە داود کە ئاغاکەی بانگ بکا، بەڵام بەر لەوەی کە داود تەنانەت بتوانێ ئاوڕیش داتەوە، سوڵتان سەهاک لە پڕ پەیدا بوو. چۆمی سیروان لە خۆشی هاتنی سوڵتان وە خوڕەخوڕ کەوت؛ دەنگی خوڕەی ئەوەندە بەرز بۆوە کە پیاوەکان لە هەردووک بەری چۆمی بەزەحمەت گوێیان لە دەنگی یەکدی دەبوو. سوڵتان ڕووی لە پیر کرد و گوتی: ئەگەر لە خۆی ڕادەبینێ چۆمەکە بێدەنگ کا، بەڵام پیر ئەوەی پێنەکرا. دوای ئەوە سوڵتان سەهاک، کە ئاغای ئاوەکانە، فەرمانی بە چۆمەکە دا بێدەنگ بێ و دەستبەجێ بە گوێی کرا. سوڵتان فەرمانی دا بە داود کە قالیچەی قودرەت لە سەر چۆمی ڕاخاو لە سەری دانیشت. کە دیتی پیر مکایل برسێتی، سوڵتان دەستێکی لە ئاو ڕۆکرد و ماسییەکی برژاوی دەرهێناودای بەپیر مکایل و پێی گوت کاتێک دەیخوا نابێ ئێسکێکی ماسییەکەش چییە بیشکێنێ. کاتێک پیر لە خواردن بووە وە، ماسییەکی دیکە سەری لە ئاو دەرهێناو ڕوی لە سوڵتان کرد و پێی گوت: «چیت لە ئاواڵەکەم کرد؟ دات بەو چڵێسەی هۆوێ؟ ئەمن دەمەوێتەوە! ئەتۆ شای ئاوانی؛ تکایە ئاواڵەکەم بدەوە!». سوڵتان ئێسکە نە شکاوەکانی لە پیر مکایل وەرگرتەوە؛ ماسییەکەی زیندوو کردەوەو دەنێو چۆمەکەی خستەوە، پیر مکایل کە گشت ئەو کارانەی بە چاوی خۆی دی، ملکەچی بەرزتربوونی ڕووحانی سوڵتان سەهاکی بوو و بوویە یەک لە شاگردەوەفادارەکانی» (١).

ئەو ئەفسانەیە بریتییە لە ژمارەیەک بابەت کە بەیەکەوە گرێ نەدراون، هەر کام لەوانە سەرەپەتی سەیر سەبارەت بە ڕیشەی ئەم کۆمەڵەیە ـ و کۆمەڵەکانی پێوەندیدار بەوەوە، بە دەستەوە دەدەن. بۆ ئەهلی حەقی داڵەهوو خۆیان، ئەم ئەفسانەیە ئەفسانەی هەرە گرینگ و سەرەکییانە؛ ئەوان زۆر جار ئەو بەسەرهاتە دەگێڕنەوە، و ئەوە لە چەندین دەقی ئاماڵ هۆنراوەدا بەدەستەوەیە. ئێسکی ئەو ئاژەڵانەی قوربانی دەکەن نابێ بشکێ و ئەو ئێسک و پرووسکانە دەبێ بەیەکەوە بپارێزرێن، وەک چەند زانیاریدەر لەو بڕوایە دا بوون، بۆئەوەی «سوڵتان سەهاک ڕووحیان ڕزگارکا و گیانیان وەبەر بێتەوە». وەک مەنتیقی ئەو حوکمە ئەوان باسی ئەوماسییە دەکەن کە بە ئێسکەکانی ژیانی هاتەوە بەری و موعجیزەی دیکەی کە لە ئەفسانەکانی دیکەدا هاتوون(٢). ئەمن دوایە دەگەڕێمەوە سەر ئەم بابەتە بەڵام لە پێشدا لە نزیکترەوە لەو موعجیزەیە دەڕوانم کە پای دیواری پادار دەهێنێتە گۆڕێ.

بابەتی ڕکەبەری و کێبەرکێ لە نێوان شێرسوارێکی لەگێچەڵگەڕی ماردەکارکەر و تازەهاتوویەکی بەرزتر کە دیوار وەجووڵە دەخاو بێروبەوێیدا دەگێڕێ، لە زەمینەی جۆگرافیای زۆر بەربڵاوتردا بڵاوبۆتەوە. لەو کاتەیدا کە ئەمن خەریکی لێکۆڵینەوەی مەیدانی بووم بەو ڕاستییەم نەدەزانی، بەڵام دڵنیام کە دۆستە **ئەهلی حەقەکانم** بە هیچجۆر پێیان سەیر نابێ ببیستن کە هەمان ئەفسانە لە شوێنی دیکە وەپاڵ حاجی بەکتاش دەدرێ وەک پیاوچاکێکی سەرکەوتوو. وادادەندرێ کە سوڵتان سەهاک زۆرجار، لە قالبی ئینسانی جۆربەجۆرلە جیهاندا خۆی دەرخستبێ، و حاجی بەکتاش بە یەکێک لەوانە دەزاندرێ. لەوەش زیادتر، وادادەندرێ کە هێندێک ڕووداوی کە گرینگی ئەم جیهانییەیان هەیە لە هەر کام لەو خولانەدا دووپاتە بوونەتەوە. لە ڕاستیدا، هیچ سۆنگەیەک نییە کە سوڵتان سەهاک، لە قالبێکی دیکەدا دیسان دیوارە پادارەکەی بەرەو

## ❐ تورکەکان و مەغوولەکانی بەر لە ئیسلام بە وشیارییەوە چاویان بە سەرەوە بوو کە ئێسکی ئەو ئاژەڵانەی کە قوربانیان دەکەن، نەشکێن،

شێرسوارێکی ڕەقیب لە جێگەیەکی دیکە لەجیهاندا، هەر ئێستا نەنێرێ. ئەو پرسیارە ڕاست دەبێتەوە، تەنانەت لە ڕوانگەی **ئەهلی حەق** یشەوە، مانای ئەو ڕووداوەی (چ جیهانی یان کۆمەڵناسانە)کە زۆرجار دووپاتە دەبێتەوە چییە؟

## II تەجەسوومەکانی بەکتاشی - عەلەوی

شیکردنەوەی جۆربەجۆر سەبارەت بەو کێبەرکێیە کە حاجی بەکتاش تێیاندا دەوری سەرکەوتووانە دەگێڕێ هەن، شایەد ئەوی هەرە بەراییان ئەوەی بێ کە لە ویلایەتنامەدا هاتووە، ویلایەتنامە کتێبێکی بەسەرهاتی ئەولیاو پیاوچاکانە لە ئاخری و ئۆخری سەدەی پازدەهەمدا. لێرەدا ڕەقیب حاجی مەحموودی حەیرانی یە، کە بە ڕواڵەت شاگردی مەولاناجەلالودینی ڕۆمی بووە. لەوگێڕانەوەیەدا، حاجی بەکتاش بەرماڵەکەی(قالیچەیەکی دیکەی جادوویی؟) لە سەر ڕەوەزەبەردێک ڕادەخا و فەرمانی دەداتێ بێروبەوێدا وەجووڵە کەوێ، دوای ئەوە حاجی مەحموود تۆبە دەکاو سەر وەبەر بەتواناتربوون و بەرزتربوونی حاجی بەکتاش دەهێنێ(٣). لە شیکردنەوەکانی دواتردا، ئەوە ڕەوەزەبەرد نییە کە حاجی بەکتاش سوار دەکا بەڵکوو دیوارە لە سەر پشتی خۆی دادەنێ و بێروبەوێیدا دەبا وەهەوێتی عارفەڕەقیبەکە(کە هەمیشە شێرسوارە وماری پێیە)بە نێوی جۆربەجۆری وەک ئەحمەدی بەدەوی(٤)، ئەحمەدی ڕیفاعی(٥)، یان حاجی بایرام(٦)باس دەکرێ. ئەو ڕاستییەی کە ئەو سێ پیاوچاکانە دامەزرێنەری سێ تەریقەتی عارفانەی ڕەقیبیش بوون بە پتەوی ئەوە دەگەیەنێ کە دەروێشەکانی بەکتاشی ئەو داستانەیان بە پێی پێداویستی خۆیان ئاڵوگۆڕ کردووە، بۆئەوەی بەرزتربوونی تەریقەتی خۆیان بە سەر هەرتەریقەتێکی دا کە بەڕەقیبی سەرەکی ئەوان بزاندرێ بسەلمێنن. کەیسێکی زۆر تیژڕەوانەی ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ لە لایەن مورید و لایەنگرانی پیاوچاکی یۆنانی چارامبۆلۆس، قالبێکی مەسیحی حاجی بەکتاش کراوە. ئەوان پیاوە پیرۆزەکەی خۆیان سواری دیوارێکی پادار دەکەن و بەم پێیە بەرزتربوونی ئەو لە پێغەمبەر محەمەد کە شێرسوارە دەسەلمێنن.

لە دەوروبەری ئێستای بەکتاشی دا، ئەو داستانە چی دیکە نابردرێتەوە سەر ڕکەبەری لە نێوان تەریقەتە دەروێشییەکاندا، و چیدیکە بە کێبەرکێ یەکی موعجیزە دانانرێ. زانیاریدەرەعەلەوی و بەکتاشییەکانی من یەکدەنگ شێرسوارەکەیان بە قاراجائەحمەد نێوبرد، کە بۆخۆی پیاوچاکێکی بەنێوبانگی بەکتاشی بووە. بەردنووسێکی بە نیسبەت تازە لە سەر مەرقەدی قاراجائەحمەد لە ئۆیسکوێدار، لەڕاستیدا، باسی کاری موعجیزاوی دەکا بەزمانێکی ئەوتۆی کە تەبایی دەدرکێنێ نەک کێشەوڕکەبەری: پیاوچاکان شان بەشانی یەک سوارن(٨). ئەو ئەفسانەیە ئاوا دروست کراوە کە یەکدەنگی وتەبایی ناوکۆیی دەربڕێ تا ئەوەی کە باسی کێشەی لاوەکی و ڕکەبەری بکا.

تائێستا ئێمە حاجی بەکتاش مان دیوە کە خۆی دیوار سوار بێ(یان ڕەوەزەبەردسوار، ئەو جۆری کە بەسەرهاتەکە بگێڕدرێتەوە). لە گەڵ ئەوەشدا کوردە قزڵباش(عەلەوی)ەکانی دەرسیم، هەربەوردی هەمان داستان دەگێڕنەوە کە تێیدا قارەمانەکانی چیرۆک جیاوازن. شێرسوارەکە، لەو شیکردنەوەی دەرسیم دا، باوکەگەورەیەکی ئەفسانەیی عەشیرەتی **قوڕەیشانە**، و ئەو پیاوەی سواری دیوارەکە دەبێ بابامەنسوورە. بابامەنسوور باوکەگەورەی بامەسووران(بابامەنسووران)ەونێوی ئەوان لەو کەوتووەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوە پێی لێنراوە، کە بابامەنسوور کێبەرکێیەکەی لەبەر دەستو باهوو و بەرزتربوونی خۆی نەبردەوە؛ بەڵکوو لە«سایەی توانای حاجی بەکتاش» دیوارەکەی وەجووڵە خست(٩). عەشیرەتەکانی بامەسووریان و قوڕەیشان ئێستا بەڕێز وەک پیر («ئامۆژگاری ڕووحانی»)و **ڕەیبەر**(ڕێبەر، ڕێنوێن)ی، عەشیرەتەکانی دیکەی دەرسیم، کە لەو پێوەندییەدا بە **تۆلیو**(تالب، «مورید»)دادەندرێن دەجووڵێنەوە. **پیر** هەودای پێوەندی لە نێوان عەشیرەتەکانی تۆلیو و حاجی بەکتاش(یان چەڵەبی لە گوندی حاجی بەکتاش)ڕایەڵ دەکا، لە کاتێکدا **ڕەییەر** ئاڵقەی پێوەندییە لە نێوان تۆلیو و پیرەکەیاندا(١٠).

ئەفسانەی موعجیزەکانی سوار، لەشێوە جۆربەجۆرەکانی خۆیدا، دەبێ برەوو خۆشەویستییەکی بەربڵاوی لە ئاسیای ساوادا هەبووبێ، ئەوەش بەو ڕاستیە دەسەلمێ کە چەندین جێگە شانازی بە پاشماوەی دیواری پادار دەکەن(دەیان کرد). دیواری بابامەنسوور، کە هێشتاش لە لایەن قزڵباشەکانی ناوچەڕا بە پیرۆز دادەندرێ، Molyneux -Steel ئاماژەی پێ کردووە کە ئەمە لە گوندی قاردەرە لە لای باکووری چیای بابادوجیک(١١)بووە. لەکاتێکدا Bumke وای بیستووە کە ئەو دیوارە لە موهونوو لە نزیک مازگردە(١٢). بڕوای ناوچەیی ئێستاش ئەوەیە کە ئەو ڕەوەزەبەردەی لە گوندی حاجی بەکتاشە، چیای ئەو پیاوچاکە بووە(١٣). De Cholet پاشماوەی ئەو دیوارەی لە نزیک کرشەهیر پێ نیشان درا، لەکاتێکدا لە سەدەی ١٧هەمدا ئەولیاچەڵەبی دیواری حاجی بەکتاشی لە شوێنێک چاوپێکەوت بەنێوی سارووبەگ(١٥). ئەم دیوارە بە وێنە باش ناسراوە، هەم لە باڵکان و هەم لە تورکیا(بڕوانە وێنەی ١).

بە لەبەرچاوگرتنی باوبوونی ئەم ئەفسانەیە لە نێو قزڵباش و عەلەوی یاندا، سەیر نییە کە هەمان بابەت لە نێو ئەهلی حەقیشدا ڕوودەدا، چەندین سەروبەند کەم تازۆر پێوەندی زۆر گەرم و گوڕ لە نێوان ئەو جڤاتانەداهەبووە(١٦)، و مرۆڤ دەتوانێ وای بۆبچێ کە کێبەرکێی نێوان سوڵتان سەهاک و پیرمکایل هەر وەخۆکردنێکی دیکەی موعجیزەی حاجی بەکتاش بێ. لەگەڵ ئەوەشدا، نفووزی بەکتاشی زۆر کەمتر خۆی پێ پێمل دەکرێ، لەبەر زۆر لە تەجەسومەدووردەستەکانی دیکەی هەمان ئەفسانە.

## III لە نێو دەوروبەری هیندوستان دا

وێنەیەکی چاپکراوی ئایینی زۆر هەرەمەپەسند کە ئەمن چەندین ساڵ لەمەوبەر لە موڵتان(سیند، پاکستان)کڕیم، دووپیاوچاکی موسڵمانی هیندی نیشان دەدا کە ڕاست خەریکی هەمان کێبەرکێی موعجیزەن(وێنەی ٢). ڕەقیبەکە کە لیرەشدا لەلای چەپەوە دێ، سواری بەورێک بووە(زۆرجار پێکەڵێکی هیندی شێر)، دیسان مارێک وەک قەمچی دەستی بەکاردەهێنێ؛ ڕەقیبەبەرزتر و بەتواناترەکەی، کە لەلای دەستی ڕاستە، لەسەر لەتکەدیوارێک هەڵترووشکاوە کە خەریکە دەجووڵێ. هەر وەکوو ئەو شەرحەی کە لە نێو **ئەهلی حەق** دا دەگێڕدرێتەوە، کێبەرکێیەکە بە تەنیشت چۆمێکەوە دەکرێ. بە هەڵکەوت لەوێنەی ١ی دیواری حاجی بەکتاشیشدا، شکڵەکە، وەپردێکی داڕێژراو دەچێ، کە ئەوەش دەگەیەنێ کە لەسەر چۆمی بێ - وردبوونەوەیەکی کە

ئەمن دوایە دەگەڕێمەوە سەری. وێنەکە قارەمانانی چیرۆکەکە وەکوو شامەدارساحێب(بەورسوار)و شا میناساحێب دەناسێنێ، دوو سۆفی بەنێوبانگی سەدەی پازدەهەم؛ لە نێوەڕاست وێنەکەدا مەرقەدو بارەگای ئەوی دواییان کێشراوەتەوە کە لە Lucknow هەڵکەوتووە(١٧).



وێنەی ١): حاجی بەکتاش لە سەر دیواری، دێتە ناقاری، ڕەقیبی ماروەشێن(قاراجانەحمەد؟). لە زەمینەی وێنەکەدا ژمارەیەکی زۆر لە شاگردانی هەردووکیان چاویان لێدەکەن. ئەوەیکە وێنەکە کێ گرتوویە و لە کوێوە هاتووە نەزاندراوە؛ وێنەی چاپکراوە لە گوندی حاجی بەکتاش لە سالی ١٩٧٩ دەفرۆشرا.

وێژەی سەبارەت بەو پیاوچاکانە(١٨)هیچ باسی ئەو کێبەرکێیەی کە لێرەدا کێشراونەوە ناکا(ئەگەرچی ئەمن بۆم دەرکەوت کە ئەوە لە فۆلکلۆردا باس دەکرێ). بۆیە، جێی لێ فێربوونە، لێرەدا باسی نێوبانگی زۆر جیاوازی ئەو دوو پیاوە چاکانە هەردووکیان بکەین. **مەلفووزات ی شامینا**(وتەکانی تۆمارکراوی) ئەو وەک سۆفی یەکی تەواو لەخوداترسی چاکدین دەناسێنێ، ولە ڕێزەی ترادیسیۆنی«بەرز»ی دادەنێ. لەلایەکی دیکەوە شامەدار تەنێ وەک موعجیزەکارێکی گەڕیدە باسدەکرێ، جوولەکەیەکی سووریا کە بووە موسڵمان، کە بەرەو ڕۆژهەلات هات و بە ڕەچەی چەندین وەچی دەروێشانی گەڕیدەوئاوارەدا ئاخرەکەی بوو بە پیاوچاکێکی خۆشەویست لە هیندوستان. کتێبێکی سەبارەت بە ئەولیا و پیاوچاکان لەمەڕ سەدەی ١٧، **مرعات مەداری**، ئەو وانیشان دەدا کە موعجیزەی هەرەسەیروسەمەرەی کردبێ. ئەو بوو بە پیاوچاکی دنەدەری دەروێشانی **مەداری**، کە شایەد زۆر وەک کۆمەڵە جۆربەجۆرەکانی **قەلەندەری** شێوەی ئامالّ **یووگی** ئاخرونۆخری سەدەکانی نێوەڕاستی هیندوستان چووبن، و دژی ئەخلاقی باو بووبن(١٩).

وێدەچێ لەوانەبێ کە چیرۆکی کێبەرکێ، ڕیشەکەی لە هەرکوێیەکەوە بووبێ، لەلایەن پێڕەوانی شامیناوە وەخۆکرابێ بۆئەوەی بەرزتربوون و بەتواناتربوونی پیاوی پیرۆزی خۆیان و سۆفییایەتی بنچینەگری وی بەسەر دەروێشەکانی سەرکێش بەلام لە باری جادووگەرییەوە بەدەستەڵاتی مەداری دا بسەلمێنن. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو سەروبەندی کە ئەو پیاوچاکانەی تێدا ژیاون، ئەوە زۆر زەحمەتە کە پێش لە نیوەی دووهەمی سەدەی ١٥هەم ڕووی دابێ، کە هەر ئەو سەردەمیشە کە کێبەرکێیەکە بۆ یەکەم جار لە دەقێکی بەکتاشی دا باسدەکرێ (ئەگەر ئەو دەقە دەستێوەردانێکی دواتری **ویلایەتنامە** نەبێ). کەوابوو شەرحی بەکتاشی بە زەحمەت دەکرێ لە داستانی شامینا قەرزکرابێ. قەرزکردنی ئەو داستانە لەلایەکی دیکەشەوە، ئەگەرچی لە باری زەمانییەوە هەڵدەسوورێ، بەلام لە بەر هۆی دیکە وێناچێ کرابێ. ئەفسانەکە لە تەک نموونەی تایبەتی لەمەڕ هیندوستانی سەدەی نێوەڕاست جۆردێتەوە، **شەقلی یووگی** پێوەدیارە، ئەزیلەی سۆفیانی تێدایە کە لە لایەن دیگبی و ڕیزوی ڕا لێیان کۆڵدراوەتەوە(٢٠). جا لە بەر ئەوە سەیر نییە کە ئێمە ڕاست هەمان ئەزیلەمان گوێ لێبێ کە لەسەر دووپیاوچاکی موسڵمانی هیندی دیکەی، کەمتر ناسراو، واتە سەیدتاجودینی شێرسوار و شێخ قوتبەدینی منەوەر هانسووری دەگێڕدرێنەوە(٢١).

لەوەش زیادتر، ئێمە موعجیزەکانی ئەفسانەکەمان بە جۆرێش دەبینین، کە هێشتا لە کێبەرکێیەکدا نەخراونە ڕوو بەڕووی یەکتری، ئەوەش لە زنجیرەیەک سەرچاوەی موسڵمانی هیندی پێشووتردا. وەک ئەوەیکە لە سەر سۆفی پەنجابی سەدەی ١٤هەم ئەبووعەلی قەلەندەر دەگوترێ کە«ئەو عادەتی بوو بە سواری دیوار بگەڕێ»(٢٢). دیواری پادار تەنانەت لەوەش پێشتر لە دووانەکانی شێخ نیزاموودینی دێهلی دا(لە سالی ١٣٠٨داتۆمارکراوە)نێوی دێتە نێو نێوان، لەو جێیەیدا کە باسی شێخ لوقمانی سەرەخس(سەدەی ١٠هەم) دەکا. ئەوەی دواییان وای لەسەر بلاوبۆوە کە سەبارەت بە ڕواڵەتەکانی شەریعەت کەمتەرخەمە، بۆیە کاتێک دەستەیەک لە پیاوەلەخوداترس و ئیمانداڕەکان هاتنە جەستەی بۆ ئەوەی سەر کۆنەی کەن، ئەو فەرمانی دا بەو دیوارەی کە بە هەڵکەوت لە سەری هەڵتروشکابوو«بەقودرەتی خودا دەخۆی نووسێ و بجووڵێ»، و بە سواری دیواری چوو بۆ ئەوەی بەرەو ڕووی ڕەخنەکارانی ببێ(٢٣).

هەر هەمان لوقمان لە ئەزیلە جۆربەجۆرەکانی کە لە **ئەسرارئەلتوحید** یشدا هاتوون، سەروسەکوتی دیار دەکەوێتەوە، ئەوە کۆکراوەیەکە لە وتەکانی کە وەپاڵ شێخی خوراسانی ئەبووسەعیدی ئەبوولخەیر(لەسالی ١٠٤٩مردووە)دەدرێ، و لە دەوروبەری سالی ١١٨٠گردەوەکۆیی کراوە. لێرەدا باسی دیواری پادار نییە، بەلام لە **ئەسراردا** بڕگەیەک هەیە و ئەویش لەسەر کەس نییە **بایەزیدی بەستامی مەزن نەبێ** و دەڵێ ئەو **سواری پشتی شێر دەبوو و مارێکی ژارداری وەک قەمچی دەستی بەکار دەهێنا**(٢٤)!

ئەمن لەو بڕوایە دام کە ئێستا ئێمە لەو زەمان و شوێنە نزیک دەبینەوە کە ئەو موعجیزانە بۆیەکەم جار چوونە نێو فۆلکلۆری هەرەمەپەسندی سۆفیایەتییەوە. عەقڵ تێیدەچێ وادابندرێ کە تێکەڵاوکردنی ئەوانە بە کێبەرکێیەکەوەش لە خوراسان کرابێ، تاڕادەیەک لە سەروبەندێکی دواتردا، و لەوزەمانییەوە ولەوێوە ئەفسانەکە هەم بە ڕۆژئاوا و هەم بە هیندوستان دا بلاوبووبێتەوە. بەلام تەنانەت بایەزیدیش یەکەم کەس نەبووە کە ماری بە دەستەوە گرتبێ و سواری پشتی بەور بووبێ، نەک لوقمانیش یەکەم کەس بووە کە فەرمانی دابێ بە دیوار وەجووڵە کەوێ و بێروبەوێدا بڕوا.

## IV لەوپەڕی جیهانی ئیسلامدا

برادەرێکی ئیندولۆژیست(پسپۆری هیندوستان)سەرنجی منی بۆئەوە ڕاکێشا کە ڕوودانی هەمان چەشنە موعجیزان لە ئەفسانەکانی **هەشتاوچوار سیدلشدا** کە نی سوننەتی هیندووبوودایین هەن(٢٥). ئەوسیدایانە بنیاتنەری بزووتنەوەیەکی ئایینی ـ جادوویی ئەفسانەکراو

## ❑ شێر(یان بەور) و ماری ژاراوی دەبردرێنەوە سەر تەبیعەتی کێوی، و زاڵبوون بە سەریاندا بۆن و بەرامی سێحر و جادووی تۆخی(نائیسلامی) لێ بەرز دەبێتەوە.

بوون کە لە سەدەی ١١یان ١٢بەم لایەوە لەنێو هیندووەکانی باکووری هیندوستان دا هەتا بڵێی خۆشەویست بوون. ئەو بزووتنەوەیە، کە هیچ جۆرە پێوەندییەکی بە سوننەتی«پلەبەرزی»بەراهیمەوە نییە،«نوختەیەکی بەیەکگەیشتنەوەی بۆ ژمارەیەک لە سوننەت و کردەوەکانی ئایینی، جادوویی و کیمیاگەری، پێکهێنا، کە زۆربەیان سیڤاپەرست بوون بەڵام هێندێکیشیان بوودایی بوون» (٢٦). سیدا « Siddhas »کان، کە وادادەندرێ گەیشتبنە«کەماڵی جادوویی»، لە هیندوویایەتی باو و هەروەها لە بوودایەتی تەبەت و تەنانەت لە هێندێک لە ئەفسانەکانی سیکەکانیش دا جێیەکی هەڵکەوتوویان هەیە(٢٧). ئەفسانەکانی هەرەکەونارانی ئەو Siddhas انە تەنێ لە تەبەت پارێزراون، لە دەقێکدا کە لە نوسخەیەکی سانسکریت ڕا وەرگێڕدراوەو لە ئاخرونۆخری سەدەی یازدەهەم یان بەرایی سەدەی دوازدەهەمدا گردەوەکۆیی کراوە(٢٨).

یەک لەو هەشتاوچوارانە، گورو دۆمپیپا Ḍombipa، شابوو، بەڵام ناچار کرا لە سەر تەختی شایەتی لاچێ چونکوو ژنێکی لە کاستی بندەست(Ḍombi) خواستبوو و هێنابوویە نێوریزی دەستوپێوەندەکانییەوە. شا هاتنەخواری پلە و شانی کۆمەڵایەتی خۆی و هاتنەڕیزی کاستی ژنەکەی پەسند کرد، واتە کاستیḌom، گۆرانی بێژ، سەماکەرو تەردەستان، و لەگەڵ ژنەکەی سەری خۆی هەڵگرت و چووە لێرەوار، لەوێ دوازدەساڵان مانەوە. ئاخرەکەی دوای ئەو سەردەمایە، جووتەکە لە ژیانی چیایان دەستیان بەردا و **« بە سواری بێچووە بەورێکی مێ هاتنەوە و مارێکی ژاراویشیان وەک قەمچییەک بە دەستەوە بوو»** (٢٩). ئیتر ئەو کەسە کە ئێستا ببووە یووگی یەکی بەکەماڵ تکاوپاڕانەوەی پێڕەوەکانی خۆی کە لێیان دەویست ببێتەوە شا، بە هیچ نەگرت و داوای کرد بە زیندوویی بیسووتێنن. لە کۆمای خەڵووزی ئاورەکەدا جووتەکە بوون بە خودای هەڤاجرا و هاودەمەکەی.

ئەو سیدایە نێوەکەی لە کاستی خوارەوەو کەم پلەی Ḍom وەرگرتووە کە بەخۆشییەوەو دڵخوازانە دەستی لە پلەوپایەی خۆی هەڵگرت و چووە نێویان. (ئەو خۆبەکەم گرتن و لە پلەدابەزینە وەبۆچوونەکانی دەروێشانی مەلامەتی دواتر دەچێ، کە بە ئانقەستە بە دووی سووکایەتی کردن بە کۆمەڵگەدا دەگەڕان). ئەو دۆم(Ḍom)انە هەتا ئێستاش وەکوو کاستێکی شێوە ـ قەرەچی هەرماون، و پسپۆڕن لە شێوەی جۆربەجۆری خافڵاندن و سەرگەرم کردن و ئەو کاروخزمەتانەی کە بۆ سووتاندنی تەرم پێویستن. یەک لەشوێنە هەرەباوەکانی لای پەسندیان بۆ زیارەت و پاڕانەوە... بارەگا و چاکی شامەدار لە مەکانپوور بوو!(٣٠) ئەوە وا لەمرۆڤ دەکا کە بیر لەوە بکاتەوە کە بڵێی ئەو جێگەیە شوێنێکی پیرۆزی کۆنی Ḍombipa نەبووبێ و دواتر دەروێشانی مەداری بە چاکی پیرۆزی خۆیان دانابێ وەکوو گڵکۆی ساحێبی پیرۆزی بەورسواری خۆیان.

لەو داستانی سیداکانی Siddhas تەبەتی دا هیچ باسی دیواری پادار ناکرێ، بەڵام ئێمە بەسەرهاتێکی ئەوتۆمان لە ئەفسانەیەکی دواتردا گوێ لێ دەبێ. لە کتێبێکی بەسەرهاتی ئەولیا و پیاوچاکانی سەدەی ١٧ لەمەڕ گوروناناک، دامەزرێنەری ئایینی سیک، باسی چاوپێکەوتنێکی ئەو پیاوچاکە لە گەڵ هەشتاوچوار سیداکان دەکرێ. ئەوان لە خزمەت ویدا موعجیزەی جۆربەجۆریان لە خۆ نواند؛ و یەک لەوان بووە هۆی ئەوە کە **دیوارێک لە جێی خۆی بجوڵێ و بێروبەوێدا بڕوا**(٣١).

ئایا ئەوە مانای وایە کە ئەو سیدایانە تەجەسوماکانی هەرە نزیکی پێشووی موعجیزەکارانی ئەهلی حەق و بەکتاشی ئێمە بوون، یان ئێمە دەتوانین دیسان خزم و کەسوکاری تر لە شوێنی دیکە بدۆزینەوە؟

### تێهەڵکێش: زیندووبوونەوە بە ئێسکان

لە دەقە تەبەتییەکەدا، یەک لە سیداکانی دیکە، گوروڤیرووپا (کە بەهەڵکەوت مامۆستای دۆمبیپا بووە)، کۆتران دەکووژێ و گۆشتیان دەخوا، و دوایە بە پەڕوپۆیان گیانیان وەبەردەهێنێتەوە و زیندوویان دەکاتەوە(٣٢). ئەوەش ئیعجازێکی نائاسایی نییە. یووگی گەورە گۆراخنات، کە بە ئاسایی بە یەک لە سیداکان دادەندرێ، وای باس دەکەن کە ئینسانی مردووی بە پێستیان، یان بە خۆڵەمێشی لەشی سووتاویان زیندووکردۆتەوە(٣٣)، و داستانی زۆروزەوەندی فۆلکلۆری هیندی هەن کە هەمان جۆرەموعجیزەیان تێدا ڕوو دەدا(٣٤).

ئەوە هەر هەمان بابەتە کە لەچەندین ئەفسانەی ئەهلی حەقیشدا ڕوودەدا، لەوانە ئەوەی لەسەرەوەدا باسکرا(٣٥). ئەوە هەروەها لە دەوروبەری بەکتاشیشدا باش ناسراوە. لەم دوو کەیسانەدا، لەگەڵ ئەوەشدا، عونسورێکی زیادی هەیە: ژیان بە ئێسکان وەدیدێتەوە تا ئەوەیکە لە پاشماوەی دیکەی فیزیکیڕا وەدی بێ، و پێکیشی لە سەر ئەوەش دەکرێ کە ئەو ئێسکانە نابێ بشکێن(٣٦). ئەو بابەتەگشتییە لە هەموو جێیەکی جیهان ناسراوە(٣٧)، بەڵام ئەو شێوە تایبەتییە وێدەچێ هەر نموونەی ئاسیای نێوەندی بێ. تورکەکان و مەغوولەکانی بەر لە ئیسلام بە وشیارییەوە چاویان بە سەرەوە بوو کە ئێسکی ئەو ئاژەڵانەی کە قوربانیان دەکەن، نەشکێنن، هەموویان کۆکەنەوە و لە جێگەیەک بیانشارنەوە یان بیان سووتێنن، و لەو بڕوایەدا بوون ئەو کارە هەلی وەهۆشهاتنەوەی ئەوان لە دنیای دیکەدا دەرەخسێنێ. شکان یان ونبوونی یەک لە ئێسکەکان دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئاژەڵەکە سەکەت بێ(٣٨).

لەو کەیسەدا، وەیەکچوونی بابەتێک لە فۆلکلۆری ئەهلی حەق و بەکتاشی دا لە گەڵ سیداکان بەهیچجۆر پێویستی ئەوە ناهێنێتەگۆڕێ کە گریمانەی ئەوە هەبێ کە ئەو دووبنەماڵەسوننەتانە پێوەندی ڕاستەوخۆیان بەیەکەوە هەبووە. بنەچەی ڕاستەوخۆی ئەوانەی هەوەڵیان واتە نێ ئەهلی حەق و بەکتاشی واوێدەچێ بە ڕوونی تورک و مەغوولی بێ. Roux نموونەیەکی ئەوتۆی لە عونسورەتورکەکان لە دەقەکانی ئەهلی حەقدا کە لەلایەن موکری ڕا بڵاوکراونەتەوە دەستنیشان کردووە(٣٩).

دەکرێ ئەزیلەکانی ئێمە سەبارەت بە بەور و دیوار سەر بە هەمان دەستەی عونسورەتورکەکان بێ؟(کە لەو کەیسەدا، لەوانەیە یان لە ئەفسانەکانی سیدا قەرزکرابن، یان سەرچاوەی ئەو ئەفسانانە بن. ئەمن لەو بڕوایەدا نیم، ئەگەرچی ڕەنگە هەڵنەسووڕێ کە ڕچەی بنەچەکی ڕەسەنی قارەمانانی ئەو داستانانە شوێنگێڕی بکرێ و ساخبکرێتەوە. شتێک ئەوەیە تا ئەو جێگەی ئەمن دەزانم ئەوانە لە فۆلکلۆری بەر لە ئیسلامی تورک و مەغوولان دا تۆمار نەکراون. لەوانەیە دەروێشەخوراسانییەکان ئەوانیان لە یووگی گەڕیدەکان قەرز کردبێ، لەتەک شایەد هێندێک ڕێسای هیندوویایەتی کە وێدەچێ بەور و ماری ئەفعی ڕەمزو نیشانەیان بن. زۆر لەو ئەزیلانەی شێوە ـ **یووگی سۆفیگەری** هیندوستان کە پێشتر باسیان کرا(بڕوانە پەراوێزی ٢٠) واوێدەچێ

ڕیشەیان لە خۆراسانی سەدەی ١٠ـ ١٢دا بێ. کار لە سەریەککردنی عارفانی موسڵمان و غەوارەی بوودایی و زاهیدانی هیندوو بە ڕواڵەت لە خۆراسان زۆر بە کەڵک تر بووە لەوەی دوایە لە خۆی هیندوستان دا.

## مانای کێبەرکێی موعجیزە

مانای بەور و مار لە چوارچێوەی بۆچوونی هیندوویایەتی دا هەرچێکی بێ، لەنێو دەوروبەری موسڵماندا، بە تایبەتی کاتێک لەگەڵ دیواری پادار لەبەر یەک ڕابندرێ، وێدەچێ نیشانەو ڕەمزی ڕێبازی ڕووحانی ئاوارە، زاهید، جادووکار، فرووسماو و، شایەد دژئاکار بن، لە بەرامبەر و بە دژی ڕێبازی لە جێی خۆ نەجووڵ و ئارامی چەشنەکانی کە لە شەریعەتەوە دەکەونەوە. ئەوە گرینگە کە یەکەم سۆفی کە دەگوترێ سواری پشتی شێر بووە و مارێکی وەک قەمچی بە دەستەوە بووە بایەزیدی بەستامی بووە، عارفێکی یەکەم نموونە و سەرمەست و ناهاوڕەنگی سەروبەندی خۆی. هەروەها قسەی تێدا نییە ئەوە یارمەتی نێوبانگی شامەداریش دەدا کە ئەفسانەی دواتر ئەویش سواری پشتی بەور دەکا ـ جا دەوری Dom لەو بەسەرهاتەدا هەرچێکی بووبێ. ئێمە سەبارەت بە خوو و خدەی شێرسوارەکانی دیکە هیچ نازانین، پیرمکایل(لە نێو ئەهلی حەق دا) و مەحموود حەیرانی، بەڵام لەم دوو نموونانەدا ئەفسانەکە بە ئاشکرایی بە ڕەوتی ملکەچکردنی غەوارەیەکی پێشوو و سوننەتێکی ڕووحانی ئەخاراو لەئاست دەستەڵاتی «بنچینەگری و چاکدینی»دامەزراو و ڕیشەداکوتاو بەستراوەتەوە.

ناتەبایی نێوان دوو شێوەی جیاوازی ڕووحانی لەو وشانەی کە چیرۆکەکەی ئەهلی حەق و ئەو شەمایلانەی کە لە دوو نموونەکەی دیکەدا هەن(وێنەی ١و٢) جوان دیارە. شێر(یان بەور) و ماری ژاراوی دەبردرێنەوە سەر تەبیعەتی کێوی، و زاڵبوون بە سەریاندا بۆن و بەرامی سێحر و جادووی تۆخی(نائیسلامی) لێ بەرز دەبێتەوە. لەلایەکی دیکەوە، دیوار ژیانێکی نیشتەجێ و شارستانییەت دەگەیەنێ. دیواری حاجی بەکتاش لە وێنەی ١دا وەک پردێک دەچێ؛ لە چیرۆکی ئەهلی حەق و لە وێنەی ٢دا کێبەرکێیەکە لە تەنیشت چۆمێک ڕوودەدا، چۆم و ڕۆبار دەبردرێتەوە سەر ئاوداشتنی کشتوکاڵ و نیشتەجێ بوون(بڕوانە مێرگە پڕ لەگیاوگوڵەکە لە وێنەی ٢دا)، ئەوەش بۆخۆی دیسان ناتەباییەکی پتەو لە تەک چیا یان بیابان دەردەخاکە شێرسوارەکە لە وێوە دێ. بەرماڵی نوێژی حاجی بەکتاش(لە وێنەی ١دا کەوڵێکە؛ هەروەها لە تەسبێحی دەستیشی خوردبەوە)بەسترانەوە بە و لایەنگری لە شەریعەت دەردەخا؛ لە وێنەی ٢دا شامینا خەریکی دەستنوێژشوتنە کاتێک کە شامەدار دەگاتێ، ئەوەش بەو جەرەیەی ڕا کە بە تەنیشتیەوەتی دەردەکەوێ و لە وێنەکەشدا دیارە.

ڕەنگە ئەوە ڕێکەوت نەبێ کە شێرسوارەکە لە هەردووک وێنەکاندا، و لە چەند وێنەیەکی دیکەی کە ئەمن دیتوومن، لە لای چەپەوە دێ و ئەو پیاوەی لە سەر دیوارەکەیە لە ڕووبەڕوویەوە. دابەشبوونی ڕاست و چەپ بەشێک لە دەستەبەندی نیشانەیی یە لە زۆربەی فەرهەنگەکاندا، و مانای فەرعی دوولاتەقریبەن جیهانی یە(٤٠). پێویست ناکا ئێمە بیر لەدابی ڕاست و لای چەپ بکەینەوە بۆئەوەی دەستبەجێ لەو تێبگەین کە ئەو پیاوەی لە سەر دیوارە دروستکارە، و ئەوەی شێرسوارە قەڵب و ناڕاستە.




وێنەی٢): شامیناساحێب، لەسەر دیواری پادار، شامەدار ساحێبی بەورسوار بە خێرهاتن دەکا. ئەو دەقەی لە نێو وێنەکەدا نووسراوە بە ڕاشکاوی مارەکە بە قەمچی دادەنێ. لە نێوەنددا، مەرقەدی شامیناساحێب و مزگەوت لە لاکناو هەڵکەوتووە. چاپی مۆدێرنی فەرەنگی ئەمە لە مولتان(سیند)لە ساڵی ١٩٧٥ دەست کەوت.

کە وابوو ئەو لەبەریەکگرتنە بەڕواڵەت نیشانەی پڕۆسەیەکە کە لەزۆر جێگەی جیهان کەم تازۆر سەربەخۆیانە بەڕێوەیە. سەرکەوتنی سوننەتێکی عارفانەی «بەرز»بەسەر یەکی «هەڕەمەیی»دا، سەرکەوتنی ڕێبازێکی نیشتەجێ و دامەزراو و«بێ کەموکووڕی»بە سەر یەکی غەوارە، سەیروسەمەرە و«شل و شەوێق»دا. زۆر لەوەش ڕاستتر شایەد ئاماژە بێ بۆ لە کورتی دانی قەلەندەری بوون بەرەو چوونە نێو تەریقەتی زۆر دامەزراوتر، یەکەم قەلەندەر، شێوەدڕندە، هەتا بلێی هەژار، دەروێشی غەوارەی بەنگکێش، بە بێ حورمەتێکی ئاشکرا لە ئاست ئەرکە ئایینیەباوەکان، و سوێیەکی زۆر بۆ سەرخۆشی و بێ خەبەری لە ئاخرونۆخری سەدەی دەهەم و بەرایی سەدەی ١١هەمدا لە خۆراسان سەریان هەڵهێنا، لە ژێر شوێنی پەلاماری مەغوولەکاندا ژمارەیان زیادبوو و هەڵیدا، و سەرهەڵگرتن و گەڕانەکانیان ئەوانی گەیاندە ئەوپەڕی سنوورەکانی خۆراسان. قەلەندەرایەتی بەرەو ڕۆژئاوا تەنییەوە و گەیشتە ئاسیای ساوا، سووریاو میسر، لە بەرایی سەدەی ١٣هەمدا هێندەی پێنەچوو گەیشتە باکووری هیندوستانیش، ئەوە هاتووچۆیەکی یەکلایەنە نەبوو، لە ماوەی سەدەی ١٣و ١٤هەمدا، زۆر لە غەوارەی شێوە قەلەندەر لە ئاسیای ساواڕا گوێستیانەوە هیندوستان(شامەدار بۆخۆی، کە لە سووریاوە هاتبوو، بەشێک بوو لەو جووڵان و گواستنەوە بەلێشاوەی ڕۆژئاوا ـ ڕۆژهەڵات). لەماوەی چەند سەدەی دواتردا، **قەلەندەرەکان** دەکرا لەحاڵی سەفەروهاتووچۆدا ببیندرێن لە هەمووشوێنێک لەنێوان بەنگاڵ و قەراخی دەریای ئاتلانتیکدا(٤١).

سۆزی دامەزران و نیشتەجێبوون لەنێو **قەلەندەرەکاندا** لە بەرایی سەدەی ١٣هەم بەملایەوە، لە ئاسیای ساوا و میسر و هەروەها لەهیندوستان پەیدابوو. شایەد ئەوان کەوتبنە بەر تەئسیرو نفووزی جووڵانەوەئایینیەباوەکان و وردەوردە تێیاندا تواپێتنەوە، کە ئێمە واریسەکانیان لەنێو بەکتاشییەکان، عەلەوییەکان و ئەهلی حەقدا دەبینینەوە. **مەداری** هیندییەکان کۆمەڵێکی شێوە قەلەندەربوون کە بەلانی کەمەوە تا سەدەی١٧هەم وەک کۆمەڵێکی ئەوتۆ مانەوە. لە نێوەڕاست سەدەی هەڤدەهەمدا، قەلەندەر و ئەودەستانەی کە سەر بە ئەوان بوون هێشتا ژمارەیان زۆر بوو و لە نێوان کۆمەڵانی خەڵکدا لە ئێران زۆر

**□ چۆم و ڕۆبار دەبردرێتەوە سەر ئاوداشتنی کشتوکاڵ و نیشتەجێ بوون ، ئەوەش بۆخۆی دیسان ناتەباییەکی پتەو لە تەک چیا یان بیابان دەردەخاکە شێرسوارەکە لە وێوە دێ.**

دەستڕۆیوبوون، بەڵام بە ڕواڵەت ئیتر ئەوان گەڕیدە نەبوون و لە **خانەقا** و زاوییەیان(٤٢) نیشتەنی ببوون و دامەزرابوون. ئەمن لەوبڕوایەدام، کە ئەوپڕۆسەی دامەزران و وەخۆکرانەیە، کە ئێمە ڕەنگدانەوەیان لە تەجەسومەجۆربەجۆرەکانی کێبەرکێی موعجیزەکانماندا دەبینین. بەزەحمەت دەکرێ ئەوە بەرێکەوت بزاندرێ کە لەگشت شوێن و دەوروبەرێکیدا کە ئەو ئەزیلەیە وەخۆکراوە پێوەندی و شەقڵی ئاشکرای **قەلەندەری** پێوەدیارە. تەنانەت زۆر زیادتریش وێدەچێ، بە لەبەرچاوگرتنی کاتوسات و جێگەی سەرهەڵهێنان و پەیدابوونی ئەزیلەکە، کە ئەوە قەلەندەرەکان بووبن کە ئەو ئەزیلەیان لە شێوە جۆربەجۆرەکانیدا، لە هەموو گۆشە و کەلەبەرێکی جیهانی ئیسلامدا بلاوکردبێتەوە.

ئەوە چەند پرسیارێک دەهێنێتەگۆڕێ: بۆچی دەبێ قەلەندەرەکان ئەزیلەیەکی ئەوتۆ بلاوبکەنەوە کە لە کێبەرکێیەدا خۆیان وەک دۆڕاو دەناسێنن؟ و بۆچی ئەوەڕاست کۆمەڵە لاردین و ناناساییەکانی Heterodox وەکوو بەکتاشی، قزڵباش و ئەهلی حەقن کە دامەزرێنەران یان باوکەگەورەی خۆیان وەک سەرکەوتووی خاسدین دەناسێنن؟ ئەو دژ لە هەڤییەڕواڵەتییە بەوەدا ڕوون دەبێتەوە و یەکلادەکرێتەوە ئەگەر ئێمە وای دابنێین کە ملەوبەربەرەکانی نێوان دوو شێوەی ڕوانگەی عارفانە، بابەتێکی ناوکۆیی بووە لە بزووتنەوەی شێوە **قەلەندەرییەکاندا**. لەوەش زیادتر، وادەردەکەوێ کە بەکتاشی و ئەهلی حەقی ڕەسەن لە خاسدینی ئیسلامی نزیکتر بووبێ تا وەچەکانی دواتریان. حاجی بەکتاشی مێژوویی و پیرەوانی لەوانەیە سوننیەکی ملکەچی شەریعەت بووبن، و تەنێ لە قۆناخێکی دواتردا ئەو تەریقەتە بیروبۆچوونێکی عارفانەی تیژڕەوی شیعە(غەلات)و ئی بەر لەئیسلامی ڕۆژهەلاتی نزیکیان وەخۆکردبێ، کە سەرنجی زۆران و لەوانە، قەلەندەرەکانی بەرەولای خۆی ڕاکێشابێ. وەخۆکردن و حاوانەوەی قەلەندەران لە تەریقەتەکەدا لەڕاستیدا ڕەنگە یارمەتی ئەوەی کردبێ کە بەکتاشییەکان ڕوانگەوبۆچوونێکی لەسەرەخۆ و هێمنیان لە ئاقار شەریعەتدا هەبێ. پیاوچاکی دامەزراوی، دینخاس لەسەر پشتی دیوارەکەی لەپێشدا بە موعجیزەکەی جادووگەری گەڕیدەی شێرسوار دەبەزێنێ، بەڵام هەرکە هاتوو ئەوەی دوایی وەک شاگردومورید‌ێک وەخۆکرا ئیتر ئەوەی شێرسوارە بە چەرخی پێنجەمی دوژمن(ئەسپی ترۆیا) دادەنرێ. هەرهەمان پێشوەچوون لە نێو ئەهلی حەقیشدا بووە. لە بەڵگەیەکی کە لەم سەدەیەدا دەست کەوتووە(لە مەڕ بەرایی سەدەی ١٦هەم)جێنشینی سوڵتان **سەهاک** واتە **باباپادگار** وەکوو شێخێکی ئاسایی موسڵمان(٤٣)سەرهەڵدێنێ لە کاتێکدا وەچەکانی پێشووتر بەناوایەکی لەزێدە لایەنەکانی ناناسایی یان لاردینی بەرلە ئیسلامی بیرو ڕاکانی خۆیان دادەگرتەوە(٤٤).

پێشوەچوون و ئاڵوگۆڕ لە نێولایەنگران و دەستوپێکورەی شامیناساحێبیشدا وێدەچێ هەربەهەمان ڕێبازدا تێپەڕیبێ. لە **مەلفووزاتەکەیدا** ئەو خۆی وەک سۆفییەکی خاسدین و هێدی دەناسێنێ، بەڵام لە کتێبێکی باسی ئەولیا و پیاوچاکاندا **بەنوردوو** لە سەدەی ٢٠مدا، نەک هەر ئەوەیکە باسی چاوپێکەوتنەکەی ئەو لە گەڵ شامەدار کراوە بەڵکوو ئەو دەکاتە شاگرد و موریدی ئەویش (جگە لە مامۆستاکانی دیکەی)(٤٥). ئەگەرچی ئەوکارەش باسی ئەزیلەکەی ئێمەی تێدا نییە(سەرچاوەی چاپکراوە سیندییەکەی من وێنەی٢، هێشتا دیار نییە کێیە)، (بەڵام) **سەجادەنشین**(مجێور)ی چاکی شاميناساحێب، کاتێک من دواندم زۆر بەباشی لەو ئەزیلەیە ئاگادار بوو، و زۆرلەوانەش کە بۆ زیارەتی مەرقەدەکەی دەهاتن ئەوەیان دەزانی. وەک بەکتاشییەکانی ئێستا، ئەوان لایان پەسند بوو کە ئەو ئەزیلەیە نەک وەکوو کێبەرکێ و بەربەرەکانیەک بەڵکوو وەک ئەوەیکە دووپیاوچاکی کە سەر بە دوو هێزی ڕووحانی جۆربەجۆر بوون و دەستیان دابێتە دەستی یەکتری لێکدەدەنەوە: «هەردووکیان موعجیزەی لەتوانابەدەریان نواند وئێمە ڕێمان ناکەوێ داوەریان لە سەر بکەین و یەکیان لەوی دیکەیان بە گەورەتر دابنێین». لەلایەکی دیکەوە، کاتێک ئەمن سەبارەت بەو ئەزیلەیە پرسیارم لە **سەجادەنشین**(مجێور)ی مەرقەدی شامەدار کرد، وێدەچوو تاڕادەیەک عەبەسابێ. ئەو زۆرچاک لەو ئەزیلەیە ئاگادار بوو، بەڵام بەتوندی هەموو جۆرە پێوەندییەکی ئەوی بە شامەدارەوە بەرپەرچدەداوە؛ و دەیگوت شێرسوارەکە کەسێکی دیکە بووە(٤٦). ئەوە ڕەنگە ڕکەبەرییەکی پێشووتر لەنێوان لایەنگرانی ئەو دووپیاوەپیرۆزەدا بدرکێنێ، کە تێیدا ئەفسانەکە بە جۆرێکی ئەوتۆ گێڕدراوەتەوە کە بە تواناتربوون و بەرزتربوونی شامینا بسەلمێنێ.

وێدەچێ کە ئەم ئەزیلەیە وردەوردە سێ دەوری جیاوازی گێڕابێ، و تاڕادەیەک سێ واتای جیاوازی گەیاندبێ، لەدەستپێکەوە، ئەو نیشانەی دەروێشانی گەڕیدەی سەرکێش، سواڵکەر، و دەواکێش بووە کە ژیانی نیشتەنی وەخۆ دەکەن و سەر وەبەر ئەزم و دەزگای دامەزراوەوە دەهێنن. لەقۆناخێکی پاشتردا، ئەو ئەزیلەیە، وەک زۆر لە ئەزیلەکانی دیکەی سۆفیگەری(لەگەڵ پەراوێزی ٠٢لەبەر یەکی ڕانێ)، بۆ ئەوە بەکار هاتووە، کە بۆ ڕکەبەری لەگەڵ پێڕەوانی پیاوچاکانی دیکە، یان تەریقەتە سۆفیگەرییەکانی دی وەک شاپەوگاپە و هەڕوگیفتێک بۆ بەرزتربوونی ڕووحانی بەکاربهێندرێ. بەرهەڵستکاری نێوان نیشتەجێ و دامەزراوان لەلایەک و ئی گەڕیدان لەلایەکی دیکەوە تێیدا کەمڕەنگتر بووەوە وە، و ئەو واتایەی دەیگەیێنێ بوو بە هەمان بەسەرهاتی کە سەبارەت بە مووسا و جادووگەرەمیسرییەکان لە ئینجیل و قورئاندا باسدەکرێ ئەویش: هێزی مەلەکووتی ڕاستەقینە لە ئاقار هێزێکی قەڵب و بەدەڵی ئەوتۆدا. ئاخرەکەی، لە قۆناخی دواییدا، جۆرێک سازان و هاتنەڕەدا لە نێوان ڕەقیبانی پێشوودا دەکرێ، یان شایەد ناسین و ددانپێداهێنانی تۆرەمە و ڕەچەڵەکی جۆراوجۆر و تێکەڵ. ئەو ئەزیلەیە ئیتر وەک زەمینەی درکێنەری کێشەودووبەرەکی دانانەدرێ بەڵکوو وەک نیشاندەری تەبایی و یەکانگیری چاولێدەکرێ. دووسوارەکان نوێنەرایەتی دوو شێوەی یەکسانی دەستکەوت و کەماڵی ڕووحانی دەکەن.

قارەمانانی ڕاستەقینەی ئەزیلەکەی ئێمە، ئامرازەکانی تەجەسومەجۆربەجۆرەکانی، قەلەندەرەکان و بوودایی یان هیندووەپێشووەکانن. زۆر لە وێکچووەکانی نێوان بەکتاشی و قزڵباشەکان لەلایەک، و ئی ئەهلی حەق لەلایەکی دیکەوە، شایەد هەم لە بەر شوێن و تەئسیری زۆری **قەلەندەرایەتی** لە سەر هەردووکیان، و هەم لە بەر تەئسیرێکی ئەوتۆی لاوەکی کۆنتری ڕۆژهەلاتی نزیک بێ کە ئەوان لەوانەیە تێیدا شەریک بن. ئەو کۆمەڵانە نەک ئەوەیکە ئەو ئەزیلەیەی

ڕەخنـــــە

و

ڕوانـــگـــە

حکومەتی کوردستان

# یا کۆماری کوردستان( ١٩٤٦)

- نێوی کتێب:حکومەتی کوردستان
- بابەت: لێکۆڵینەوە
- نووسەر: نەوشیروان مستەفا ئەمین
- قەوارە: مام ناونجی(٢٨٨ لاپەڕە)
- چاپی یەکەم: ساڵی ١٩٩٣




**نووسینی: کەریمی حیسامی**

لەم دواییـانـەدا، لـە لایـەن کـاک **«نەوشیرولن مستەفا ئەمین»** دوە کتێبێک بە ناوی ***«حکومەتی کوردستان ـ کورد لە گەمەی سۆڤێتی دا»*** بڵاوکراوەتەوە و بە هەق سەرنجی خوێنەرانی بۆلای خۆی ڕاکێشاوە.

تا ئێستا زۆر کەس لە نووسەرانی خۆماڵی و بێگانە لە سەر بزووتنەوەی( ٤٦ ـ ١٩٤٥ )ی کوردستانی ئێران و دامەزرانی کۆماری کوردستان نووسیویانە و بیروڕاو بۆچوونی خۆیان سەبارەت بەم ڕووداوە گرنگە مێژووییە دەربڕیوە.

دیارە لەبەر نەبوون و یا کەمبوونی فاکت و بەڵگە و سەرچاوەی باوەڕپێکراوی سەردەمی کۆماری کوردستان، بەشی زۆری نووسراوەکان وەک بۆچوونی شەخسی و گێڕانەوەی قسەو بەسەرهات دێنە قرساندن. هێشتا زۆری پێدەوێ تا سەنەد و بەڵگەڕەسمییەکانی ئەودەم، بکەونە بەر دەستی نووسەران و هەموو کەلێن و قوژبنی نادیار و داپۆشراوی ئەم ڕووداوەگرنگە بخرێنە ڕوو.

هەرچۆنێک بێ و هەرچی نووسرابێ، گرنگی مێژوویی کۆماری کوردستان نیشاندەدەن. لە نێو ئەم نووسراوانەدا کە لە سەر کۆماری کوردستان(١٩٤٦ ) نووسراون، کارەکەی کاک نەوشیروان شوێنی تایبەتی هەیە. تا ئێستا جگە لە کاک مەحموودی مەلاعیزەت کە نامەکانی بەشی هێزی بەرگری کۆماری کوردستانی لە بەرگێکی نازداردا چاپکردووە، کەسیتر نەیتوانیوە ئا بەم شێوەیە ڕۆژنامەکانی کوردستانی ساڵەکانی( ٤٦ ـ ١٩٤٥ ) وەدەست بێنێ و ئاوا بەڕێکوپێکی بیانخاتەوە سەریەک و بەجوانی مونتاژیان بکات.

بەڕاستی کاک نەوشیروان بە کۆکردنەوە و مونتاژکردنی ڕۆژنامەکانی کوردستان و دۆزینەوەی ئەو هەموو بەڵگەو سەرچاوەیە لە سەر کۆماری کوردستان، زەحمەتێکی زۆری کێشاوە و خزمەتێکی گەورەی بە کتێبخانەو بە خوێنەرانی کورد کردووە. تا ئێستا ئەم کارە بەکەس نەکراوە و لەم بوارەدا گرەوی بردۆتەوە.

لێرەدا نامەوێ باسی نێوئاخنی کتێبەکە و شێوەی ڕوونکردنەوەی ڕووداوەکان و بۆچوونی نووسەری بەڕێز بکەم. چونکە نێوئاخنی کتێبەکە جگە لە چەند لاپەڕەی پێشی و کۆتایی، بە نووسراوەی ڕۆژنامەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان پڕکراونەتەوەو خوێنەری کورد تا ڕادەیەک لە ڕووداوەکانی بزووتنەوەی کۆمەڵەی ژ ـ ک و حیزبی دێمۆکرات و کۆماری کوردستان( ٤٦ ـ ١٩٤٣ ) ئاگادار بکات.

ئەوەی لێرەدا بۆ باسکردن دەبێ و دەمەوێ ڕوونی کەمەوە، ناوی کتێبەکەیە کە بەبڕوای من لە گەڵ نێوەرۆکی باسەکە و لەگەڵ واقعیەتی مێژوویی و ئەسڵی ڕووداوەکە یەک ناگرنەوە.

ناوی کتێبەکە: «حکوومەتی میللی کوردستانە» بەڵام ئەوەی جەوهەری مەسەلەکەیە و لە نێوئاخنی کتێبەکەدا باسی دەکرێ کۆماری کوردستانە. چونکە حکوومەتی کوردستان دەزگای دامەزراوی کۆمارە. دەزگایەکی ئیداری و ڕاپەڕاندنی کاروبارە لە نیزام و سیستیمی کۆماری کوردستاندا.

بەبۆچوونی من ئەوە مەسەلەیەکی سادە نییە. لێک جیاکردنەوە و ڕوونکردنەوەی ئەم دوو وشە و ئیستلاحە(کۆمار و حکوومەت) ڕەنگە پێویست بێ. چونکە هەر یەک لەوانە ماناو مەفهومی تایبەتی خۆیان هەیە و ناکرێ یەکیان لە جیاتی ئەویتر بەکار بهێنرێت.

ئەوەی لە ساڵەکانی( ٤٦ ـ ١٩٤٥ ) لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و لە شاری مەهاباد وەک کەیان و دەسەلاتی سیاسی کورد، دامەزرا؛ کۆماری کوردستان بوو. جا کە نووسەرانی بێگانە و خۆیی بە کۆماری کوردستان، یا کۆماری دێمۆکراتی کوردستان، یان کۆماری کوردی ناو دەبەن؛ هەمووی ←

ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن کە دامەزراوەکە، کۆماری کوردستان بووە.

دیارە هەموو نووسەرانی ئێرانی، بە چەپ و ڕاستەوە، لە باسی بزووتنەوەی کۆردستانی ئێراندا، بە ناحەق وشەی «خودموختاری!»بە کۆمارەوە دەچەسپێنن. بۆ نەهاتی ئەدەبیاتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانیش تا ئاخرین ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان واتە ژمارە ٢٠٦ لە باسی کۆماری کوردستاندا، لە ترسی بۆرژوازی فارس و یا بۆ بزواندنی سیلەی بەزەیی هێزەدێمۆکراتەکانی ئێران؛ وشەی خودموختاری لێ زیاد کردووە.

لێرەدا نامەوێ بێمە سەر ئەو باسە کە داخودا ئەو کەیان و قەوارەسیاسییەی کورد کە ساڵەکانی( ٤٦ ـ ١٩٤٥) لە مەهاباد دامەزرا، کۆماری سەربەخۆ بوو یان خودموختار؟ کردەوەو سیاسەتی، کردەوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بوو یا خودموختار؟ ئەگەر دەوامی کردبایە بەرەو کوێ هەنگاوی داویشت؟ ئەمە هەویرێکە ئاو زۆر هەڵدەگرێ؛ هەرکەسە بیرو بۆچوونی خۆی هەیە و هەر نووسەرەش بە گوێرەی بۆچوونی خۆی و هەڵوێست گرتن لە مەسەلەی کورد لێکی دەداتەوە.

من لەم وتارەدا، ناچمە سەر ئەوباسە، تەنیا دەمەوێ ئەوە ڕوون کەمەوە کە دانانی وشەی «حکوومەتی کوردستان»لەجێگای «کۆماری کوردستان» لە جێگای خۆی نیە و لەگەڵ واقعیەت ڕێک ناکەوێ.

بۆ ئەوەی تەنیا نەبێتە بۆچوونی خۆم، با گەشتێک بە نێو کتێبەکەدا بکەین و چاوێکیش بە نووسراوە و سەرباس و بۆچوونی چەند نووسەرێکی بێگانە و خۆیی دا، بگێڕین و بزانین ئەوان کەیان و قەوارەی دامەزراوی ساڵەکانی( ٤٦ ـ ١٩٤٥) لە کوردستانی ئێران و لە مەهاباد بە چی ناودەبەن.

## گەشتی ناو کتێبەکە

کاک نەوشیروان لەم بەشەدا، لە ژێر سەردێڕی «ئاهەنگەکانی ڕێبەندان»دا، دەنووسێ: «کۆبوونەوەی مەهابادو دامەزراندنی حکوومەتی کوردستان» (لاپەڕەی ١٠١). بەڵام هەر بەدوای ئەودا، نووسراوەی ڕۆژنامەی«کوردستان» ، دەنووسێ: ڕۆژنامەی کوردستان لە ژێر سەردێڕی «جێژنی سەربەخۆیی و ئیستیقلالی کوردستان» (لاپەڕەی١٠١).

ـ‍ ڕتقی جەنابی پێشەوا و ڕەئیس جمهووری بەرزی کوردستان(لاپەڕەی ١٠٦ .

ـ‍ ر لەم ئاهەنگەدا سەیفی قازی،« قاضی محمد بە ڕەئیسی جمهوو ی کوردستان» ناودەبات(لاپەڕەی١٠٨).

و ـ‍ ری ئاغای ئانەوازادە: «ئەی خالقی لایەزال! پێشەوا و ڕەئیسی جمهـ ـ‍ری کوردان مەوفەق و پایدار بکەی...(لاپەڕەی١٠٩).

ئاغای ئەحمەدئاغای ئێلخانی زادە وتاری خۆی بەم شوعارە کۆتایی پێدێنێ: «بژی کوردستان! بژی ڕەئیس جمهووری کوردستان جەنابی قاضی محمد» (لاپەڕەی ١١٢).

وتاری شێخ حەسەنی شەمسی بورهانی: «براکان! چاو هەڵێنن و ئالای موقەدەس و سێ ڕەنگی کۆردستان ببینن و چاو و دڵتان ڕوون بێتەوە ڕەئیسی جمهووری خۆشەویست ببینن» (لاپەڕەی ١١٣).

وتاری سید عبدالعزیز سید عەبدالله گەیلانی:« هەر بژی ڕەهبەرمان ڕەئیس جمهووری کورد قاضی محمد ـ هەر بژی کوردو کوردستانی گەورە» (لاپەڕەی ١١٥).

جەژنی سەربەخۆیی و ناساندنی سەرۆک جمهووری بەرزی کوردستان لە«پێشمەرگەخانەی هێزی دێمۆکراتی کوردستان» (لاپەڕەی ١٣٢).

شێعری هێمن:

«جێژنی ئیستیقلالی کوردستانە ڕۆژی شادی یە
جێژنە پیرۆزە لە هاوخوێنانی خوێن گەرمم دەکەم
جێژنە پیرۆزە دەکەم لێت و دەڵێم یا خوا بـــژی
ئەی ڕەئیس جمهووری کوردو پێشەوای موحتەرەم» (لاپەڕەی ١٣٤).

جا سەرەڕای ئەو ئاخافتن و شوعار و وتارانە کە هەموویان لە سەر دامەزرانی کۆماری کوردستان و بوونی سەرکۆمار جەخت دەکەن؛ کاک نەوشیروان دەنووسێ:«وتاردانی ئەمانە لە سەر سەکۆی ڕاگەیاندنی حکوومەتی کوردستان لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد لە ئاهەنگەکانی ٢ی ڕێبەندان» (لاپەڕەی ١٢٦)؛ هەر دەڵێی نووسەری بەڕێز لە گەڵ وشەی "کۆماری کوردستان" نێوانی نیە. لە لاپەڕەی ١٣٧دا دەنووسێ:«بڕیاری کۆبوونەوەی دووی ڕێبەندان بڕیاری دامەزراندنی حکوومەتی کوردستان بوو».

لە کاتێکدا بڕیاری کۆبوونەوەی دووی ڕێبەندان لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد بڕیاری دامەزرانی کۆماری کوردستان بوو. چونکە هەر بەدوای ئەودا، هەر وەک کاک نەوشیروان لە لاپەڕەی ١٢٩ی کتێبەکەیدا دەنووسێ؛ ڕۆژنامەی کوردستان داوا لە کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکرات دەکات کە«حکوومەتی کوردستان و وەزیران و ئیدارەکان ساز بکەن». واتە کۆماری کوردستان ڕۆژی دووی ڕێبەندان ڕاگەیەندراوە و دامەزراوە، پێشەوا بە سەرکۆمار ناسێنراوە؛ ماوەتەوە حکوومەت واتە هەیئەتی وەزیران. یا وەک خۆی لە لاپەڕەی ١٣٨دا دەنووسێ: «هەیئەتی ڕەئیسەی میللی کوردستان» دامەزرێت کە دامەزراوەو ئەم هەیئەتی ڕەئیسەیە کە بە حکوومەت دەژمێردرێ و لە ١٤ وەزیر پێکهاتووە لە ڕژێمێکی جمهووریدا. دامەزراوە و دەزگای کۆماری کوردستان بووە.

هەروەک نووسەر خۆی دەنووسێ: «ڕژێمی ناوەندی سەڵتەنەتی بوو کە چی ئەم جمهووری بوو. بە ناو بە خۆی ئەگوت"جمهووری خودموختار" بەلام ڕاستییەکەی ئەو دەسەلاتانەی بە خۆی ڕەوا دی بوو لە هی فیدرال زۆرتر بوو» (لاپەڕەی١٣٨).

پێم وانیە لە هیچیەک لە بەڵگە ڕەسمییەنووسراوەکانی ئەوکاتی کۆماری کوردستاندا " جمهووری خۆدموختار" هاتبێ؛ بەلام لە هەموو نووسراوەی ڕۆژنامەکانی ئەو دەمی کوردستان و وتاری بەرپرس و وتاردەرەکان کە کاک نەوشیروان کۆی کردوونەوە؛ «کۆماری سەربەخۆ و ئیستیقلال»دووپات کراونەوە.

بۆ ڕوونبوونەوەی زیاتری ئەم باسە کە بە ڕای من گرنگی مێژوویی هەیە، دوای گەشتی ناو کتێبەکە با چاوێک لە نووسراوە و بۆچوونی هێندێ نووسەری کورد و بێگانە بکەین و بزانین ئەوان کەیان و قەوارە و دامەزراوەی ساڵەکانی(٤٦ ـ ١٩٤٥)ی کوردستانی ئێران لە مەهاباد چۆن ناو دەبەن؟

**ویلیام ئیگلتۆن**(W. Eagleton): «کۆماری کوردی ١٩٤٦»

**ئارچی روزڤێلت**(Archie Roosvelt): «دامەزران و پێکهاتنی کۆماری کورد، تەمەنی کورت و پڕلە کارەساتی ئەو، هەروەها تێکچوونی لە ئەکاوی یەکێک لە بەسەرهاتەهەرە ڕوون و ئاشکراکانی سەدەی بیستەمە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا» (کۆماری کورد لە مەهاباد ) وەرگێڕانی خالید عەزیزی ١٩٩١.

**درک کینان** : «٢٢ی ژانوییە قاضی محمد بە سەرۆک کۆماری تازە دامەزراوی کورد هەڵبژێردرا» (کورتە مێژووی کورد لاپەڕەی ١٨٨؛ ١٣٧٢ی هەتاوی. وەرگێڕاوی: برایمی یۆنسی).

**کریس کوچێرا**(Chris Kutschera): « قاضی بە پیشەوەری دەڵێ: دەپێش ئەوەیدا کە ئێمە کۆماری سەربەخۆی کوردستان دابمەزرێنین، لە گەڵ یەرماکۆڤ ئەفسەری سیاسی شورەوی وتووێژمان بووە» (مێژووی کورد لە سەدەی ٢٠ ـ ١٩دا؛ لاپەڕەی ٢٧٢).

**دوکتور قاسملوو**: «لە ٢٢ی ژانوییەی ١٩٤٦ کۆمارێکی نیشتمانی کورد بە سەرۆکایەتی قاضی محمد پێشەوای حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دامەزرا» (کوردستان و کورد؛ لاپەڕەی ٩٩، ١٩٧٣).

ڕۆژنامەی "کوردستان" ژمارە ١ی ژانوییەی ١٩٧١« بەیاننامەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە بۆنەی تێپەڕبوونی٢٥ساڵ بە سەر دامەزرانی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان لە مەهاباد».

**مەحموودی مەلا عیزەت**: کۆماری دێمۆکراتی کوردستان کرۆنۆلۆجی ڕووداوەکان، پێشەوا لە سەردەمی کۆماردا(گۆڤاری ڕابوون؛ ژمارە ١و٢ لاپەڕەی ٥٦ ـ ٥٢؛ ١٩٩١).

**ب. الوندی**: زنجیرەڕووداوێکی گرنگ لە تەمەنی کۆماری میللی کوردستان لە مەهاباد (ڕۆژنامەی دەنگی کورد؛ ١٩٦٠).

**زننار سلوپی** لە یادداشتەکانی خۆیدا کە دێتە سەر باسی بزووتنەوەی ٤٦ ـ ١٩٤٥ ی کوردستان ئێران لە هەمووی "جمهووری کوردی ـ جمهووری مەهاباد" ناودێنێ و لە نامەیەکدا کە داویە بە پێشەوا قاضی محمد، نووسیویە: «فخامە رئیس جمهوریە کردستان».

**مامۆستا علاالدین سجادی**، شەهید قاضی محمد بە«پێشەوا سەرۆکی جمهووریەتی کوردستان» ناو دەبا (شۆڕشەکانی کورد لاپەڕەی ٢٨١؛ ١٩٥٩).

**مەسعوود بارزانی**: «١٩٤٦/١/٢٢یەکەمین کۆماری کوردستان لە مەهاباد ڕاگەیەنرا» (البارزانی و الحرکەالتحرریەالکردیە، ل ٨؛ ١٩٨٧).

**جەلال تاڵەبانی**: «ئەهمییەتی مێژوویی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان» (گۆڤاری ڕۆژی نوێ، ژمارە ١٠؛ ل ٥١ ؛ کانوونی دووەمی ١٩٦١).

**گۆڤاری ڕۆژی نوێ**: «دەزگای کۆماری دێمۆکراتی کوردستان. قاضی محمد سەرۆکی کۆماری میللی دێمۆکراتی کوردستان» (لاپەڕەی ٤٠، ژمارە١٠ ـ ١٩٦١.

**هێمن**: «پاش دووی ڕێبەندان و پێکهاتنی کۆماری کوردستان، کوردەکانی پارچەکانی تری کوردستان ڕوویان لە مەهاباد کرد» (تاریک و ڕوون؛ لاپەڕەی٢٩.

**دوکتور فوئاد محەمەد حوسێن**: «کوردەکانی کوردستانی ئێران لە ٢٢ی ژانوییەی ١٩٤٦ کۆماری کوردستانیان ڕاگەیاند و قاضی محمدیان بە سەرکۆمار هەڵبژارد »

The legal concept of self. Detemination and The kurdish (question, p.36, 1985)

**عەقید بەکر کەریم حەوێزی**: «گەشتێک بە کۆماری مەهاباد دا» (گۆڤاری گزینگ، ژمارەکانی: ١ی(١٩٩٣)و٢و٣ی ١٩٩٤.

**قەشە تۆمابوا**(Toma Bova): کۆماری سەربەخۆی کورد لە مەهاباد بە ساوایی سەری برا» (گۆڤاری دەنگوباسی ڕۆژهەلات؛ ژمارە٢٩ ـ ١٩٤٩)

**بهمن خاکباز**: « تشکیل جمهوری کردستان(مهاباد)؛ دووی ڕێبەندان "٢٢ی ژانوییەی ١٩٤٦ قاضی محمد لە لایەن نوێنەرانی خەڵکەوە بە سەر کۆماری کوردستان و ڕێبەری کوردستان هەڵبژێردرا.

ڕوژنامەی ڕەسمی جمهووری بە ناوی **"کوردستان"** ڕاگەیاندنی کۆمار و کابینەی ئەوی بلاوکردەوە. ئالای کوردستان کە بریتی بوو لە سێ ڕەنگی سوور لە سەرەوە، سپی لە نێوەڕاست و سەوز لە خوارەوە، ئارمی جمهووری کوردستان لە نێوەڕاستی ئالا، قەڵەمێک و گوڵەگەنمێک کە قەڵەم نیشانەی کولتور و زانست و، گوڵەگەنم نیشانەی کار و بەرهەم؛ لە سەرەوەش ڕۆژ نیشانەی ئازادی بوو، هەڵکرا» (نکات تاریخی پیرامون جنبش ملت کرد؛ ص ٤٣).

لێرەدا بە جوانی بۆمان ڕوون دەبێتەوە، هەروەک نووسەرانی بێگانە و خۆیی ئاماژەیان بۆ کردووە و لە سەریان نووسیوە، دووی ڕێبەندانی ١٩٤٦ ڕۆژی دامەزران و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستانە و پێشەوا قازی محەمەدیش بە سەرکۆماری کوردستان هەڵبژێردراوە.

حکوومەتی کوردستان وەک دەزگای ئیداری کۆمار، دوای دووی ڕێبەندان دامەزراوە و دەست بەکاربووە. هەربۆیەش کتێبەکەی کاک نەوشیروان لە گەڵ هەموو پوخت و پاراوی و پڕلە بەڵگەیی، نەیتوانیوە لەم ناتەواوییە خۆی دەرباز بکات. ■

---

**پاشماوەی: مناڵ و پەروەردەکردنی**

بپارێزێت تەنها لە کاتی شەڕدا نەبێت! باویشە کە کوردەواری، وشەی(چاو لەیەک سوور کردنەوە) بەکاردێنێ چونکە ئەو دەمە چاوەکان پڕلە ڕق و کین دەکرێن.

بەپێچەوانەی ئەو کۆنتاکتانەی کە دوو کەس بەچاو دژ بە یەک دەیکەن، کۆنتاکتی چاوی کوڕوکچە کە بۆ نیشاندانی بەدڵبوون و خۆشەویستی بەکار دەبرێت. لەم بارەوە ڕووداوێکی خۆشم لە بیرە، تازە گەیشتبووینە سوێد و لە گەڵ برادەرێک پیاسەمان دەکرد، لە ناکاوێکدا گوتی: تۆ دەزانی ئافرەتی ئێرە ئێمەیان زۆر بەدڵە!

گوتم: چۆن دەزانیت؟ گوتی: ڕێک تەماشای ناوچاومان دەکەن. پاشان کەوتە ئەوەی... ئەها تەماشای کردم! بڕۆ با قسەی دەگەڵ بکەین(زمانیشمان نەدەزانی، من ئینگلیزییەکەم لەو باشتر بوو، دەیویست ڕۆڵی وەرگێڕی بۆ ببینم)، هەرچۆنێک بوو ئەو ڕۆژە ئەم برادەرەم دامرکاندەوە و ترساندم بەوەی کە ئێمەتازە بووینە پەناهەندە و لەوانەیە دەرمان کەن. پاش چەند ساڵێک بۆم دەرکەوت کە بابە ئەوە خۆشەویستی نەبوو، بەڵکوو ئێمە خەڵکێکی نامۆ و غەریب بووین لە شارێکی وەک کیرونا (Kiruma)دا کە باکووری ترین شاری سوێدە و خەڵکی ئەوێ قەت سەر ڕەشیان نەدیبوو، بۆیە ئەو ڕۆژە هەموو تەماشایان دەکردین و ئێمەیان پێ شتێکی سەیربوو.

ئەم جیاوازییە لە شێوەی بەکارهێنانی چاودا، شتێکە کە خۆمان بیری لێناکەینەوە، هەر چەندە جیاوازییەکی کولتوورییە کە ڕەگ و ڕیشەی لە شێوەی **پەروەردەکردنی منداڵ** دایە. بێ گومان وێنە و نموونەی دیکە گەلێکن و، ئەوەی من دەمەوێ بیگەمێ وەلامی پرسیارێکە: ئایا ئێمە ڕێز لە منداڵ دەگرین یاخود بەزییمان پێیاندا دێتەوە؟ ئەو وەلامەو بەردەوامی ئەم باسە بۆ ژمارەی داهاتوو هەڵدەگرین.

(1) Metoden för barn uppfostran har sin grund i respekt för individen. ■

لێکۆڵینەوەی مەردمناسی

# کوردەکانی سوێدی فەنلاند لە کەمایەتییەکەوە بۆ یەکی دی

زانکۆی هێلسینکی(۱۹۹۳):**لەیف نیهۆڵم**

وەرگێڕان لە سوێدییەوە: **حەسەنی قازی**




### فەنلاند وەک کۆمەڵگەیەکی فرە ئێتنیکی

فەنلاند لە باری دانیشتووەوە وەک کۆمەڵەیەکی تەواو یەکدەست دادەندرێ. سوێدییەکانی فەنلاندی لە ساڵی ۱۹۵۰، ۸.٦٪ی دانیشتوانیان پێک دێنا، ئەو ژمارەیە لە ساڵی ۱۹۹۱تا ۵.۹ ٪ داکشا. پلە وکەسێتی کەمایەتی و سەر بەکەمایەتی بوون تەواو ڕوون و ئاشکرا نییە، زەحمەتە کە سنوورێکی تەواو دیار لە نێوان فەرهەنگی فەنلاندی و فەرهەنگی سوێدی بکێشرێ. بۆ ماوەی دوور ودرێژ سەرنجێکی زۆرکەم دەدرا بە سامەکان، چونکوو ئەوان لە دەرەوەی نێوەندەشارییەکاندا دەژیان. ئەوە تارادەیەک لە مەڕ ڕۆمەکان(= قەرەچییەکان)یش هەر وایە.

لە باری مێژووییەوە دیمەنی فەنلاند زۆر ئاڵوگۆڕی تێدا پێکهاتووە. لە زەمانی دەستەلاتی ڕووسەکاندا(۱۹۱۷ـ ۱۸۰۹) گرووپی تازەی ئێتنیکی هاتن بۆ فەنلاند وەکوو جوولەکەکان و تاتارەکان، هەروەها ڕووسی ئەوتۆی کە ڕەچەڵەکیان زیادتر لێڵ و ناڕوونە. ئەو کەمایەتییانە بەرەبەرە بوونە سوێدی چونکوو ئەو سەروبەندی لە هێلسینکی زمانی سوێدی زمانی سەردەست و دەستەلاتدار بوو. دوای شۆڕشی ڕووسیا فەنلاند لە لایەکەوە بوو بە وڵاتێکی تێپەڕگە و لە سەرێکی دیکەشەوە بوو بە وڵاتی جێی کۆچ بۆکردن و لێ حاوانەوە بۆ ئەوانەی کە لە دەست ڕێژیمی تازە هەڵدەهاتن(۱).

دوای ساڵی ۱۹٤٥ فەنلاند بو بە وڵاتێکی کۆچ بۆکردن. لە پێشدا لە ساڵی ۱۹۷۰دا پەنابەرانی شیلیایی دێنە فەنلاند و لە نێوەڕاست ساڵانی ۱۹۸۰وە فەنلاند دەستی بەوەکرد کە لە چوارچێوەی سیاسەتی ڕەسمی پەنابەریدا لە فەنلاند پەنابەر وەرگرێ و بیانحاوێنێتەوە. یەکەم دەستەی پەنابەران لە ڤییەتنامەوەن کە ۱۱۷کەس ساڵی ۱۹۸٦ هاتوون، لە ساڵی ۱۹۸۷ ئەو بەشە گەیشتە ۲۰۰کەس، دیسان ئەوانەی هاتن ڤییەتنامی بوون. لە ساڵی ۱۹۸۸بەش زیادکرا و گەیێندرا ۳۰۰کەس و ئەوە پەنابەری ئێرانیشی وەبەر دەگرت. لە ساڵی ۱۹۹۰ یەکەم دەستەی کوردەکان دەگەنێ(وەک بەشە پەنابەر)بەشە پەنابەر لە ساڵی ۱۹۹۱ ئاوا دابەش دەبن:

| ڤییەتنام | ئێران | عێراق | فەلەستین |
|---|---|---|---|
| ۱۷۲کەس | ۱۵۲ کەس | ۵۹ کەس | ٤ کەس |

عێراقییەکان کوردن. ڕەچەڵەکی ئێتنیکی ئێرانییەکان زەحمەتە دیاری بکرێ. لەوانەیە زۆربەیان کورد بن(۲).

بەشەپەنابەرەکان لە کۆتایی ساڵانی ۱۹۸۰وە جگە لە شارەگەورەکانی وەکوو هێلسینکی لە لایەن کۆمۆن و شارەپچووکەکانیشەوە وەرگیران و حاواندرانەوە. کۆمۆنەسوێدییەکانی فەنلاند بەگشتی بە بەراوردکردن لەگەڵ کۆمۆنەفەنلاندییەکاندا سیاسەتێکی لیبێڕاڵتری پەنابەرییان هەیە. هەروەها هەوڵی ئەوەش دراوە کە ئەو پەنابەرانەی کە لە ناوچەیەکی وەکوو یەکەوە دێن لە کۆمۆنێکی ئەوتۆدا بگیرسێنەوە و ماڵ دانێن.

بۆ بەشی فەنلاندی سوێدی ڤییەتنامییەکان هاتوون بۆ کۆمۆنەکانی ڕۆژهەڵات بە درێژایی قەراخی باکووری ڕۆژئاوا(بڕوانە نەخشەی پاشکۆ)، لە ئۆلاند Åland ئێرانییەکان وەرگیراون. لەلێوارەی سنوور لە ئۆبوولاند Åboland ، لە دراگسفییەرد Dragsfjärd ، پارگاسpargas ئێرانی فارسی ئاخێوەر، کوردوئازەری وەرگیراون(۳). لە ڕۆژئاوای نیلاند کوردەکانی عێراق هاتوون بۆ پۆیۆ Pojo، کاریس Karis و ئێکێنێس Ekenäs؛ بۆ ئینگۆ Ingå کورد لە ئێرانەوە هاتوون. بۆ شیرکسلێت Kyrkslätt کە دەکرێ لە ئێستاوە بە پێتەختی مەڵبەندەکە دابندرێ ئێرانی فارسی ئاخێوەر هاتوون(کە ژنی فیلیپینی یان هەیە). بۆ ڕۆژهەڵاتی نیلاند تا ڕادەیەکی زۆر ڤییەتنامی هاتوون(بۆ: سیبووsibbo، بۆرگۆ borgå و لۆڤیسا)، بەڵام هەروەها سۆمالیاش(بۆ: لاپفییەرد lappfjärd). کەوابوو دانیشتووانی تازە لە فەنلاندی سوێدیدا زۆربەیان ڤییەتنامی و کوردن. ئەمن لێرەدا لە دۆخی گرووپێکی ئێتنیکی تایبەتی، واتە کوردەکانی کە لە نیلاندی ڕۆژئاوا، بە تایبەتی ئێکێنێس دەژین لە باری هەڵبژاردنی زمان و پێوەندی دەکۆڵمەوە. ئەمن بە شێوەیەکی ئەپساوە لەگەڵ بەشێک لە کوردەکانی کە لەوێ دەژین هاتووچۆم بووە و هەموویان باش دەناسم. بناخەی زمانەکەیان فێربووم کە مانایەکی گەورەی ڕەمزی هەبوو لە(پێوەندییەکانماندا). لە باری مێتۆدەوە

> ❐ بەکارهێنانی زمان لە لایەن دەستەیەکەوە یان لە لایەن تاکێکەوە هاوپێوەندی زمانی وردتر ڕوون دەکاتەوە و ئەگەر بە پارێزەوە بۆی بچین بەلانی کەمەوە چوارچێوە یان شەرتی هەوێتی ئیتنیکی پێکدەهێنێ.

ئەو (لێکۆڵینەوە)یە دەکرێ نێوی لێبندرێ دیتنی بەشدارانە، ئەگەرچی ئەو تێرامان و لێخوردبوونەوەیە جاروبار نەبێ مەبەستی هەستان و دانیشتن وهاتووچۆی من لەگەڵ ئەو ئینسانانە نەبووە.

**هاوبەشیی تازەی زمانی پەنابەرەکان**

مەفهوومی ئینگلیسی speech community دەکرێ بە جڤاتی زمانی وەربگێڕدرێ(thelander ٤٦ : ١٩٧٤). ئەو مانایە بە باوەڕی من زیادتر زمان دەگرێتەوە جا بۆیە ئەمن لام پەسندترە کە زاراوەی گشتیتری هاوبەشیی زمانی بەکار بهێنم. ئەو مەفهوومە بە شێرەی نیسبی دەکرێ ئاوا دابندرێ کە تاکتیک لە عەینی کاتدا سەر بە چەند کۆمەڵ بێ و بە پێچەوانە واتە کۆمەڵێک چەندین تیپەن بگرێتەوە کە لە زمانێکدا یان لە خەسڵەتی دیکەی ئێتنیکیدا یەک دەگرنەوە(بڕوانە Wardhaugh ١٢٧ـ١٢٥ : ١٩٩٢). لە فەنلاندێ مرۆڤ لە لایەک سەر بە کۆمەڵێکی زۆر شل لە یەک گرێدراوی سوێدی فەنلاندە، لەلایەکی دیکەوە سەر بەکۆمەڵێکی گشتی فەنلاندی یان کۆمەڵی فەنلاندە. لەوەش زیادتر مرۆڤ پێوەندی لە گەڵ کۆمەڵگەی سوێدی سوێد هەیە. ئەو سێ بەشانە بە گوێرەی ئەوەی کە سوێدییەکانی فەنلاند بارودۆخی شوێنی ڕۆنیشتنیان، مەیل و قازانجیان و مێژووی ژیانیان چۆنە پتەوبوونی پێوەندی پێوەیان و خۆپێوەلکانیان جیاوازە. قورسایی هەرکام لەو بەشانە لای تاکێکی تایبەتی دەکرێ بەپێی پێوەندییەکان بپێودرێ. داخودا چ دەخوێنێتەوە، چ ئامرازێکی ڕاگەیاندنی گشتی تاقیب دەکا، و لەگەڵ چ کەسانێک هەڵدەستێ و دادەنیشێ؟

ئەو پەنابەرانەی کە دێنە ناوچەسوێدییەکان، بەر لە هەمووشت لە کۆمەڵگەخۆجێیەکدا دەخرێنە نێو هەودای ڕایەڵەی پێوەندی کۆمەڵایەتییەوە و لەوێوە بەر بە(کۆمەڵگە)ی سوێدی فەنلاند یان فەنلاندی. ئامرازی ئەوەش دەورەی زمانە، کە تێیدا ئاسایی وایە بە زمانی زۆربەی دانیشتووانی کۆمۆن دەرس دادەدرێ. دوا بە دوای ئەوە دەورەکانی زانیاری سەبارەت بە کۆمەڵگەیە، کە زۆر جار بەشداری تێیاندا دڵخوازانەیە، و بە زمانەکەی دیکەی وڵاتە. لەهەمان کاتدا پارێزگاری لە فەرهەنگی پەنابەرانیش دەکرێ و ئەوە بۆ منداڵان بە ڕێگەی دەرس پێگوتنەوە بەو زمانەی لە ماڵێ پێی دەدوێن(خۆی دەردەخا).

هاوپێوەندی ئەسڵی(پەنابەران) بەڕێگای جەڵخە و ڕایەڵەی نێونەتەوایەتیدا دەپارێزێ. لەوەش دەرچێ هۆی پێوەندی یەکلایەنەی وەکوو سێریالی تێلێڤیزیۆنی دەتوانێ کەسێتی نێونەتەوایەتی و دڵنیایی بێدەوڵەتی دروست کا. کاناڵە تێلێڤیزیۆنییەکان لە هەموو شوێنێکی جیهان عەینی وێنە نیشان دەدەن.

بە لانی کەمەوە یەکەم وەچی موهاجیران هەوێتی ئێتنیکی خۆیان دەپارێزن. ئەوە لە هەست و بڕوای قووڵ بەڕەچەڵەکێکی هاوبەشدا خۆی دەدرکێنێ(Hyltenstam & Stroud 1991). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێوەندییەکانی تاکێک دەکرێ بە پێی هاوبەشی تازەی زمانی ئەو لە هەموو فرەلایەنەبوونەکانی خۆیدا بڕیاری لە سەر بدرێ و دیاری بکرێ.

مرۆڤ دەتوانێ پێوەندی بە ئاوێنەیەکی دەربڕی کولتور یان کولتور خۆی دابنێ(بۆ وێنە بڕوانە Kulick ١٩٩٢بە شاهیدهێنانەوەی -Bour dieu و Foucault ). بەکارهێنانی زمان لە لایەن دەستەیەکەوە یان لە لایەن تاکێکەوە هاوپێوەندی زمانی وردتر ڕوون دەکاتەوە و ئەگەر بە پارێزەوە بۆی بچین بەلانی کەمەوە چوارچێوە یان شەرتی هەوێتی ئیتنیکی پێکدەهێنێ. زمانی ژیانی ڕۆژانە ئەوەش دەردەخا کە مامۆستای زمان دەبێ خۆی بە چ بابەتێکی زمانەوە خەریک دەکا.

**کوردەکان لە نیلاندی ڕۆژئاوا**

نیلاندی ڕۆژئاوا یان ڤێستنیلاند Västra nylandبەشێکە لە ناوچەی سوننەتی سوێدی فەنلاند(بڕوانە نەخشەی پاشکۆ). نێوەندی ئەو ناوچەیە ئێکنێس Ekenäs ە کە لە ساڵی ١٩٩٣ نزیکەی ١٤٦٠٠ کەسی دانیشتوو هەبووە(لە کاتی ئەو لێکۆڵینەوەیەدا ژمارەی دانیشتووان ١١٤٠٩ نەفەر بوو)لە وانە ٨٣٪ سوێدی زمانن(٤). ئێستا ئێکێنێس، ناوچەی سوێدی Tenala لە باکووری ڕۆژئاوا وەبەردەگرێ و لەلای ڕۆژئاواوە هاوکەوشەنی ئۆبوولاند Åboland و فینبی Finby فەنلاندی زمانە، لە باشووری ڕۆژئاوای هانکۆ Hangö ی دووزمانە هەڵکەوتووە، لە باکووری ڕۆژهەڵات ناوچەکانی کاریس Karis و ئینکۆ Ingå هەڵکەوتوون کە زۆربەی سوێدی زمانن. لە لای ڕۆژهەڵاتی ئەوانە هێلسینکی هەڵکەوتووە ولە شیرکسلێت Kyrkslätt و شیوندێئۆ Sjundeå زمانی زۆربە فەنلاندییە. لە باکووری کاریس-Kar isدانیشتووان فەنلاندی زمانن، ئەگەرچی پۆیۆPojo کەمایەتییەکی بەرچاوی سوێدی هەیە.

لە ساڵی ١٩٩٠یەکەم بەشەپەنابەرەکان هاتن بۆ ڤێستنیلاند. ئەودەمی ٢٠ کوردی عێراق هاتن بۆ ئێکێنێس و ٢٤کەسیش بۆ پۆیۆ. لەساڵی ١٩٩٢، ١٠کوردی دیکەی عێراقیش هاتن بۆ ئێکێنێس. هەرهەمان ساڵ ٢٦ کورد لە هانکۆ، حاوێندرانەوە کە ١٧یان کوردی عێراق و٩ یان کوردی ئێران بوون، ١٤کوردی ئێرانێش لە ئینکۆ دامەزرێندران. خەسڵەتی پەنابەرانی نیشتەجێ لەڤێستنیلاند لەوپلەیەدا بە ڕاشکاوی کوردی بوو(٥). بۆ ناوچە سوێدییەزمانەکان هێندێک ئەولاتر واتە بۆ ئۆبۆلاند ئێرانییەکان هاتن، ٢١ئێرانی فارس زمان لە ساڵی ١٩٩١هاتن بۆ دراگسفییەرد Dragsfjärd هەر ئەوساڵە ٢١ئێرانی لە پارگاس Pargas دامەزران و لە ساڵی ١٩٩٢ش ١٠ئێرانی دیکە هاتن بۆ ئەوێ. لەو پەنابەرانەی کە هاتنە پارگاس ٢١ئێرانی فارس زمان بوون، ٦ کورد و ٤ ئازەری. لەساڵی ١٩٩٢ دەستەیەکی ٩کەسی ئێرانی فارس زمان و ٣ فیلیپینی هاتن بۆ شیرکسلێت نزیکی هێلسینکی. ئەوانەی کە دێنە ڤێستنیلاند، بە هاووڵاتی کە ئێتنیسیتییەکی دیکەیان هەیە«ژمارەیان زیاد دەبێ».

ئەوانەی کە هاتوون بۆ ڤێستنیلاند، هاتوون بۆ ناوچەیەکی کەلە ڕاستیدا کەمایەتی سوێدی فەنلاند تێیدا زۆرینەن. کۆمۆنەکان بۆخۆیان سەرپشک بوون بڕیار بدەن کە پەنابەرەکان لە پێشدا کێهەیەک لە زمانەکان فێربن. لەو کۆمۆنانە کە زۆربە بە سوێدی زمانانە، زمانی سوێدیان بۆ پەنابەران هەڵبژارد، و لەوانی دیکەش فەنلاندی. ئەوە وادادەندرێ کە هەلی خۆگونجاندن بۆ پەنابەران باشتر بڕەخسێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوە مانای وایە کە بۆ وێنە ئەو کوردانەی کە هاوکات هاتن بۆ پۆیۆ و ئێکێنێس و تاڕادەیەک لەگەڵ یەکتریدا ئاسیاوبوون، دەستیانکردوە بە فێربوونی زمانی جیاواز.

| ناوچه | ژمارەی دانیشتوو | ڕێژەی سوێدی لە سەد دا | زمانی هەڵبژێردراو (٩٢ ـ ٩٠) |
|---|---|---|---|
| Hangö | ١١٤٥٨ | ٤٧ | فەنلاندی |
| Tenala | ٣٠٨٤ | ٨٧ | |
| Ekenäs | ١١٤٠٩ | ٨٣ | سوێدی |
| Karis | ٨٧٧٢ | ٦٤ | |
| Poio | ٥٣٠٠ | ٤٠ | فەنلاندی |
| Ingå | ٤٧٢٣ | ٦٧ | سوێدی |
| Sjudeå | ٤٢٢١ | ٤٤ | |
| Kyrkslätt | ٢٥٣٣٦ | ٢٤ | فەنلاندی |
| Dragsfjärd | ٤٠١٧ | ٧٧ | سوێدی |
| Pargas | ١٢١٧١ | ٥٧ | |

بۆ سەلماندنی پێویستی خویندنی فەنلاندی ئاماژە بەوە دەکرا کە ئەگەر مرۆڤ فەنلاندی نەزانێ زۆر ئاستەمە بتوانێ لە بەشەکانی ناسوێدی فەنلاند بەرەی خۆی لە قوڕاو دەرکێشێ. بۆ سەلماندنی خوێندنی سوێدیش هەلومەرجی ناوچەیی دەهاتە گۆڕێ. کوردەکان وەکوو فەنلاندی زمان دوو ئەوەندەیان بۆ زەحمەت دەبوو کە لەلایەن کۆمۆنە سوێدییەزمانەلەمێژینەکانەوە وەخۆبکرێن و بحاوێندرێنەوە. جگە لەوەش بە فێربوونی سوێدی ئەوان بۆیان هاسانتر دەبوو کە ڕێی خۆیان بەرەو هاوپێوەندی ولاتانی باکووری و سوێد دەرکەن. لێرەدا دەبێ ئەمن لەو قسەیەش زیادکەم کە دۆخی لەکەمایەتیدابوونی سوێدییەکانی فەنلاند باشە و لە وزەیدا هەیە (لە گەڵ خەڵکی تازە) بێتە ڕەدایە و خۆیان لێ نزیک کاتەوە.

کێشەی کەمایەتیبوون بۆ کوردەکان شتێکی تازە نییە، هەرئەوەش لەوانەیە یارمەتیدەربووبێ بۆ ئەوەی کە لە باری زمانییەوە تا ڕادەیەکی باش خۆیان بگونجێنن. کوردەکان لە ناوچەشاخاوییەکانی ڕۆژهەلاتی تورکیا، باکووری عێراق، ڕۆژئاوای ئێران هەروەها باکووری سووریا و خوارووی ئەرمەنستان دەژین. لە ئاخروئۆخری سالانی ١٩٨٠ ژمارەی کوردەکان ئاوا داندراوەد

| دەوڵەت | ژمارەی کوردان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| تورکیا | ٩,٦ میلیۆن کەس | ١٩ |
| عێراق | ٣,٩ میلیۆن کەس | ٢٣ |
| ئێران | ٥,٠ میلیۆن کەس | ١٠ |
| سووریا | ٠,٩ میلیۆن کەس | |
| یەکێتی شووڕەوی (پێشوو) | ٠,٣ میلیۆن کەس | |

«مەکداوڵ (١٩٩٢:٣٢)»

کوردەکان لە ساڵی ١٩٧٤ هەڵوێستی هەرە بەهێزوپتەویان لە عێراق هەبوو. لەوێ ئەوان وەک کەمایەتییەکی نەتەوایەتی بە ڕەسمی ناسراون، بەلام هەر وەکوو تورکیاو ئێران شەڕی زۆر قورسیان لە دژی ڕێژیم کردووە(٦). زمانی کوردی خزمی زمانی فارسییە وبە دووشێوەی سەرەکی دابەش دەبێ. لە تورکیا و لە لای هەرسەرووی عێراق بە کرمانجی قسەدەکرێ. سۆرانی قەدروقیمەتی زیادترەولەعێراق و ئێران قسەی پێدەکەن و بە ئەلفوبێتکەیەکی ئاڵوگۆڕ کراوی عەرەبی دەنووسرێ. شوێنی سەرەکی (بەخۆداهاتنی) سۆرانی بەسالان سولەیمانییە لە عێراق بوو، کە لەوێ زانکۆیەکی کوردیش کاری دەکرد*. ئێستا واوێدەچێ کە بەشێک لە قورسایی کاروتێکۆشان گوێزرابێتەوە ئەربیل(٧).

تەبیعییە کە پەنابەرەعێراقییەکان زمانی عەرەبیش کە زمانی سەرەکی دەوڵەتە بزانن. ئەوە زیادتر لەنێو پیاوەکاندا وایە تا ژنەکان چونکوو پیاوان لە دەرەوەی ماڵێ هەڵسوکەوتیان هەیە. لە ئێران واچاکە مرۆڤ فارسی بزانێ و لە تورکیا تورکی. بۆ ئەو کوردانەی کە لە باری سیاسییەوە چالاکن، و لەوانەیە ڕابردوویەکی پارتیزانییان هەبێ، ئەوە ئاساییە کە (ڕۆژێک لە ڕۆژان) دالدەیان بردبێتە بەر ولاتەکانی دراوسێ. پەنابەرەعێراقییەکان غالبە بە ئێراندا هاتوونە تورکیا و لەوێوە گەیشتوونەتە فەنلاند. جا لەبەر ئەوە جگە لەزمانی زگماکی خۆیان کوردی (سورانی) و زمانی زۆربە عەرەبی، فێری فارسی و تورکی و شێوەی کوردی کرمانجیش بوون. ئەوانەی بە تەکووزی خوێندوویانە خۆیان فێری ئینگلیسیش کردووە.

واوێدەچێ کە بۆ سورانی ئاخێوەرێک هاسان بێ کە خۆی فێرکا لە کرمانجی تێبگا ـ لەوانەیە ئەوە وەک ئەوەبێ کە سوێدییەک بیەوێ فێری دانمارکی بێ ـ. فارسی خزمێکی زۆر نزیکی کوردییە، لە کاتێکدا عەرەبێ و تورکی نە خزمی کوردی و نە خزمی یەکتریشن.

ئەو کوردانەی کە هاتوونەڤێستنیلاند، لەباری زمانییەوە چەند لایەن و جگە لەزمانی زگماکی خۆیان یەک تا چوار زمانی دراوسێش دەزانن، کە هیچکام لەو زمانانە لەو ناوچەیەی کە تازەیان ماڵ لێداناوە دەکار ناکرێن. بەلام ئەوان بە دۆخی لەکەمایەتیبووندا ڕاهاتوون کە ئەوەش تەجرەبە و ناسیارییەکی بایەخدارە.

کولتووری کوردەکان تا بڵێی بە پێوەندی خێزانەوە گرێدراوە، ئەگەرچی ئێستا زۆرجارێنەماڵەکان لە یەک هەڵبڕاون و بەعێراق، ئێران، تورکیا و هەروەها ولاتانی دووهەمی دالدە لە ئورووپا، ئامریکا و یەکێتیی شووڕەوی پێشوودا بلاوبوونەتەوە. ژن لە ماڵێیە، ئەگەرچی هەڵکەوتی وی لەوێدا لە دنیای عەرەبی کۆن کراوەترە. زۆربەی کوردەکان موسڵمانی سوننین، بەلام ئایین لەنێو ئەواندا دەورێکی سەرەکی ناگێڕێ و داناگیرێتەوە، بەتایبەتی لەنێو پیاوندا کە ئەمە بە شتێکی لەمەڕ کولتووری عەرەب دادەنێن (قورئان بە زمانی کوردی وەرنەگێڕدراوە)**.

نێ، ژیان و هەڵسوکەوتی کوردەکان لەڤێستنیلاند چۆنە؟

ئەمن ئەوەم هەڵبژارد کە لە خۆگونجاندنی زمانی یەکەم کوردەکانی ئێکێنێس دوای ساڵێک نیشتەجێبوون لە شوێنی ژیانی تازەیاندا بکۆڵمەوە. ئەمن بە شێوەیەکی بەردەوام هاتوچووی ماڵەدۆستێکی خۆم

*: ڕەنگە خوێنەرەوە بزانێ کە لە سایەی دەستەلاتی کوردەوە دیسان زانکۆی سلێمانی دەستی بەکار کردۆتەوە (وەرگێڕ).

**: وادیارە مامۆستا نیهۆڵم لەوە ئاگادارنییە کە چەند زانای کورد وەکوو خوداڵێخۆشبووان شێخ محەممەدی خاڵ و هەژار قورئانی پیرۆزیان وەرگێڕاوەتەسەر زمانی شیرینی کوردی (وەرگێڕ).

دەکرد کە خێزانێکی گەورە بوون و لەگەڵ کوردەکانی دیکەی ئەوێشدا پێوەندیم هەبوو، کە ئەوە دیمەنێکی گشتی باشی لە سەر دۆخی ئەوان لە زەینی مندا پێکهێنا، بەڵام بۆ ئەوەی کە قسەکانم ئاکامێکی ڕێکوپێکی هەبێ، پرسیارنامەیەکی ئەوتۆم گەڵاڵە کرد کە وڵامی سەرزارەکی پێبدرێتەوە و هەوڵمدا کە لە پێوەندییەکانی هەموولایی بیست نەفەر لە کوردەکانی ئێکێنێس Ekenäs لە ماوەی دوو ڕۆژان دا بکۆڵمەوە.

بیری مێتۆدی لێکۆڵینەوەکەم لە توێژینەوەی ئاننا ماڵمبەری(لە ژێر چاودێری: بێنگت نووردبەری)سەبارەت بە بەکارهێنانی زمان لە شاروگوندان وەرگرتووە(٨). ئەویش ئاوایە کە زانیاریدەرەکان دەفتەرێکیان درایە کە بۆ خۆیان سەبارەت بە پێوەندییەکانیان لە ماوەی ڕۆژێکی تەواودا شت یادداشت کەن. ئەوە بۆ لێکۆڵینەوەکەی من هەڵنەدەسووڕا. تەنانەت مێتۆدی ئەوتۆ لە کولتوری وڵاتانی باکووریشدا شەرتێکی زۆر لە سەر دەستەی زانیاریدەر دادەنێ. لە لێکۆڵینەوەکەی مندا جگە لەوە هەڵکەوتی زانیاریدەرکان زۆر جیاوازبوو، وەک تەمەن، توانایی نووسین و ئەنگێزە.

**پێوەندی و هاوبەشی زمانی**

ئەمن لە ماوەی دوو شەوورۆژاندا لە پێوەندی هەموولایی کوردەکانی ئێکێنێس Ekenäs ، لە ١٠گەورەساڵ و ١٠منداڵانم کۆڵییەوە بە ڕێگەی چوونە ماڵیان و دواندنیان ڕا.

پرسیارەکانم بە شێوەیەکی ئەوتۆ داهێنا کە پێوەندی یەک لاییشم لێ ڕوونبێتەوە. ئەوە هەربریتی نەبوو لە وتووێژ، بەڵکوو لە بەرچاوگرتنی نامەنووسین، خوێندنەوە، گوێ لە ڕادیۆ هەڵخستن و چاولە تێلێڤیزیۆن کردنیشی دەگرتەوە. گەڵاڵەکردنی ئاکامی ئەو لێکۆڵینەوەیە زەحمەت بوو چونکوو ئەمن دەبوو پرسیارەکان لە تەک زانیاری زمانی و لێزانینەکانی دیکەی زانیاریدەرەکاندا ڕێک پێبدەم. ئەوەش دژوار بوو کە پرسیاری ئەوتۆ بکرێ کە زانیاریدەرەکان پێیان وابوو دەبێ ئەمن خۆم وڵامەکانیان بزانم! لەو خاڵانەی خوارەوەدا پوختەی ئاکامی ئەو لێکۆڵینەوەیە بە پشتبەستن بە زانیاری خۆم سەبارەت بە عادەتی پێوەندی ئەوان دەهێنمە گۆڕێ. ئەو دیمەنە نمای دوای ساڵێک نیشتەجێیی زانیاریدەرەکان لە «ئێکێنێس»ە.

١) دەورەی زمانی سوێدی زەمینەی هاوبەشیی هەرە گەورەیە بۆ گەورەساڵەکان. لەوێدا ئەوان هەم لە گەڵ یەکتریدا و هەم لە گەڵ مامۆستادا پێوەندی دەبەستن.

٢) پیاوەکان لە دەرەوەی ماڵێ زۆر چالاکن و پێوەندییەکی زۆریان بەیەکەوە هەیە. ئەوە لە Ekenäs سەبارەت بە ٦کەس لە ٧پیاوەکان ئاوابوو. پیاوی هەوتەم هێندێک بە تەمەنترە و بۆی زەحمەتتر بووە کە فێری زمانی سوێدی بێ ـ ئەوانی دیکە تەمەنیان لە نێوان ٣٥ ـ ٢٤ ساڵاندا بوو.

٣) سێ کەس لە ژنەکان زیادتر لە ماڵێ بوون و پێوەندییان لەگەڵ ئەندامانی خێزانی خۆیان و میوانی موحتەمەل هەبووە. لە کەیسێکدا ئەوە بریتی بووە لە میوانی سوێدیش. ئەوانی دیکە زۆربەی پێوەندییان بە زمانی کوردی بووە جگە لە کاتی حازربوون لە دەرەوەی زمانی(سوێدی)دا نەبێ.

٤) هەموو وڵامدەرەکان گوتیان کە بە تایبەتی چاو لەکاناڵی (قەناتی)٤ی تێلێڤیزیۆن، کاناڵی سوێدی سوێد، دەکەن و ئەوش لەبەر(فێربوونی زمان).

٥) تەنێ دوو کەس لە کوردەکان شتێک بەسوێدی دەخوێننەوە. یەکیان ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوچە، و ئەوی دیکەیان کتێبێکی زانیاری بە سوێدی. ئەو دوو کەسە باشترین ئاکاری زمانیان Språkperformansen هەبووە. (Haapamäki 1993).

٦) هیچکامێک لە زانیاریدەرەکان بە شێوەیەکی تاکی لە جەڵخەیەکی تازەی پێوەندی سوێدی(یان فەنلاندی)دا یەکانگیر نەبوون، بەڵکوو هاوبەشیی زمانی، یان بەدەرەجەی یەکەم کوردی، دوای ئەو کوردی ناوچەیی یان کوردی سەرانسەری بووە. تەنێ یەک لە پیاوەکان چالاکییەکی بەردەوامی بە سوێدی هەبووە لە دەرەوەی دەورەی فێربوونی سوێدیش(کایەی فووتباڵ).

٧) پیاوەکان دەیانگوت لەوەی کە لە ناو خەڵکی شارەکەدا برادەری پیاویان نییە هەست بەبۆشایی دەکەن. لە کولتوری خۆماڵی ئەواندا هەستان و دانیشتنی پیاوان لە تەک یەکتریدا هەتا بڵێی گرینگە. پێوەندی پیاوان لە تەک ژنان دا جاروبار و هاردان بیر بووە.

٨) منداڵەکان ئاواڵی سوێدی زمانیان هەبووە و توانیویانە لە ماڵێدا کاتێک دیاردە ناوچەییەکان باس کراون شییان کەنەوە. ئەوان جاروبار وەک دیلمانج جووڵاونەتەوە لەنێوان دایکوباوکیان و سوێدی ئاخێوەری(وەک من).

٩) ئامرازەڕاگەیەنەگشتییەکانی نێونەتەوایەتی بۆیان گرینگ بووە. پیاوەکان گوێ لە ئیستگەڕادیۆییەنێونەتەوایەتییەکانی ناوچەی وڵاتی خۆیان دەگرن. گشتیان چاو لە تێلێڤیزیۆنی کاناڵی هەندەران دەکەن کە ئەوەش دڵنیاییەکی کولتوری بەدەوڵەتەوەنەبەستراو پێکدەهێنێ.

ئەوەیکە لە پیوەندییەکانی کورداندا لە هەموو شتێکی دیکە زیادتر سەرنجی منی ڕاکێشا، هەبوونی کۆنتاکتی نەتەوایەتی و نێو نەتەوایەتی بەر لە هەموو شت بە ڕێگەی تەلەفون دا بوو. ئەو جۆرە پیوەندییانە بە ڕێگەی سەرلێدان و هاتنی شەخسیش بووە. لەوانەیە پیوەندی ئەوتۆ کاتێک کە ئەوان زیادتر لە کۆمەڵگە و ژیانی کاردا یەکانگیر بن کەم ببێتەوە ـ ئەگەر یەکانگیربوونێکی ئەوتۆ لە کاتی بێکاریدا دەست بدا. پێوەندی ئەوان لە گەڵ ڕێکخراوە و یەکێتییەسوێدییەکانیش سەرنجی ڕاکێشام. گۆڤاری کوردی بەربانگ کە لە سوێد دەردەچێ تەنانەت لە کتێبخانەی شاریشدا هەیە.

پێوەندییە ناوچەیی و سەرانسەرییەکان تەنانەت بە ڕێگەی جێژن و ئاهەنگ گرتنیشدا دەپارێزرێ، یەک لەو جێژنەگشتییانە جێژنی سەری ساڵ ـ یان جێژنی بەهار نەورۆزە، یان میوانی خۆمانەی بووک گوێستنەوە. بۆ ئەو جۆرە جێژنانە، کوردی بەشەفەنلاندییەکانی فەنلاند و کوردەکانی دانیشتووی سوێدیش بانگ دەکرێن.

بەسترانەوەی نموونەی پێوەندی و هەڵسوکەوت بە سوێدی زۆر ڕوون و ئاشکرایە. ئەو ئاکار و گەڕە هاوکات لەگەڵ توێژینەوەکەی من لەلایەن **سارا هاپامێکی**(Saara Haapamäki) بۆ تێزێکی بەر لە دوکتورا لێی کۆڵراوەتەوە. لە لێکۆڵینەوەی ویدا زانیاریدەرەکان بە سێ گروپ دابەشران بە پێی ئەو گۆڕەڕانەی کە دەرەجەی ئاکاری زمانی دەپێون. ئەوانەی کە خۆیان لە ماڵێ تاک دەخستەوە، زیادترلە هەموان ژنان کەوتنە بەر گروپی سێهەم کە ئاکاری زمانی یان لە هەموان لاوازتر بوو. دەستەی یەکەم لە پیاوانی خوێندەوار پیکدەهات کە سۆزی ئەوەیان تێدا بەدی دەکرا کە خۆیان لە کولتوری ناوچەیی و ئی وڵاتانی باکووریدا یەکانگیرکەن. ←

دەستەی دووهەم بریتی بوو لە دەستەیەکی نێونجی. لە نێو ئەواندا خوێندن و ئەنگێزەی یەکانگیربوون قورسایی زۆر بوو (Haapamäki 1993).

**کوردەکان وەک سوێدی فەنلاند**

ئێدواردس Edwards هەوێتی ئێتنیکی بە بەسترانەوە بەگروپێکەوە دەزانێ کە مرۆڤ ڕەچەڵەکێکی هاوبەشی لە گەڵیدا هەیە(= پێوەندی تۆرەمەیی ancestral links ، ئێدواردس ١٠: ١٩٨٥). بەومانایە کوردەکان تا چەندین وەچ لە داهاتووشدا هەروەکوو کورد دەمێننەوە. ئێتنیسیتی جگە لە ڕەچەڵەک بەڕێگەی شێوەی فەرهەنگی تایبەتی وەکوو ئایین و زمان، بە ڕێگەی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی و خۆ سەربەدەستەیەکدا وەحیسابهێنان دەکرێ بڕیاری لەسەر بدرێ(Allardt & Starck: 43 1981). سوێدییەکانی فەنلاند پێ لەسەر زمان دادەگرن، بە ڕێگەی ئەوەدا ئەو هاوبەشیی زمانی سوێدییەکانی فەنلاند گەرەک تاڕادەیەکی زۆر کەسێتێکی نوێ بدا بەکوردەکان.

لێرەدا بەجێیە کە هۆکاری زەینی جەخت بکرێتەوە. ئەگەر مرۆڤ بییەوێ سەر بە دەستەیەکی دیاریکراوی ئێتنیکی وەحیساب بێ ئەوە بۆخۆی قسە و بەڵگەهێنانەوەیەکی پتەوە بۆ ئەوەیکە مرۆڤی دیکە ئاوای دابنێن(بڕوانە تەنانەت Hyltenstam & Stroud 1991 : 25). ساوایەکی کوردی کە لە ئێکێنێس لە دایک بوو لەلایەن باوکیڕا وەک«سوێدییەکی فەنلاندی ڕاستەقینە» ئێودێرکرا. (ڕۆژنامەی ناوچەیی Västra Nyladn ١٧ـ٢ـ١٩٩٢).

ئەو کەسێتییەی کە ئەورۆ خۆدەگرێ، تاڕادەیەکی زۆر بە پێی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی دەوروبەر و نموونەی پێوەندی دیاری دەکرێ. تەنانەت ئەگەر کەسێتی تێگرایی کوردەکان وەک کورد نەمێنێ ئەو دەمی هۆکارەکانی سوننەتی ئێتنیکی وەکوو ڕەچەڵەک و ئایین بڕدەکەن و ئەوە کەسێتێکی نوێ دەدا بە دەوروبەری سوێدییەکانی فەنلاند بە پێوەندی و بەسترانەوە بە سوێد وباقی وڵاتانی باکوورییەوە. ئەو کەسێتییە بە ڕێگەی پێوەندییەوە دەگیان دەکەوێ. لێرەدا تاک بۆخۆی نێوانی دوور و نزیکی جۆراجۆری لە ئاست کەسێتی نوێدا دەبینێتەوە، نێوانێکی کە دەکرێ بە ڕێگەی ڕوونکردنەوەی نموونەی پێوەندی و ئاکارەوە بەراورد بکرێ.

هەوێتی ئینسانێک شتێکی نەگۆڕ و ئاشکرا نییە، بەڵکوو ئێمە خاوەنی هەوێتی جۆربەجۆرین، هەوێتی چەندلایەنە، کە ئەوەش لە دۆخی جۆربەجۆردا خۆی دەنوێنێ و دەردەکەوێ. بە پێی لێکدانەوەی پێوەندییەکان، ئەمن لە لێکۆڵینەوەکەمدا توانیم سێ هەوێتی ئاماڵ ئێتنیکی لەیەک بکەمەوە: هەوێتی ئەسڵی کوردی، هەوێتی نێونەتەوایەتی ـ کوردی و یەکی سوێدی فەنلاندی، هەوێتییە کوردییەکە لەباری ناوچەییەوە بە نی سوێدی فەنلاندی وڤێستنیلاندی داپۆشراوە، و بە شێوەی گشتی لە نی سوێدیدا یەکانگیربووە. پێوەندی تاکی بە زمانی سوێدییەوە دوای ساڵێک نیشتەنیبوون لە ئێکێنێس تەواو کەمە، و ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوە کە هەوێتی سوێدی فەنلاند لە تاکێکی تایبەتیدا زیادتر ئەوەی بێ کە ئەو خۆی بە چ دەزانێ. هەوێتی نێونەتەوایەتی کوردی نموونەیەکی تازە لە ئینترناسیۆنالیزم و هاوپێوەندی نیشان دەدا، بێ لەبەر چاوگرتنی نێوان و دوور و نزیکی (جۆگرافیایی) کە لەڕاستیدا گرینگە یان لە داهاتوودا دەورێکی مەزن لە ناساندن و ناسینەوەی گروپە ئێتنیکییەکاندا دەگێڕێ . ■

**پەراوێزەکان:**

١ ـ ئەو کەمایەتییە لەمێژینانەی کە باس کران لە باری خۆگونجاندنی زمانییەوە لەلایەن ئەم کەسانەی خوارەوە توێژینەوەیان لە سەر کراوە(بە فەنلاندی) Matti Leiwo(سەبارەت بە ڕۆمەکان)، Tapani Harviainen(سەبارەت بە جوولەکان)، Harry Halén(سەبارەت بە تاتارەکان)و Marja Leinonen(سەبارەت بە ڕووسەکان)لە کتێبی دیداری زمانی لە فەنلاند بە سەرپەرستی Nyholm ١٩٩١.

٢ ـ زانیارییەکانی ساڵی ١٩٩١ لە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و لەشساخی فەنلاند ـ بورۆی پەنابەران /ASOوەرگیراون ٢٩ـ١ـ٩٢. زانیارییەکانی دیکە لە لایەن Helinä Kokkarinen یەکێتیی کۆمۆنەکانی فەنلاند(بە ڕێگەی ڕاپۆرتی نووسراو لە کاتی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا لەبەر دەست نووسەر نراون).

٣ ـ پەرشیسکا هەر هەمان زمانی فارسی یان فارسیی نوێیە. کوردەکان لە ئێران هەر بە هەمان کوردییەی کە لە عێراق هەیە، واتە سۆرانی قسە دەکەن. فارسی و کوردی خزمن، لەوانەیە خزمایەتییان وەک خزمایەتی نێوان ئاڵمانی و سوێدی وابێ. ئازەرییەکان ئێرانین و بە شێوەیەکی تورکی دەدوێن.

٤ ـ ئەو زانیارییە هەژمارییانە بۆ ساڵی ١٩٩٠ بڕدەکەن، ئەگەر شتێکی دیکە نەگوترابێ و لە ساڵی ١٩٩٠سەبارەت بە سوێدییەکانی فەنلاند کۆکراوەتەوە، ڕاپۆرتێکی هەموولایەنە کە دەکرێ لە ئەنجومەنی گەلی سوێدی فەنلاند داوا بکرێ.

Svenska Finlands folkting Unionsgatan 45 H 110, SF 00 170 Helsingfors

٥ ـ ئەو زانیارییانە بە پێی ئاگاداری دانی سەرزارەکێ کە لە تەک بورۆ و دەبیرخانەی شار و کۆمۆنەکاندا کۆنترۆڵ کراون. ئەو زانیارییانە دەبێ بە تەقریبی دابندرێن، چونکوو پەنابەرەکان کۆمۆن دەگۆڕن، بەیەک گەیشتنەوەی خێزانان لە دەرەوەی پێوانی بەشەپەنابەران دەکرێ، منداڵی تازە دێنە دنیاوە و خەڵک دەمرن هەر بۆیەش هەژماری دروست بۆ ئێکێنێس ٣٠کورد تا بەڵکوو ٣٥ کوردە.

٦ ـ بۆ زانیاری زیادتر لە سەر کوردەکان بڕوانە (بە سەرپەرستی) Svanberg& Runbolm ١٩٩٠. سوێدی فرەفەرهەنگی Det mångkulturella Sverige یان نووسراوەیەکی هەموولایەنەتر کتێبی McDowall ، The Kurds ،١٩٨٩.

٧ ـ اربیل شێوەی نووسینی نێوی شارەکە بە عەرەبی لەلایەن کوردەکانەوەیە. لە وێژەدا زیادتر«ئەربیل» بەکار دەبرێ. شارەکە بە کوردی نێوی« هەولێر»ە. سولەیمانییە بە ترانسکریپسیۆنی وردی کوردی «سلێمانی»یە.

٨ ـ ئاننا ماڵمبەری ئەو پرۆژەیەی لە ڕاپۆرتەکانی FUMS ، ژمارەکانی ١٠٧، ١١٦و ١٢٣دا شی کردۆتەوە. ئەو پرۆژەیە لە مەڕ بەرنامەی لێکۆڵینەوەی شارنشینی و گۆڕانی زمان لە وڵاتانی باکووری بوو.

**کتێبنامە و سەرچاوەکان:**

Litteratur

Allardt, Erik& Starck, Christian, 1981, Språkgränser och samhällsstruktur. Stockholm: Almqvist& Wiksell.
Edwards, John, 1985, Language, Society and Identity, Oxford: Basil Blackwell.
Finlandssvenskarna 1990. en statistisk översikt, 1992.
Finlandssvenska rapport nr 20 utgiven av Svaeska Finlands folkting. Helsingfors.
Haapamäki, Saara, 1993, "Språk de e som snöre". En talaktsteoretisk studie av tjugo flyktingars Svenskkunskaper efter ett år iekenäs. pro gradu - avhandling , Åbo Akademi.
Hyltenstam , Kenneth & Stroud , Christopher , 1991, Språkbyte och Språkbevarande. Om samiskan pock andra minoritetsspråk. Lund: Studentlitteratur.
Kulick, Don, 1992. Finding the Culture: theories and methods for delineating Cultural Dimensions of language Acquisition, 1:Nyssönen& Kuure(rad): Acquisition of language - Acquisition of Culture
Afinla yearbook 1992. Jyväskylä. Ss 143 - 158.
Malmberg, Anna , 1982, Projektet Språkanvändning och språkmiljöer i staden och på landet. FUMS rapport nr 107. Uppsala
McDonald, David, 1989, The Kurds. The Minority Rights Group, Report nr 23. London.
McDonald, David, 1992, The Kurdish Question: A Historical Review. 1: Kreyenbroek & Sperl(red),
The Kurds. A Contemporary overview. London & New York: Routledge / SOAS, Politics and Culture in the Middel Est Series. Ss 10 - 32.
Nyholm, Leif(red), 1991, Språkmöte i Finland. Invandring ock Språklig anpassning på 1800 - talet.
Meddelanden från institutionen för nordiska språk och nordiska litteratur vid Helsingfors universitet, serie B:14.
Svanberg, Ingvar & Runblom, Harald(red) 1990, Det mångkulturella Sverige. En landbok om etniska Grupper och minoritetet. Centrum för multienisk forskning vid Uppsala universitet. Stockholm: Gidlunds.
Thelander, Mats, 1974, Grepp och begrepp i språksociologin. Lund: Studentlitteratur.
Wardhaugh, Ronald, 1992, An Introduction to sociolinguistics. Oxford UK & Cambridge USA: Blackwell.

## بۆ لاوچاکی جوانەمەرگ: «جەلال»ی هاشمی

### چارەنووس

هەوالّ: گورچووبڕ!
مەرگ: کوتووپڕ!
پرسیم: ئاسمان!
ڕووگەی ئەوینی ژوانگەی دلّداران
ئاسۆی ئاواتی دلّی ئاوارەی سەر لەئێواران،
من کەزەمانێ،
ئەستێرەیێکی گەشی شەوڕەوم
لە ڕێگەی ژوانێ
بە تۆ ئەسپاردبوو
پێم نالّێی کوانێ؟
ئاسمان داما،
دە زەوی ڕاما...

هەوالّ: سەر سەخت!
مەرگ: ناوەخت!
پرسیم: مانگ و خۆر!
ئەی ئاشقانی دێرینی گەردوون
ئەی ڕێڕەوانی ژیان و مان و بوون.
من کە کاتی خۆی،
ئەویندارێکی لاوی هەقخوازم
لە ڕێبازی داد
بە ئێوە ئەسپارد
بلّێن: بۆ کوێ ڕۆی؟
کێ هەلّی ئاوارد؟
... کە ئێوە یار و غەریب ئەوازی
گشت ئەهلی دلّ بوون
پێم بلّێین هەیداد!
بۆ لێی خافلّ بوون؟
مانگ لە حەژمەتان
خۆی هاویشتەخوار،
خۆر، هێشوو هێشوو
فرمێسکی وەراند.

هەوالّ: ئەسەلماو!
مەرگ: لە ناکاو!
پرسیم: ئەی دەریا!
پێگەی یارانی لە کاروان جێماو،
کانگەی گەوهەری وشەی ئەدرکاو
من ڕێبوارێکی کوردی گیانبازم
لە لای ڕۆژهەلات،
بە تۆ ئەسپاردبوو،
پێم بلّێ توخوا،
کاتی ڕۆژئاوا...!
چی لێ بەسەر هات.
... وادیار بوو دەریا،
لە شتێ بە شک بوو!
بۆیە لە تاوان،
تک تک، وشک بوو.

هەوالّ: گورچووبڕ!
مەرگ: کوتووپڕ!
پرسیم: ئەی زەوی!
دایکی دلّ بەسۆی چوار ماکەی سروشت
هەوارگەی بوونی گشت ژینەوەران،
بە ورد و درشت،
ئەتۆ ئەو ڕازەم بۆ بدرکێنە:
ئاور سووتاندی؟
دەریا خنکاندی؟
شەمالّ ڕفاندی؟
دەسا بمدوێنە
بیژە چ قەوما؟
زەوی تێم ڕاما: ـ چارەنووس وایە...
... «جەلال، گۆلّالّەی گەشی کوێستان بوو»
من وەکوو دیاری خاکی کوردستان
لێرە ڕایدەگرم بۆ گولّ پەرستان
لە ناخی دلّما
هەتا هەتایە...

*: ئەو پارچە شێعرە لە سەر تەرمی بە گولّ خەملّیوی جوانەمەرگ، لە ڕۆژی ناشتنیدا خوێندرایەوە. (هێرش): Västerås: 94 / 3 /14

# منداڵ و پەروەردەکردنی

ئەنداز حەویزی

گومانی تێدا نییە کە پەروەردەکردنی منداڵ خاڵێکی گرینگی گشت کولتورەکانی جیهانە، بەدیهێنانی نەوەیەکی ڕێک وپێک و بەتوانا و بەختەوەر، گەوهەر و سەنتەری کۆششی مێژوویی مرۆڤایەتی یە. لەم ڕوانگەوە دەڵێین بۆ تێگەیشتنی گەوهەری کولتورێک دەبێ لە کولتوری پەروەردەکردنی منداڵیان تێبگەین.

ڕۆژێک لە پۆلێکدا وانەیەکم لەم بارەدا هەبوو (وانەکە بۆ کورد بوو)، وانەکەم بە نموونەیەک دەست پێکردکە «Gillis Herlitz»بەکاری هێنابوولە پەرتوکەکەیدا. نموونەکە دەڵێ: « ڕۆژێک خەڵکت بانگ کردووە بۆ نانخواردن، سێ سەعاتت وەخت هەیە، لەو سێ سەعاتەدا تۆ دەبێ بچیتە بازێڕ شت بکڕیت و بێیتەوە، ماڵ پاک کەیتەوە و چێشت لێبنێیت. ئوتومبیلیشت نییە، لە سوێدیش دەژی، منداڵێکیشت هەیە پێنج ساڵانە و لە ماڵێ دایە لە گەڵت. پێش ئەوەی بچیتە دەرێ بە منداڵەکەت دەڵێیت: ڕۆحە شیرینەکەم ئەوە دەچینە بازێڕ لەوێ بە قسەم بکە، بێ حەیایی مەکە، لە خۆتەوە دەست لە شت مەدە، ئەگەر عاقڵ بیت شتێکی خۆشت بۆ دەکڕم. دەچییە سوپەرمارکتێک، لەوێ بۆ ماوەیەکی کورت منداڵەکەت زۆر ڕێک وپێکە، لە گەڵت دەڕوات، هەندێ شت هەڵدەبژێرێت، پاش ماوەیەک ئاوڕدەدەیتەوە دەبینی منداڵ نەماوە! بەپەلە بە دوایدا دەگەڕێیت لە بەشی یاری منداڵاندا دەیدۆزیتەوە، باوەشی بە بووکەشوشەیەکدا کردووە کە زۆر گرانە و تۆ پارەت نییە؛ پێی دەڵێی: دەی بابەگیان با بڕۆین، پاسەکەمان ١٥دەقیقەی ماوە دەبێ لە ڕیزیشدا ڕاوەستین و پارەی ئەو کەل و پەلانە بدەین کە کڕیومانە و ئێستا پارەی ئەو بووکەم پێ نییە و جارێکیتر بۆتی دەکڕم... بەلام منداڵەکە هەر چەند قسەی لە گەڵ دەکەی دەنگی هاواری بڵێندتر دەبێتەوە و تۆش لە دەروونتدا خەریکە لە توڕەیی بکوڵێیت».

جا پرسیم تۆ بیت چی دەکەیت؟ ... لە بیریشتان نەچێت کە مافی لێدانی منداڵتان نییە لە سوێددا.

ئەڵبەتە ئەگەر لە کوردستان بن وەڵام ئاسانە، دەڵێین:گوێی ڕادەکێشم و دەیبەمە دەرێ، ئەگەر ئەوەش نەکەیت، توڕە دەبیت، هاوار بەسەر منداڵەکەدا دەکەیت و دەست بە ترساندنی دەکەیت: بە قسەم نەکەیت دەتکوژم، دەتسووتێنم، داخت دەکەم، چاوت دەردێنم... بەلام من لێرە لەم وانەیە لە سوێددا دوو ڕێڕەوی ئاسایی پەروەردەکردنی منداڵتان لێ دەسەنمەوە:

١) مافت نییە لێی بدەیت، واتە مافی ئازاردانی لەشیت نییە.

٢)مافت نییە بیترسێنیت، واتە مافی ئازاردانی دەروونیت نییە.

باشە چی دەکەیت. چۆن لە کۆمەڵگەیەکی وادا منداڵەکانت بەخێودەکەیت، بێ لێدان و بێ ترساندن؟

لەو وانەیەدا و لەو ژوورەدا کەس وەڵامی پێ نەبوو! کەس نەیدەزانی ئەگەر لە منداڵەکە نەدات و نەیترسێنێت چۆن پەروەردەی کات؟ کە لەو دۆخەدا دیتمن پرسیارێکی دیکەم لێکردن. پرسیم، ئایا ئێمە دەبێ ڕێز لە منداڵ بگرین یا خود دەبێ بەزەییمان پێیدا بێتەوە؟ یەکسەر وەڵام درایەوە دەبێ ڕێزیان لێبگرین!! یەکسەر لە یەکێکم پرسی: تۆ گۆشتی بەراز دەخۆیت یان نا؟ گوتی: نا. گوتم: ڕۆژێک ئەگەر منداڵەکەت هاتەوە و گوتی بابە من گۆشتی بەراز دەخۆم و حەزم لێیەتی؛ تۆ چی دەکەیت؟

گوتی: بۆی ڕووندەکەمەوە کە گوناحە و ئێمە نایخۆین.

گوتم: باشە ئەگەر پێی گوتی : دەزانم، بەلام من حەزی لێدەکەم و دەیخۆم. تۆ بەدینی، مەرج نییە منیش بەدین بم. تۆ مرۆڤێکی سەربەخۆیت و منیش سەربەخۆم...

وەڵام نەبوو.

پرسیمەوە: ئایا خۆشەویستی گوناحە؟

وەڵام: نەخێر.

پرسیمەوە: ڕۆژێک کوڕ یاخود کچە١٣ساڵانەکەت دێتەوە و دەڵێ من کوڕێک یاخود کچێکم خۆش دەوێت، چی دەکەیت؟

لەم پرسیارە چاوەڕوانی وەڵامی کەس نەبووم، بەردەوام بووم و گوتم: ئێمە هەموو بیستوومانە کە کورد دەڵێ: منداڵە فەقیرە، لەو منداڵە بەستزمانە مەدە، گوێی مەدەرێ بێ عەقڵە... هتد، ئەم گوتانە کە زۆر ساکار و ئاسایی و ڕۆژانەن، بۆچوونی کولتورمان بەرابەر بە منداڵ نیشان دەدات! کە منداڵ لە کولتوری ئێمەدا، بەستزمان و فەقیر و بێ عەقڵ و بێ دەسەلات وێنەیەتی.

خوێنەری هێژا، مەبەست لەم وێنەوپرسیارانە چ ئەو ڕۆژە لەو پۆلەدا و چ ئەمڕۆش لە سەر ئەم پەڕانە، ئەوە نییە کە ئێمە لەوان باشترین، یا خود ئەوان لە ئێمە باشترن؛ بەڵکو مەبەست لەوەیە کە ئێمە لە بنەما و ڕەچەڵەکەوە جیاوازین، چونکە شێوەی منداڵ پەروەردەکردن بنەما و پایەی کولتوری گشت کۆمەڵێکە.

## پەروەردەی دیار و نادیار

یەکێ لەو قسانەی زۆر بەر گوێ دەکەوێت و لە لایەن پەنابەر وکۆچکەرانەوە دەکرێت ئەوەیە کە (سوێدی منداڵیان تەربیەت ناکەن).

ئەم قسەیە لە خۆیدا جیاوازییەکی کولتوری گرینگ نیشان دەدات لە ڕەوشتی منداڵ پەروەردەکردندا. گومانی تێدا نییە کە هەموو کۆمەڵگەیەک بایەخ بە منداڵی دەدات، بەڵام ئایا من کە دەچمە دەرەوەی سنووری وڵاتی خۆم، واتە کولتوری خۆم، لە وڵاتی بێگانەدا، چاوی من چەند لەو بایەخە دەبینێت چۆنی دەبینێت، چونکە دیدی من بۆ شت و شیکردنەوەی دیاردەکان، لە سەر بناغەی ئەو کولتورە دەکرێ کە هەمە.

گەر بگەڕێینەوە بۆ نموونەی یەکەم و ئەو ڕووداوە ببەینەوە وڵاتێکی جیهانی سێیەم، دەبینین چارەسەرکردنەکەی لە ڕێی لەشەوە دەکرێت و مەبەستیش لە هێزی لەش تەنها لێدان نییە، بەڵکو گەلێ شتی دیکەش وەک چاوزەقکردنەوە و هاوار...؛ کەسمان نییە لە سەر جادە نەمان دیبێت کە باوکێک یاخود دایکێک، چۆن لە منداڵەکەی دەدات یاخود ڕایدەکێشێت بەدوای خۆیدا، یان چاوی لێ زەق دەکاتەوە وهاواری بە سەردا دەکات... ئەمە و دەیان وێنەی تر دەتوانین لە سەر جادە و کۆڵان و ناوبازێڕ و سینەما و قوتابخانە و... ببینین. لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە کە ئەو وێنەیە دڵتەنگ و ناڕەحەتمان ناکات چونکە تێیدەگەین، دەزانین کە ئەوە باوکێک یا دایکێکە منداڵەکەی تەربیەت دەکات؛ واتە سووری چاو و لەرزەی لەش و بەرزی دەنگ، کرداری پەروەردەکردن دەخاتە قالبی وێنەیەکی دیار بەو جۆرەی کە چاوی من لە ڕێی پایەکولتورییەکەمەوە دەتوانێ ببینێت و شیکاتەوە، لە پڕ لەو سفێرە(محیط)کولتورییەم هەڵدەکەندرێم و دەکەومە نێو کولتورێکەوە کە یەکێک لەخاڵە هەرە گرینگەکانی منداڵ پەروەردەکردنی پێدەڵێن: ـ خۆکۆنترۆڵ کردن واتە دان بە خۆ داگرتن، نیشان نەدانی تووڕەیی ـ ؛ ئەوەش وا لە من دەکات کە ئەو پەروەردەکردنە نەبینم. بۆیە کە لە دوکانێک دەبم(وەک لەنموونەی یەکەمدا)ودەبینم منداڵێکی سوێدی دەیکاتە هاوار و باوک یاخود دایکەکە دەچێ لە سەر چۆک دادەنیشێت و تەماشای نێو چاوی منداڵەکە دەکات و بە ئەسپایی دەیدوێنێت، یا دەڕوات و گوێ بە منداڵەکە نادات و منداڵەکە بە ڕاکردن بە دوای دەکەوێت، ئەمن ناتوانم ئەوە بە پەروەردەکردن ببینم؛ بەڵام بە چاوی سوێدییەکی تر ئەو کارە ئاشکرایە لە لای کە ئەوە پەروەردەکردنە.

هەر لەم نموونەیەدا، خاڵێکی گرینگی دیکە هەیە کە حەزدەکەم ئاماژەی بۆ بکەم، ئەویش ئەوەیە کە ئەو باوکە یاخود ئەو دایکە سوێدییە(گەر بە شێوەیەکی گشتی وەری بگرین) سەر بۆ داواکاری منداڵەکە دانانەوێنێت و کە گوتی:« نا»، ئەو نا یە ناگۆڕدرێت، من خۆم یەکێکم لەوانە کە لە کاتی وادا خواخوامە شتێک بۆ منداڵەکەم بکڕم و ژێربێتەوە؛ ئەوەش وا لە منداڵ دەکات کە گریان و شت کڕین، بە یەکەوە ببەستێتەوە: ـ دەگریم؛ شتم دەست دەکەوێت.

### ڕێزگرتن یاخود بەزەیی

نووسەرێکی سوێدی نووسیویەتی: «بنەمای ڕەوشتی پەروەردەکردنی منداڵ لە ڕێزگرتن لە مرۆڤ دایە»(١). ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ کە منداڵیش مرۆڤێکە و شایانی ڕێزگرتنە. ڕێزگرتن لە خۆی و لە بیروبۆچوونەکانی.

لێرەدا هەموو کەسێک دەتوانێ بڵێ ئێمەش ڕێز لە منداڵەکانمان دەگرین. بۆ ڕوونکردنەوەی پتری ئەم باسە(گەر کۆمەڵی کوردەواری بە گشتی وەرگرین)، ئەمن دەڵێم لە هەموو کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتیدا، خۆشەویستی بۆ منداڵ هەیە، بەڵام ڕێزگرتن جیاوازە! بۆ نموونە تێهەڵدان و ئازاردانی منداڵ هیچ شێوە ڕێزگرتنێکی تێدا نییە بۆ ئەو مرۆڤە، بەڵام دوور نییە لە خۆشەویستییەوە هاتبێت، باوک یان دایک لە منداڵەکەیان دەدەن لە بەر ئەوەی نایانەوێ هەڵەیەک دووبارە کەنەوە و ئەوەش خۆشەویستی دەگەیەنێت.

نموونەیەکی زەقی تر هەیە بۆ پێشاندانی ئەو ڕێزگرتنە، ئەویش ئەویە کە لە کولتوری وڵاتەپێشکەوتووەکاندا دەبینین، باوک ودایک کە قسە دەگەڵ منداڵەکانیان دەکەن ، دادەنیشن و سەریان لە ئاستی سەری منداڵەکان ڕادەگرن و تەماشای چاوی یەکتری دەکەن، ئەگەر منداڵەکە سەر دانەوێنێ و نەیەوێ چاویان لێ بکات، پێی دەڵێن: تەماشای چاوم بکە. ئەم وێنە ساکارە دوو مرۆڤ نیشان دەدات کە لە یەک ئاست دان کە هاوسانن، دەتوانن بە یەکەوە قسە بکەن، بیر و بۆچوونی خۆیان دەربڕن و شت بۆ یەکتری ڕوون کەنەوە.

بەرابەر بەم وێنەیە لە کولتوری تردا، بۆ نموونە لە کولتوری کوردی، شێوەیەکی تر دەبینین! ئەویش ئەوەیە، دایک و باوک کە قسە دەگەڵ منداڵەکانیان دەکەن بە پێوە ڕادەوەستن واتە لە سەرەوە تەماشای خوارەوە دەکەن و لە بەرزاییەوە بەرەو نشێو دەڕوانن. ئەم وێنەیەش دوو مرۆڤ پێشان دەدات: یەکێکیان دەسەڵاتدار و زاڵە، ئەوی دیکەشیان ژێردەستە و بێ دەسەڵات.

هەمان وێنە لە پاشماوەی مێژووی هەزارەها ساڵ پێش ئەوڕۆ دەبینین کە مەبەستیش، بەردەنەخشکراوەمێژوییەکانن. لە سەر ئەو بەردانە هەمیشە کە دوو پادشا شەڕیان کردووە، ئەوەی کە سەرکەوتووە بە گەورەیی نەخش کراوە و بەزیوەکە بە بچووکی و هەروەهاش دەبینین کە گەورەکە فەرمانی لە سەردان یاخود چاودەرهێنان... دەدات.

گەر وێنەیەکی دی بێنینەوە کە کەسمان بیری لێنەکردووەتەوە کە ئەوکارە پێوەندی بە ڕێزگرتنی بیروبۆچوونی منداڵەوە هەیە، کە ئەویش ماچ کردنی منداڵە. زۆر باوە لە ناو ئێمەماناندا کە دۆستێک سەر بە ماڵماندا دەکات، منداڵان بانگ دەکات تا ماچیان کات(وەرە ماچێک بدە بە مامە)، دایک و باوکەکەش بە برۆ برۆ دەکەونە سەر منداڵەکە(برۆ حەیامان مەبە)،( برۆ مامی خۆتە)... و چەندین ڕستەی دیکە کە هەموومان گوێمان لێبووە، بەڵام ئایا ئەو منداڵە خۆی دەیەوێ ئەو کارە بکات... بەڵکوو ئەو منداڵە ئەو پیاوەی خۆشنەوێت یاخود حەز نەکات ماچی بداتێ! کەس بیر لەوە ناکاتەوە ئایا هەستی ئەو منداڵە بەرابەر بەو کارە چۆنە؟ ئەوش بە دوور نابیندرێت کە نەدانی ئەو ماچە بە بێ ئەدەبی لە خامەبدرێت.

وێنەیەکی دی وێنەی چاوە! وەک باسم کرد کە لە سوێددا یاخود لە کولتورەکانی جیهانی یەکەمدا، منداڵ فێر دەکرێت کە تەماشای ناوچاوی دایک و باوکی بکات لە کاتی قسەکردندا. جا ئەوە چ لە کاتی گفتوگۆی ئاسایی دا بێت یا لە کاتی زویری و زیزبووندا بێت.

لە کۆمەڵگاکانی وەک کۆمەڵی کوردەواری، تەماشاکردنی ناوچاو بە شێوەیەکی زۆر ناسک هەڵدەسەنگێردرێت! کەس نابێت تەماشای ناوچاوی باوکی بکات لەو دەمەیدا کە باوکی تووڕەیە؛ بە پێچەوانەوە منداڵ فێر دەکرێت کە سەری شۆڕکاتەوە بۆ گەورەو، تەماشاکردنی ناوچاوی بە بەربەرەکانی و تەحەدا لێکدەدرێتەوە و دەبێتە مایەی لێدان. ئەوەش وا لەو منداڵە دەکات کە گەورەش بوو خۆی لەو چاوپێکەوتنە

بڕوانە لاپەڕەی ٢٧

گفتوگۆ:

ئەدەبی

# گەڵاز سەگی ماڵە خۆمانە!

**گفتوگۆ بێکی ئەدەبی لە گەڵ**
**نووسەری«گەڵاز»**
**سیامەند شێخ ئاغایی**

● کاک سیامەند وێڕای ڕێز و سپاس، ئەگەر دەکرێ خۆتان بناسێنن؟

ـ ناوم سیامەند و ناوبانگم شێخ ئاغایی یە. لە ڕێکەوتی ١٩٤٤/ ٤/٢٤ لە دایک بوومە و چەند ڕۆژی تر تەمەنم دەبێتە پەنجا ساڵی ڕێک. هەرچەند دەزانم دایکم ئەم هەواڵە ببیستێتەوە باوەڕ ناکا و دەڵێ: « چۆن پەنجا ساڵ؟ خۆ من ئێستا نە بوومە چل ساڵی تەواو! »

شوێنی لەدایک بوونم، ناوچەی شاماتی سەر بە شاری مهابادە و دەبێ بڵێم لەبەر دوو هۆ خۆم بەسابڵاغی دەزانم. یەکیان لەبەر ئەوەیە ژنەکەم سابڵاغی یە و دووهەمینیش ئەوینداری سابڵاغم!

● وابزانم دووهەمیش هەر مانای یەکەم دەگەیەنێ...؟

ـ ئەتۆ چۆنی لێک دەدەیەوە کەیفی خۆتە، بەڵام برا، من هەر دووک لام بەقەد بیلبیلەی چاوم خۆش دەوێن.

● ئەگەر وابێ قسەم نییە، باشە ئێوە لە چ وەختەوە دەستتان بە نووسین کردووە؟

ـ پازدە ساڵی تەواوە دەستم بەنووسین کردووەو تاکەی درێژەی دەبێ نازانم.

● دەکرێ سەبارەت بە بەرهەمەکانت ئەختێ بدوێن؟

ـ تاکوو ئێستا نزیک بە شێست کۆمەڵەچیرۆکی کورت و درێژم نووسیوە کە زۆربەیان تەنزن. تا ئێستا ئەو چیرۆکانەم وەک کتێب بەناوی «گەڵاز»، «زاوای زینەتەخاتوونێ»، «فرمێسک و خەبات» و «تاسەی ئازادی» چاپ کراون و بڵاو بوونەتەوە. هەروەها چەند چیرۆکی تریشم لە هێندێک گۆڤاری وەک: **هیوا** ( ئەنیستیتووی کوورد)، **بەربانگ** ( فیدراسیۆنی کوردەکانی سوێد)، **ئارمانج**، **ئاوارە** و **گزینگ** و... چاپ و بڵاوکراونەتەوە. خەریکم لەداهاتوویەکی نزیکدا هێندێک کۆمەڵە چیرۆکی تەنزی تر لە ژێر ناوی " ئەزیش کرمانجم" بڵاو بکەمەوە.

● چۆن بوو کە ئێوە دەستتان بە نوسین کرد؟

ـ وڵامی ئەم پرسیارە دەگەڕێتەوە ئەوکاتەی کە شۆڕشی گەلانی ئێران و بەتایبەت شۆڕشی کورد لەئێران(١٣٥٦ ـ ١٣٥٧ه) سەری هەڵدا. لەو کاتدا منیش تەوژمی شۆڕشە مەزنەکەی گەل ڕەپێچەکی دام و لەمەیدانێکی پڕ لە هەراو هەنگامەدا، بە ژ ـ ٣یەکی ژەنگاوی و جلەشڕەیەک کە ئەوکات زۆر باوبوو؛ قوت بوومەوە. لە نێو ئەم شەپۆلە مەزن و بەهێزەدا، کاتێک دەم دیت چۆن خەڵکی تێنووی ئازادی، هەرکام بە بیرو بۆچوونی جیاواز، بەڵام لە جێیدا بە یەکێتی، دەستی برایەتییان داوەتەیەک؛ هەست و زەوقی نووسینیان وەک مومێک لەناخدا داگیرساندم و بڕیارمدا بە زمانی شیرن و بەتامی کوردی هەرچی ببینم و ببیسم لێی نەوەستم و بینووسمەوە. یەکەم تەنزم "ناکاری شۆڕشگێری "بوو، لەم چیرۆکەدا بۆچوونی خۆم لەسەر ئەم خەڵکە کەسک و سوورەی کە ڕوویان لە دەرو دۆڵەکان کردبوو، دەربڕیوە. دووهەم چیرۆکیشم " زاوای زینەتەخاتوونێ "بوو، کە دەکرێ بڵێم ئەم دووچیرۆکە وەک دارشتن و کات و شوێن لێک نزیکن. بۆ یەکەم جار، بەترس و دڵەڕاوکێ "زاوای زینەتە خاتونێ"م نیشانی شەهید کاک "دوکتور سەعید" دا، تا بیخوێنێتەوە و نەزەری خۆی لەسەر بدا؛ بەخۆشییەوە پاش خوێندنەوە بە ڕوویەکی گەش و دڵێکی ئاواڵە وڵامم لێ وەرگرتەوە:" زۆر خۆشە وگەلێک باشە!" ئیدی پاش ئەم پەسند بوونە، بەپشت گەرمییەکی تەواوەوە خەریکی نووسین بووم.

● وابزانم ئێوە زیاتر بە شێوەی تەنز دەنووسن، دەکرێ کورتەیەک باسی تەنز بکەن؟

ـ تەنز (satire)، واتە بەگاڵتەگرتن و گاڵتەپێکردن، بەچاوی سووک تێ ڕاونین، سەرکۆنە کردن، هەڵبەت بە مەبەستێکی گشتی. کەوابوو دەکرێ بڵێین تەنز بەدەم گاڵتەجاڕی یەوە، ڕەخنەگرێکی سیاسی یە لەئاست کردەوە ناپوختەکانی کۆمەڵایەتیدا. لەگەڵ ئەوەی کە تەنز و گاڵتەوگەپ و فڕناوێژی و هەجو، لە کۆنەوە هەبووە و زیاتر لە ئیمرۆ لەنێو کۆمەڵگای ئێمەدا باو بووە، بەڵام بەشێوەی مۆدێرن، وەک ئیمرۆکە نەناسراوە. لە کۆندا، لەنێو کۆمەڵگای کوردەواریدا، مەتەڵەک و فڕو لاتاو لە نێو ژن و پیاواندا زیاتر لە ئیمڕۆکە پەسند بووە. لەمەجلیساندا، شایەر و قسەخۆشان، هەڵبەست و قسەی ڕووتیان گێراوەتەوە و خەڵکیش پێشوازیان لێ کردوون و پێیان خۆش بووە. هەجوەکانی شێخ ڕەزای ئەمر و قسە خۆشەکانی مامەند ئاغای شەختانێ و لەم سەردەمەشدا گورانییەکانی ڕەسوی نادری لەنێو خەڵکی عامی دا نموونەیەکی باشن...

● بەڵێ... باشە ئێوە چۆن بوو شێوەی "تەنزتان" بۆ نووسین هەڵبژارد؟

ـ ئەوەڵەن هەست و زەوقی تەنز، وەکوو ماکە لەمندا بە قەوەت بوو،

**بەبڕوای من منداڵ زیاتر بەبێدایکی هەتیوە، نەک بە بێباوکی. دەیان منداڵی بێباوک دەناسم، مەگەر لەباری ئابوورییەوە دەنا لەباری ڕەوانییەوە وەک منداڵی بێدایک ڕوو زەردیان پێوە نەبیندراوە.**

دووهەمینیش لە نێو شۆڕشی کوردەواریدا شایی بەخۆبوون و ئاکارە سروشتییەکانی شۆڕشگێڕان هانیان دام تەنزنووسین بگرمە پێش. من هیچکاتێک قالەی پێشمەرگە لەبیر ناکەم کە سوێندی بەسەری ئێسترە سوور دەخوارد! بۆچی؟ لەبەر ئەوەی ئێسترە سوور قورسترین باری بۆ بەرزترین بنکەی پێشمەرگە هەڵدەگرت. قسەی خۆش و کردەوەکانی قالە و شۆڕشگێڕەکانی دیکە بۆ منێکی شارستانی کێو نەدیو خەمڕەوێن بوون. سا بۆیە بڕیارمدا سیمای تەنزاوی شۆڕشەکەمان بەهەموو شیرینی و تاڵییەکانی یەوە بکێشمە بەر ئاوێنەیەکی باڵانوێن!

● ئەو کاک قالەیەی باست کرد، لە کام یەک لە چیرۆکەکانتدا، وەک تیپ ڕەنگی داوەتەوە؟

ـ قالە زیاتر لە دوو چیرۆکی "گەلاز" و "خێوەتەکەی زاوا" دا ڕۆڵی خۆی دەبینێ. هەڵبەت لە خێوەتەکەی زاوا دا ناوی شەنگەیە.

● شێوە نووسینی ئێوە دەتوانین بڵێین لە نێو چیرۆکی کوردیدا جێگەی بۆ خۆی کردۆتەوە، دەکرێ باسی ئەو سەرچاوانە بکەی کە لەوانەیە لە ڕێبازی چیرۆکنووسی دا کاری کردبێتە سەرتان؟

ـ بەداخەوە تاکوو ئێستا بەتێر و تەسەلی بێجگە لە هێندێک کۆمەڵە چیرۆکی تەنز، وەک: «*پێکەنینی گەدا*»ی مامۆستا **حەسەنی قزڵجی**، «*کەرەلۆتی*» مامۆستا برایم **ئەحمەد** و«*باقەبێن*»ی کاک **ئەحمەدی قازی** سەر چاوەیەکی ئەوتۆم بەرچاو نەکەوتووە. بەڵام دەکرێ بڵێم ئەم نووسەرانەی خۆمان، لەگەڵ تەنز نووسانی فارس زوان وەک: **دهخدا** و ایرج پزشکزادو بەتایبەت تەنز نووسی تورک عزیز نسین بۆمن سەرچاوەیەکی بەنرخ بوونە.

● دیارە مەبەستی من زۆرتر چیرۆکی «گەلاز»ە؛ لەوێدا گەلاز سەگی "حەسەنە سوور" کە قارەمانی ئەو کورتە چیرۆکەیە دەبێتە ناوەندی چیرۆکەکەو هەموو ئەو شەخسیەت و ڕووداوە لاوەکییانەی دەورانپشت و زەمان و شوێنی خۆی پێ لە "مەحەک" دەدرێ، ئایا "**جەک لەندەن**" بە شێوەیەک لێرەدا تەئسیری خۆی نیشان نادا؟

ـ ڕەنگە بێ تەئسیر نەبێ! چونکە«جەک لەندن»م خۆش دەوێ و بە تایبەت«*ددان چەرمو*» و« *ئاوای وەحش*»م چەند جاران خوێندۆتەوە، بەڵام ئەوەی ڕاستیبێ، گەلازسەگی ماڵە خۆمانە کە لەم چیرۆکەدا خۆ دەنوێنێ. چۆن؟ لەشاری ورمێ دەم خوێند. گشت جێژنی نەورۆزان بۆ لای دایک و باوکم دەگەڕامەوە دێی. خانووبەرەیەکی بڵیندمان هەبوو، باوکم کە دەیزانی چ ڕۆژێک دەگەڕێمەوە، دەچووە سەربانی چاوی دەڕێگای من دەبڕی، هەرکە لە دوورەوە سەرم وەدەردەنا، باوکم بەدەنگی بەرز ڕوو بەخوشک و براکانم گوتویە: منداڵ ئەوە کاکتان هاتەوە! هەر لەگەڵ هێنانی ناوی من، سەگەکەمان کەوتۆتە هەوڵ و لە گوێن ژان کردووان بەدەم قروسکە قروسکەوە، بەغار بەدوەرو بەردا سووڕاوەتەوە. لەگەڵ ئەوەی لە ئاوایی نزیک دەبوومەوە، ئەو سەگە بەئەمەگە بەپیرمەوە دەهات، وەک قانگڵەبن خۆی لە قاچەکانم دەهاڵاند و قەپی پێدادەگرتم و تاکوو خوشک و برا چکۆلانەکانم نەگەیشتبانایە، نەیدەهێشت لەجێی خۆم هەنگاو بەرز کەمەوە. بەداخەوە ئەم سەگە بەوەفایە، شەوێک قەلەو قوتە دزەکانی ئاغایان تۆپاندیان. دەبێ بڵێم تەئسیری ئەم ڕووداوە ناخۆشە بووکەوا هانی دام، جارێکی تر ناوی گەلاز زیندوو بکەمەوە. بۆ ئاگاداریتان دەبێ ئەوەش بڵێم، گەلاز دووبەشە و بەداخەوە تەنیا بەشی یەکەمیم بڵاوکردۆتەوە.

● ئەدی بەشی دووهەمی، بڵێی بەو زوانە بڵاوبێتەوە؟

ـ بەشی دووهەمی گەلاز ئامادەی بڵاو بوونەوەیە و ئەگەر باری ئابووریم ڕێگا بدا، دەمهەوێ لەگەڵ کۆمەڵە چیرۆکی «ئەزیش کرمانجم »یەکجێ بڵاوی بکەمەوە.

● کورتە چیرۆکی "سەفەر بۆ وڵاتی هەمیشە بەهار" کە تەنزێکی بێ خەوشە، لەهێندێک بابەتەوە تام و چێژی تەنزی نووسەری تورک "**عەزیز نەسین**" دەدا، خۆت ئەزەرت چییە؟

ـ هەر کاتێک نووسراوەکانی «عەزیز نەسین»م خوێندۆتەوە، هەست و زەوقم وەجووڵە کەوتووە. کەوابوو سەبکی ناوبراو ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەهێندێک لەتەنزەکاغدا بێ تەئسیر نەبووە و هەر وەها نرخی ئەم نووسەرە کورد دۆستە، بەلای منەوە بە بەرزایی چیای«**تووروس**» وایە.

● بێجگە لە هێندێک نووسینی ئێوە لە دەرەوەی وڵات، بۆچی زۆربەی زۆری سوژە، قارەمان و زەمان و شوێنی چیرۆکەکان، بۆ پێشمەرگەو شۆڕش تەرخان کراوە؟

ـ ئاشکرایە، من هەرچی هەمە لەنێو کۆڕی پێشمەرگەو لەناخی چیاکانی کوردستاندا وەدەستم هێناوە. زۆربەی نووسەرە گەورەکانیش ئەوەی لە دەور و بەری خۆیاندا هەستیان پێ کردووە نووسیویانە. باشە«**جەک لەندن**» ئەگەر بە شوێن دۆزینەوەی زێردا بەرەو ناوچە بەستەڵەکەکان نەچووبایە و بەتایبەت هۆگری سەگ نەبووبایە، داخوا دەیتوانی «*ددان چەرمو*» یا« *ئاوای وەحش*» بەو بەرزییەی کە هەیە، بنووسێ؟ «**یاشار کەماڵ**»ی کورد، ئەگەر چەتەی بە ناوبانگ "مێرۆ بەگ"ی خاڵی نەبووبایە، لە ناوچەی چکوڕئاوا فرچکی نەگرتبایە، میراوی نەکردبایە و چیای تووروس (Taurus)ی نەدیتبایە، داخوا دەیتوانی «**حەمەدۆک**» (ئینجە مەمەد)ی، بەم تام و چێژەی کە ئێستا هەیەتی بهێنێتە سەرکاغەز؟ بێشک نا و ئەگەر هێناباشی ئەم تام و چێژەی ئێستای نەدەبوو! گرینگتر لە هەموو ئەوانە پێشمەرگە بەشێک لە مێژووی کوردە، نابێ شانازییەکانی لە بیر بچێتەوەو دەبێ بۆ بەرەی داهاتوو تۆمار بکرێ. هەر وەک چۆن پاش شەڕەکانی یەکەم و دووهەمی دنیاداگر، بەسەدان ڕومان و چیرۆک خوڵقان. منیش لەنێو پێشمەرگاندا دەستم کردووە بەنووسین و ئەوکات بێجگە لەهەڵس وکەوتی ئەوان شتێکی دیکەم هەست پێ نەدەکرد و سروشتی یە قەڵەمە کولەکەم دەبوایە لە پێناوی ئەو ڕۆڵە بەئەمەگانەی گەلدا گەڕابایە.

● تا چ ڕادەیەک هێشتووتانە سیاسەت ئاوێتەی بەرهەمەکانتان بێ؟

ـ دەکرێ نووسەری کورد لە نێو جەرگەی شۆڕشی گەلەکەیدا دەست بداتە قەڵەم و سیاسەت ئاوێتەی نووسینەکانی نەبێ؟ ئەسڵەن تەنز بەگشتی خۆی چەشنە ڕەخنەگرێکی سیاسی کۆمەڵایەتی یە.

● ئێستا کە باسی سیاسەت و نووسین کرا، بەڕای ئێوە ئایا نووسەری کورد دەتوانێ خۆ لە سیاسەت ببوێرێ؟

ـ بە بڕوای من لەم سەردەمەدا نا! چونکە ژیانی زۆربەی نووسەرانی ←

کورد بۆتە سیاسەت. کەوابوو بۆ هیچ نووسەرێکی نیشتمانپەروەر سانا نیە خۆ لەسیاسەت هەلاوێرێ. بەلام دەکرێ خۆ لە کەلەوەکێشی حیزبایەتی دوور راگرێ ...

● ئێوە لەوەپێش زیاترکورتە چیرۆکی تەنزتان دەنووسی، بەلام لەپڕ رووتان لە نووسینی "رۆمانی" کۆمەلایەتی کرد، وەکوو «فرمێسک و *خەبات*»، بۆ؟

– دەکرێ نووسەر سوژەی هەبێ و خۆی لێ بێ گوێ کا؟ بێ شک ولامی نایە. من چیرۆکی «فرمێسک و *خەبات*»م بەهەمموو عەیب و نەقسەکانی یەوە خۆش دەوێ و ئەم چیرۆکە درێژە، تەنیا چیرۆکی من نییە کە دراماتیکە (dramatic)، بەلکو چیرۆکی «*تاسەی ئازادی*» و چەند کورتە چیرۆکی تریشم هەن کە پەردە لەسەر ژان و دەردی کۆمەلی چاو بەفرمێسکی کوردەواری لادەدەن.

● هەر وەک دەزانن لە کۆمەلی کوردەواریدا زۆرتر پاش مردنی مێرد(باوک)، ئەوە ژنە(دایک) کە ئەرک وکوێرەوەری و پێگەیاندنی مندال وەستۆی خۆی دەگرێ، کە چی لە رۆمانی« فرمێسک و *خەبات*»دا، شتەکە بە پێچەوانەیە. بۆ نموونە: «دارا» پاش لەدەست دانی هاوسەردکەی«مریم» ئەو ئەرکە وەئەستۆی خۆی دەگرێ کە رووداوی ئەوها لە ژیانی راستەقینەدا، کەم دەقەومێ. ئەم ناتەبایی یەی چۆن شی دەکەنەوە؟

– قسەکەت راستە! بەداخەوە لەنێو کۆمەلگای ئێمەدا، ئەوە زیاتر دایکە کە پاش مەرگی شوویەکەی لەسەر مندالەکانی دادەنیشێ و مێرد ناکاتەوە، بەلام من پیاوی واشم ناسیوە کە پاش مەرگی ژنەکەی لەبەر ئەودی مندالەکانی نە کەونە ژێر چەپۆکی باوەژن(زڕدایک)، هاوسەری تری هەلنەبژاردۆتەوە. من بەشبەحالی خۆم بیرەوەری ناخۆشم لە بێدایکێتی دوو برادەری خۆم هەیە؛ کە یەکیان سنەیی و ئەوی تریان مهابادی بوو. هەر دووک لا، پاش مەرگی دایکیان کەوتبوونە ژێر چەپۆکەی باوەژن. هەردووکیان لە باری رەوانییەوە ناتەواو بوون. بە داخەوە ئەوی سنەییم دوایین جار لە نەخۆشخانەی رەوانی «بیمارستانی رازی» تارانێ دۆزییەوە. بەبڕوای من مندال زیاتر بەبێدایکی هەتیوە، نەک بە بێباوکی. دەیان مندالی بێباوک دەناسم، مەگەر لەباری ئابوورییەوە دەنا لەباری رەوانییەوە وەک مندالی بێدایک روو زەردیان پێوە نەبیندراوە. من بۆیە لەم نووسینەدا دارام فیدا کردوە، پتر بەخاتری ئەوەیە کە باوکان پاش مەرگی خێزانەکانیان سەبارەت بەمندالە کانیان کەمتەرخەم نەبن و بەهەناسە ساردی نەیان هێلنەوە. هەرچەند بێوە مانەوەی ژن و پیاوم پێ ئینسانی نییە! بەلام سەرەڕای ئەم بۆچوونەشم، لەم چیرۆکەدا ویستوومە ئەو لەخۆبوردوویی یە، هەر تایبەتی دایکان نەبێ، بەلکوو باوکانیش لەو بوارەدا هوشیار بینەوە.

● ئایا پێت وابوو ئیتر لەوەی دواوە نوسینی کورتە چیرۆکی تەنز کوڵ وکۆی دەروونت دانامرکێنێ؟ یاخود دەتەویست ئەم بوارەش تاقی کەیەوە؟

– بۆ من مەبەست تاقی کردنەوە نییە، بەلکو فیکرەو ئامەوێ بەسەریدا بازدەم. با ئەوەش بلێم هەر ئەوەندەی چیرۆکە تەنزەکانم وەپێکەنینم دەخەن، هەر بەو ئەندازەش چیرۆکە خەمینەکانم فرمێسک بەچاوانم دا دێننەخوار. کاتێک "شێرکۆ"ی قارەمانی رۆمانی "تاسەی ئازادی" شەهید بوو، کاتژمێر دوازدەی شەوی نیشان دەدا. چرام کوژاندەوە، خزیمە نێو نوێن و بانەکەم و دەستم بەگریان کرد. بەدەنگی گریانەکەم هاورێم کاک حەسەنی هاشمی لەخەو هەستاو چراکەی هەلکردەوەو پرسی: ئەوە بۆ دەگری؟ ولامم داوە شێرکۆ شەهید بوو! بڕێک راماو گوتی: جا نەتهێشتبا شەهید بێ. ولامم داوە تازە بۆم زیندوو نابێتەوە ، ئەویش دلی پڕ بوو و چراکەی بەخەمباری کوژاندەوە.

● بەرای ئێوە، نووسەری ئاوارە چ دژوارییێکی لە ئاست نووسیندا لەبەرە؟

– بەرای من نووسەری ئاوارە لێقەوماوێکی تینینوویە، لەنێو شۆرەکاتێکی پان و بەریندا بەدوای تراویلکەکاندا هەلوەدایە. کاکی خۆم، گشت ژینەوەرێک لە شوێنی خۆی دەنگی خۆش و رەنگی جوان و خاوەنی غرورە. نووسەری ئاوارە چ پێوەندی و دلبەندییەکی بە هەندەرانەوە هەیە؟ نووسەری ئاوارە لە ولاتی غەریبی هیچ چەشنە بیرەوەری وجێ پێیەکی نییە. هەست بەخۆشی ناکا و سروشت لێی تەریک و بێگانەیە، سا دژواری لەوە مەزنتر؟

● نێوانت دەگەل خوێنەرەوەی خۆت چۆنە؟

– من هەموو خوێنەرەوانی خۆم ناناسم. خۆ دوژمنەکانی کوردیش رێگا نادەن نووسراوەکانم بە ئازادی بگەنە دەستی خوێنەرەوان لەولات. دیارە خوێنەرەوانی من زیاتر ئەو کەسانەن کە ئێستا لە هەندەران پەنابەرن. ئەوەی راستی بێ هەر شوێنێکی چووم، کتێبی منی لێ بووە. جا ئەوسا ئەگەر خوێنەرەوان لەتەک من نێوانیان خۆش بێ، چ لەوە باشتر. ئەگەرچی من داوای رێنوێنیم لە خوێنەرەوانی خۆم هەیەو چاوەڕوانم هەر دووک لایەنی خاس و خراپی نووسراوەکانم بۆ دەست نیشان کەنەوە. هەلبەت سکالایەکیشم هەیە، لەم ئورووپایەدا زۆربەی کوردەکان کتێبی زوانی خۆیان ناخوێننەوە و ئامادە نین تەنانەت پولی لیوانێک بیرەی رستورانێک لە مانگدا بە کتێب یا گۆڤارێکی کوردی بدەن...

● یانی زیاتر مفتەخوێن!

– ... بەلێ زارخۆش! کتێبیان دەوێ، بەلام بەخۆڕایی و بۆ دیکۆڕ! داوام ئەوەیە لەم بارەوە تێڕوانینی جیدیان هەبێ، چونکە ئەوە خۆی دەسپێکی کارە بۆ ئەدەبیاتی شلک و ساوای کورد و ئەو بایەخ پێدانە خۆی دەبێتە هۆی پەرەپێدان و گەشەسەندنی کولتور و ئەدەبیاتەکەمان.

● کاری داهاتوت چیە؟

– خۆ بەناشوکری نەبێ رێگای ولاتم لێ بەستراوەو تازە چاویشم بە کارمەندێتی دەولەتی ناکەوێتەوە، براکەم ئەگەر دەردی دوورەولاتی لێ بگەرێ، بە غەوس هەر نووسین!

● ئەدی «گزینگ» ت پێ چۆنە؟

– بەرای من، گزینگ لە ماوەی کورتی تەمەنیدا، بەوهەموو تەنگ و چەلەمەی مادی کە لەپێشێتی، توانیوێتی باش خۆی بەرەو پێش بەرێ. باشە، بۆ گۆڤارێکی تازە پێگرتووی وەک گزینگ لەوە باشتر چ دەبێ؟ ئەوە نیە هەردێ بەناوەرۆکتر دەبێ. بۆ نموونە گزینگی ژمارە ۳ بەناوەرۆکترە لە گزینگی ژمارە ۲. بە بۆچوونی من، گزینگ پێویستی بەدوو رێگا هەیە. یەکیان پشتوانی مادی خۆی بەهێز کا، دووهەمیش گۆڤارێکی ئەدەبی بێلایەن بمێنێتەوە و نەبێتە بلێندگۆی هیچ تاقم و دەستەیەکی خاسی سیاسی یا هەر کەسێکی دی...

ئەگەر پرسیارێکی دیکەتان نەماوە رێگام بدەن بۆ ئەم گفتوگۆیە پڕ بەدل سوپاستان بکەم و لە کۆتایی دا ئاواتی سەر کەوتن و پێشەوەچوونم بۆ گزینگ هەیە، دلنیام بەو پشتکارییەی هەتانە، گزینگ هەم خوێنەرەوەی زۆرتری دەبێ و هەم هاوکاری دلسۆزتر. هەر بژین و سەرکەوتوو بن.

■

کورتە چیرۆک

# گـەڕانـەوە

خۆمانی

ئەم وتو وێژە، کاک خوسرەو، کردوویەتی و منیش دامڕشتووەتەوە.
تەیفوور: سوید ١٩٩٣

( وتـووێـژ لـە گـەڵ ژنـەگـەنجـێـکـی کـورد)

ماوەیەک بوو سنوورمان بە جێ هێشتبوو بەڵام تاوناتاو ئاوڕی دەداوە و تـەواشـای ئـاسـۆی پـشـت سـەرمـانـی دەکـرد. هـەمـوو جـارێـک بـە ئاوڕدانەوەکەی، ملی منیش دەسووڕا وچاوم بە دووی سنووردا دەگەڕا کە ئێستا ئیتر لە چاو ون ببوو.

بێدەنگ، چاوی لە دار تێلەکان بڕیبوو کە بە پەلە بە تەنیشتی سەیارەکەدا تێدەپەڕین. دڵەودوابیەکی سەیر لە سیمایدا بە دی دەکرا... دەڵێن رازی ئینسانبوون ئەوەیە کە مرۆڤ پێی خۆشە لە دڵی یەکتر ئاگادار بێ، نازانم ئەمە بوو یا پەیجۆرییەکی ساکار کە پێم خۆش بوو بیدوێنم. هەستم دەکرد دیوارێکی بەرزی بە دەور تەنیاییەکەیدا کێشاوە کە ناکرێ بە ئاسانی بیروخێنی. بۆیە نەمدەوێرا بێدەنگییەکە بشکێنم.

قژەکانی رەنگ کردبوو، بەڵام بە چاو وبرۆیدا دیاربوو کە لە پێشدا رەش بووە. سەر نینۆکەکانی پاشماوەی لاکی پێوە مابوو. دەستێکی بە دەم وچاویدا هێنابوو بەڵام نە ئەوەندە کە لە چاو بدا. جاکەت وپاتۆڵێکی ساکاری لە بەردابوو. قامکەکانی هەردوودەستی لێک گرێدابوو ولە بیرێکی قوڵدا ون ببوو.

لە پێش چایخانەیەک دووکەس دابەزین، منداڵان دەوری سەیارەکەیان دابوو وبە چاوە تامەزرۆکەکانیان چاویان لێ دەکردین. بیانوویەک بۆ قسە، کوتم: ئەوانەش کوردن!

ئاوڕی داوە وبە داتەکاندنی سەر وڵامی دامەوە. دیوارەکە ڕووخا بوو، کوتم:

- یەکەم جارە لە وڵات وەدەر دەکەوی؟
- یازدە ساڵ لەمەوبەر بۆ یەکەم جار وەدەر کەوتم.
- حەتم بێرەدا نەبووە!
- نەء ، لە ئێرانەوە.
- بە تەنێ؟
- هەء ... مێردەکەم بردمی ، شازدە ساڵم بوو ، بەمێردیان دابووم.
- ئەی... ؟
- هیچ، چوینە ئاڵمان وپاشان سوید ودوایەش...

شانی هەڵتەکاند وبیرێکی دیکە بردیەوە. ماوەیەک بێدەنگ بوو، چاوی لە تێلە دڕکینەکانی کەنار جادە بڕیبوو کە وڵاتیان زیندانی کردووە.

- سەیرە منیش لە سوید دەژیم... مێردەکەت لەگەڵت نەهاتووە؟
- هەر ئەوەندە دەستی راست وچەپی خۆمم ناسی لێی جوێ بوومەوە. نەمدەتوانی لە گەڵی بژیم... ئەگەر شتێکیان بە زۆر پێکردی... کە زۆرییەکە ئەما... جوێ بوونەوە تەنیا ڕێگابوو... سەیرە ئەشم دەتوانی بەتەنێ بژیم، پاش ماوەیەک پێموابوو لە هەموو دنیا هەڵبڕاوم. ئازاد بووم راستە ، بەڵام نەمدەزانی چی لێبکەم... هەتا فێربووم لەگەڵ ئازادی رابێم سەرئێشەیەکی زۆرم تووش بوو ، دوکتووری نەفسی وهەزار شتی تر... نازانم، ئەرێ بۆ ئەم شتانە بە تۆ دەڵێم؟
- نا نا ، بڵێ! بەراستی پێم خۆشە ، ئەگەر ئیزن بدەی هێندێکی بنووسمەوە، ئەگەر ئەختێک بەسەرهاتی یەکتر بزانین چ دەبێ؟
- رەنگە ئەگەر هاوزمان نەبووباین ئاوا بە ئاسانی قسەم بۆ نەدەهات، سەردڵم نەدەکرایەوە... دەزانی من قەت ئەلاوێندرابوومەوە، قەت نازم نەڕۆیشتبوو، بۆیە نەمدەتوانی کەسم خۆش بوێ. هەموو شتێک لە دەرەوەی مـنـدا دەژیـا. دەرکـەی دەرونم نـەدەکـرایـەوە... وەکـوو کـچـە سویدییەک هەڵسوکەوتم دەکرد ودەژیام، بە رواڵەت بە دڵی خۆمم دەکرد، بەڵام لەدڵەوە جیاوازییەک هەبوو کە نەمدەزانی چییە...
- پێت وایە بۆ وابوو؟
- کە ڕۆیشتمەوە... یەکەم جار بوو کەدەگەڕامەوە، دیتمەوە، زانیم بۆ وایە... دەزانی ؟ لە پێشدا گێژ ببووم نەمدەزانی چی بە چییە... من منداڵ بووم کە ئەو وڵاتەم بەجێ هێشتبوو. دیمەنێکی روون لە مێشکمدا نەمابوو. هەرچی هەبوو، ئەو زوڵمە بوو کە پێم کرابوو. بەڵام ئەمجارە دیمەنەکانم گۆڕا، ئەو هەموو هەژاری ونالەبارییە هەژاندمی، نازانم رەنگە تەنیا بۆ من وابووبێ، یان خۆ بۆ هەمووکەس وایە... من لە سوید کاردەکەم، لە راستیدا وەکوو هەژارێکی سوید دەژیم. قەت پاشەکەوتم نییە، بەڵام هیچیشم کەم نییە. ژیانی ئێرەم کە دیت زکم بە خۆم سووتا کە چەندە لە ئەزانیدا ژیاوم، لە دووی دایک وکەس وکارم نارد هاتن، ئاخر هێشتا لە کەرکوک دەژین... دەگریان... من نەء، من گریانم بۆ نەدەهات، دەتکوت بەزەییم نەماوە. دەتکوت زۆر لە دوورەوە ئەوشتانە دەبینم... بەدایکم کوت ئێوە منتان بەدبەخت کرد... ئێستاش ڕقم لە دایکمە، ئەو منی بەمێرد دا، بەڵام خوشکەکانم، ئای کە دەستمان لە

گەردنی یەکتری کرد. خۆشەویستی شتێکی سەیرە، جاری وایە ساڵەهای ساڵ لەجێگایەکی شاراوەدا خۆی ون دەکا، لەتۆدا هەیە بەڵام خۆی نانوێنێ، کە چی لە پڕ سەر هەڵدێنێ وهەموو گیانت دادەگرێ.

دەنگی نزم کردبۆوە. هێشتاش لەوەدا کچەکوردێک بوو، بە شەرمەوە باسی خۆشەویستی دەکرد، با خۆشەویستی باب ودایکیش بێ، باڵە سوید ژیابێ، ئەوەی هەر پێ مابوو. هاڕەو بۆڕەی سەیارەکە نەیدەهێشت قسەکانی بژنەوم، سەرم بردە پێشەوە بەڵام ترسام دەورو پشتەکە بیری خراپ بکەنەوە. سەیرە ئەگەر لە وڵات نزیکی، تووشی ئەو شتانە دەبی کە هەموو ژیانت ویستووتە فرێیان بدەی. چارم نەبوو کوتم:

- ببورە ئەختێک بەرزتر!

- هەر کە دیتم ناسیمەوە، ئەودەمیش پێشمەرگە بوو، زۆر گۆڕابوو، پیرتر، پیاوتر... ڕەنجی هەموو ئەو خەڵکە لە بێچمیدا دەخوێندرایەوە، دوازدە ساڵ لەمن گەورەترە. پێم خۆش بوو وەکوو منداڵێک بیلاوێنمەوە، دەست بە برینەکانیدا بێنم بەڵکوو بسرەوێن. دایکی و ژنەکەی لە بۆمبارماندا لەت لەت بوون، دەیکوت: "بەدەستی خۆم کوت ولەتەکانیانم کۆ کردووەتەوە ولە خاکی ناو باخچەکەدا ناشتوومن..." دەزانی یانی چی؟ جاری وابوو پێم خۆش بوو باوڕیان پێ نەکەم. جاری واش بوو پێم خۆش بوو لەوێ بام و ئەوشتانەم دیبا... تەنیا کوڕە چکۆڵەکەی بۆ ماوەتەوە. لەو دە ڕۆژەی لە کوردستان بووم هەشت ڕۆژی پێکەوە بووین. باسی رابردوو دوایی نەدەهات، دەتکوت هەردووکمان لە شتێک دەگەڕێین. ئەو کاتێک بەسەرهاتەکانی دەگێڕاوە، کاتێک باسی هەواڵەکانی دەکرد کە لە باوەشیدا شەهید بوون، وەک هەوری بەهار دەگریا؛ باوکانە، برایانە، منداڵانە... شتێکی سەیر بوو، چاوی دەبوو بە کانیاو وخوڕەی دەهات. من نا، من هێشتا نەمدەتوانی بگریم، دوایە بەرەبەرە هەستە ون بووەکان گەڕانەوە. من فێری خۆشەویستی بووم. فێری خۆشویستنی ئەو خەڵکە داماوەش بووم. ئەوەش ئەو فێری کردم. ئەوانەی هانیاندام کە بگەڕێمەوە کوردستان، ئەگەر بزانن چ خزمەتێکیان پێکردووم شاگەشکە دەبن... بریا توانیبام دەستی هەموو ئەو کوردانەی دەرەوەم گرتبا و بم بردبانەوە.

- زۆر کەس ئێستا دەگەڕێنەوە، ماڵ دەکڕن و سەودا دەکەن و... ژن دەکڕن و...

قسەکەی پێ بڕیم، لە خۆم شەرمەزار بووم کە باسی خۆشەویستیم بە شتی بێتامی ئاوا بەربەرچ داوەتەوە.

- دەزانی ئەخۆشی زۆر دروست بووە. بەشێکی زۆری ئەوانەی کە لە دەردوەڕا دێنەوە پێکی دێنن... هاوژینەکەی منیش دەیەوێ بێتە دەرێ، دەڵێ: "لێرە هیچ ناکرێ. من هەموو ژیانم لە سەر شۆڕش داناوە بەڵام ئێستا دەسبەتاڵ دانیشتووم، کەس ئاوڕم لێ ناداتەوە..." هۆنەرمەند بووە، لە ئۆردووگاکانی تورکیە ـ ساڵەکانی زووتر. شانۆی گێڕاوە ولە سەر ئەوە چوەتە بەندیخانەی تورکان... کوڕە دوژمن خۆ یەک ودووان نین. ئەوەم دەکوت: ئەرێ...، ئەویش دەڵێ: من زۆر لەوانەی کە دێنەوە فیزمان بە سەردا دەکەن زیاترم، بەڵام لێرە دەرەتانم نییە. نازانم... بەراستی کوا کەس لە دەرێ ئەوەی دەیەوێ پێی دەکرێ؟ بەڵام ئەو پێی وایە ئەوەیکە ئەو فیزکەرانە دەیڵێن راستە... من دژ نیم، کوتم وەرە ماوەیەک لە دەرێ بە، با بۆ خۆت بیبینی! با ئەوەشت بە سەر دڵەوە نەمێنێ.

لە کاتێکەوە هاتبووە قسە، یەکەم جار بوو پێدەکەنی. منیش...، کوتم:

- ئەتۆ چووی بمێنیەوە یان یەکێکیش لە گەڵ خۆت بێنیەدەرێ؟

ناوچاوی گرژکرد بەڵام لێم تووڕە نەبوو. دیاربوو لە پێشداش پرسیاری وای لێکراوە.

- نازانم... لەوێش زۆر کەس پێیان دەکوتم ئەمە ئامانەتە، ئەگەر بردت دەبێ بیهێنیەوە، من پێم وایە دەکرێ ماوەیەک لە دەرەوە پێکەوە بژین هەتا هێندێک خۆمان ببەستین، پاشەکەوتێک بکەین و ئەوجار بگەڕێینەوە. من هیوام ئەوەیە بتوانم خزمەتی پێ بکەم. پێم خۆشە کوڕەکەی گەورە بکەم... زۆر زیرەکە، حەوت ساڵانەیە، کە چی زۆر شێعر وشتی وای لە بەرە... دەمەوێ کە گەڕامەوە لە بەشی یارمەتی بە منداڵاندا کاربکەم.

- پێت وایە ئەگەر هاوژینەکەت هاتە دەرێ، بیبەوێ جارێکیتربگەڕێتەوە؟

- ڕاستیەکەی ئەو زۆر بێزارە، نازانم لە بەر ئەوەیە کە تەوژمی ژیان لە سەریان زۆرە، یان..، هەمووی هەردەڵێ: "ئەوانەی کە هیچیان نەکرد ئێستا بڕۆ تەواشای بار وبارخانەیان بکە، ئێمەش هەربەشمان کزی وداماوییە". من پێم وایە ماوەیەک بێتە دەرێ ئەهوەن دەبێتەوە. ئەگەر شتێکمان بە دەستەوەبێ ئەو خوتە وبۆڵەش نامێنێ. گرینگ ئەوەیە خۆشەویستییەکە بمێنێ، دەزانی؟

- چەندە بەوەی هیواداری؟

- لەلای خۆمەوە زۆر، دەزانی من پێم خۆشە ژن، ژن بێ وپیاو، پیاو. پیاو ئەختێک بە سەر ژندا زاڵ بێ خۆشە.

پێدەکەنم.

- ... دەزانم پێت سەیرە من وا بیردەکەمەوە، بەڵام چۆن بڵێم من ئەو جۆرە خۆشەویستییە شاراوەیەم پێ خۆشترە، تام وچێژێکی تری هەیە. جا هەرکەسە جۆرێکە... من وام پێ باشە. ئێستا پێم وایە ئەوەی ئێمە لەسوید هەمانبووە جۆرێک لاسایی کردنەوە بووە، یا خۆ شتێک بووە کە تێی نەگەیشتووین.

- پێت وایە ئەوجارە بە چاوێکی دیکە سوید دەبینی یا پاش ماوەیەک پێی ڕادێیەوە؟

- من زیاتر لەوەی کە لەکوردستان ژیابێتم لەسوید ژیاوم، دوای یازدە ساڵ، دە ڕۆژ چوومەوە. یەک شتم بۆ دەرکەوت، ئێمە قەت نابین بە سویدی، خۆشمان بکوژین، زمان و دەرس وچوزانم، لە خۆیانیش باشتر بین هەر نامۆین... من پێم وایە تازە لە دایک بووم. ئێستا خزم وکەس وکارم هەیە، دەورو بەرم پڕە، هاوژینێکم هەیە کە خۆشم دەوێ... سوید هەمور شتێکت بداتێ خۆشەویستیت ناداتێ، درۆیە. ئێستا من هەست بە بەختەوەرییەک دەکەم کە لەو یازدە ساڵەدا ئەم کردووە، بەختەوەری بەرپرسێتی. من سیگارم وەلانا، چیتر مەشروب ناخۆمەوە. سی کرۆنی سیگارەکە دەدەم بە کراسێک بۆ منداڵێکی کورد. کوڕە ئەی هاوار، ئێمە نەماندەزانی لە کوێنەی ئەو دنیایە داین، جێ پێمان نەبوو. دەبێ ئێنسان خۆی لە جێگایەک گیر بدا هەتا ژیان مانای هەبێ... من لە پێشدا بۆ کات دەژیام، بیرم لە سبەینێ نەدەکردەوە. ئێستا بۆخۆم، بۆ هاوژینەکەم، بۆ منداڵەکەی دەژیم... ئێستا هەست دەکەم کە ژیان خۆشە... من لەو سەفەرەدا بە قەرا هەموو ژیانم گەورە بووم، من خۆمم دیتەوە، لەو تەنیاییە تاریکە دەرهاتم. تەنیا خەفەتم ئەوەیە کە یازدە ساڵ تەمەنم بە فیڕۆ دا.

- ڕەنگە ئەگەر ئەو یازدە ساڵ تاقیکردنەوەیەت نەبووایە، ئەگەیشتبایە ئەم ئاکامە، ئەوە نییە هاوژینەکەت ئەوتی پێ خۆش نییە؟

- با بێ ببینێ وهێندێ شتمان هەبێ، ئەو ناتوانێ ئەو وڵاتەی ڕەنجی بۆ داوە هەتاهەتایە بە جێی بێڵی، بائێستا لێشی توورە بێ. من بگەمە هەرکەس دەڵێم کە بۆماوەیەکیش بووە بڕۆنەوە بابزانن چۆنە.
- پێت وانییە لەم هەل ومەرجە هەژارییەدا کە لە وڵات هەیە، هێندێ کەس بە پارەی باش، دەڕۆنەوە و دەبنە خاوەن دەسەڵاتی وڵاتێک کە یەکی دیکە ڕەنجی بۆ داوە؟
- نازانم، تێی ناگەم، ڕەنگە...، من دەمەوێ تەنیا ئەوەندەم هەبێ کە بە ئاسایش تێیدا بژیم.

ئەم جارە بیرێکی قووڵی بێدەنگ، هەردووکمانی داگرت...؛ گەیشتینە دیاربەکر، کاتێک دەڕۆیشت دەستی هەڵێنا وکوتی: لە بیرت نەچێ! نەمزانی مەبەستی چییە... چیرۆکەکەییم لە بیر نەچوو، بەڵام لەبیرم چوو نێوی بپرسم. ■

---

**پاشماوەی : دوو وێنە ویەک ئاوێنە**

هاتمەوە. ئەو شوێنەی دڵی تۆی لێیە، بەردێکە وەک دڵ. بن ئەو بەردە دەیکوتا. ڕاچەنیم. دڵەکە جوان دەیکوتا. چەند جار ویستم بن بەردەکە هەڵدەمەوە، نەموێرا. هەتا ئێستاش نەموێراوە...

لەپڕ کۆترەکەم خۆ دە باوەشم داوێ. ترساوە. چاو لە ئاسۆ دەکا. چاو لە ئاسۆ دەکەم. ئەو جێگەیە کە کێوەکان، ئاسمان رادەمووسن. ڕەشایی‌یەک دیارە. هەرچی هەیە لە پشت کێوەکانەوە دێ. ئەوێ هەمیشە تاریکە. باشوو نزیکتر دەبێتەوە. کۆترەکەم بە باوەشمەوە دەنێم و گیانمی بە سەر دا دەکێشم. باشوویەک نیە چەند باشوون. باشوەکان گەورە دەبن، گەورەتر دەبنەوە. چەند باشوو نین، هۆزی باشوون. ئاسمانی شار دادەپۆشن. سێبەرێک بە سەرمان دا تێدەپەڕێ. دڵی من و کۆترەکەم بۆتە یەک. چەند برووسکە لێ دەدرێ. هۆزی باشوو دڵی شار دەڕفێنن و دەڕۆن. تۆزێکی تاڵ و تیژ شار و ئاسمان تێکەڵاوی یەک دەکا. چاوەکانم هەڵنایە تا بزانم دڵت بەرەو کوێ دەڕفێنن.

ئاخ هەڵەبجە! ئاخیش لە سینگم نایەتە دەر. هەوای تاڵ و تفت دەچێتە ژوور و نایەتەوە دەر.

ئاخ هەڵەبجە!

خوشکە چکۆڵەی چاو شینی من!

دەمی سووتاوم، لە سەر ڕوومەتە هەڵقرچاوەکانت هەڵناگرم. بۆن بە گوڵی برینەکانتەوە دەکەم. سنوورت شکاند و ڕۆیشتی منیش بە دوات دا دێم و دەبمە سێبەرت. سنوور دەشکێنم و دێم. هۆزی باشوو دڵی بردین، بەڵام تارمایی‌مان بە نێوچاوانی مێژووە دەمێنێتەوە کە با و بۆرانی هیچ سەردەمێک ناتوانێ ئەم پەڵەیە بسڕێتەوە.

مانگی ئیمشەو تەماوی‌یە. چۆن دەتوانێ بڕوانێتە تۆ. چۆن دەتوانێ لە ڕووباری چاوەکانت دا خۆی بشواتەوە. چۆن دەتوانێ بە شانەی تۆ بسکی ئاڵۆزی دابێنێ. بگری ئەی مانگ! دەزانم بارانێکت دە چاو دایە. بگری! بەڵام دڵنیام ئەو بارانە تەمی سیمات ناشواتەوە.

بگری ئەی مانگ!

بگری ئەی مانگ!

بگری!

---

**پاشماوەی: لە زۆر بارانەوە وڵاتێکی بابڕی**

ئەو جار لە چاپێکی تازەدا بڵاوکرایەوە، دیسان ئەسڵانیان گرتەوە.

**ئەدیپ پۆلات**، نووسەر و مامۆستای زیندەوەرزانی یە و تەمەنی ٣٢ساڵە. ئاخرکتێبی نێوی: "**کورد وکوردستان بە زمان زانستەوە**"یە و ساڵی ١٩٩٢ بڵاوبۆتەوە. ئەو لە کتێبەکەیدا باسی نێوی زۆر ڕووەک و گەزەندەی کردووە کە نێوە لاتینییەکانیان پێوەندی کوردی پێوە دیارە، بۆ نموونە: Vulpes Kurdstanicuc . دەستەڵاتدارانی تورک ئەوجۆرە لێقووڵبوونەوە و دەکارکردنی زمانیان بە دڵ نییە جا بۆیە پۆلات "بە تاوانی بانگەشەی جیاوازیخوازانە" داوای مەحکوومییەتی بۆکراوە. ئەو ساڵێک پتریش لە بەر نووسینی کتێبێک، کە تێیدا باسی ئاکارە بێ بەزەییەکانی زیندانی نیزامی دیاربەکر دەگێڕێتەوە(ئەو بۆخۆشی ئەشکەنجە کرابوو) دوو ساڵ زیندانی بۆ بڕابۆوە.

ڕەنگە کەیسێکی کە لە هەمووان سەرنجی زیادتر ڕاکێشابێ، بەسەرهاتی کۆمەڵناسی ناسراوی تورک **ئیسماعیل بەشیکچی** بێ، ئەو وەک لێکۆڵەرەوە لە مێژساڵە بە کێشەی هەوێتی کوردەکانەوە خەریکە.

**چاوەڕێی ٧٠ دادخواست**

ئەو کارانەی بەشیکچی بووە هۆی ئەوە کە هەر لە ساڵی ٧١ گیرا، کەوتە بەر ئەشکەنجە و بە ١٠ ساڵ زیندان حوکم درا. لەو دەمییەوە بەشیکچی نزیکەی ٢٢ کتێبی لە سەر کوردان نووسیوە. کاتێک ئەو لەگەڵ ڕووناکبیرانی دیکە تکانامەیەکیان سەبارەت بە هەلومەرجی تورکیا بۆ ڕێکخراوە نەتەوەیەکگرتووەکان نارد، دیسان ئەو حوکمێکی ٢ ساڵەی زیندانی بۆ دەرچوو بە تاوانی ئەوەی کە بە سووکی باسی وڵاتی خۆی کردووە. پایزی ڕابردوو ئەو ٢٠مانگی دیکەشی حوکم بۆ بڕایەوە لەبەر نووسینی تازەترین کتێبی بە نێوی: «***بیروڕا سەبارەت بە پکک***». جگە لەوە ئەو چاوەڕێی ٧٠ دادخواستی دیکە دەکا. ئەگەر بەخت یار بێ، بەو مەرجەی ئەو بەرگری لە خۆی نەکا، تەنێ بە ٦٠ ساڵ زیندان حوکم دەدرێ.

ئاژانسە سەفەرییەکان بە تورکیا دەڵێن:"لە زۆر بارانەوە وڵاتێکی مودێرن". بەڵام نێوهێنانی وەک وڵاتێکی بابڕی (دڕندە)زۆر بەجێترە. مرۆڤ موچورکی بە لەشیدا دێ کاتێک دەبیستێ وڵاتێکی ئەوتۆ (کە لە ڕاستیدا ئەندامی ناتۆیە)هەوڵ دەدا بێتە نێو بنەماڵەی یەکێتی ئورووپاوە.

بەڵام تورکیا" دوور لەمێژوو" نییە، ئەگەر چی باس باسی مێژوویەکی نزیک و بەتەواوی جیاواز لەوەیکە ئاژانسە سەفەرییەکان بیری لێدەکەنەوە. ■

**کارۆلا هانسۆن ـ بۆئێتیوس**
(Carola Hansson - boethius)
نووسەر و سکرتێری نێونەتەوایەتی ڕێکخراوی پێنی سوێد
**ئولف بۆئێتیوس** (Ulf Boethius)
پرۆفسیسۆری زانستی وێژە، ئەندامی ڕێکخراوی پێنی سوێد

*** ڕۆژنامەی داگنس نیوهێتر لاپەڕەی کولتور سێشەمۆ ٣ی مای ١٩٩٤**

کورتە چیرۆک

# دوو وێنە و یەک ئاوێنە

● عەلی ئانەوازادە ●

(١)

## خوشکە چکۆڵەی چاو شینی من

شەو نەبوو، بەڵام هەتاویش بە ئاسمانەوە نەبوو. زۆر دوور، کێوەکان خۆیان دەنواند و لە نێو تەمێکی یەکدەست دا تلابوونەوە. مارێکی ئەستوور و درێژ خۆی لە قەفی دارێک هاڵاندبوو. بێچووباڵندەکان، زاریان بە دەمای خۆیان داپچڕیبوو و دەیانجووکاند. دایکە و بابە شاڵاویان دەبرد، دندووکی چووکیان لە گیانی مار رادەکێشا، بەڵام مخابن کەڵکی نەبوو. مار زاری بە قەرا هێلانەکە داپچڕی و دەیەویست جووجەڵەکان بە هێلانەوە هەڵلووشێ کە خوشکە چکۆڵەی چاو شینی من لە خەو راپەڕی...

نیوەشەو بوو، ئەستێرەکان فوو کرابوون. لە ئاسمان، لە دیوارەکان، تەنانەت لە پەنجەرە و رۆچنایی تاریکی دەتکا نێو ژوورەکەی. یەک بە خۆی هاواری کرد. پرخەی خەڵک هاوارەکەی خنکاند و قووتی دا. هەناسەیەکی هەڵکێشا، هەناسەکە پەنجەی لە سینگی داکوتا و نەهاتەوە دەر. دەستی بە ئەوکی گرت و رای کردە کۆڵان.

هەر هەڵدەهات. کۆڵان تەواو نەدەبوو. کۆڵان بنەبانی نەبوو. وەڕەز بوو، ماندوو بوو. تاریکی بە شوێنیەوە نەمابوو. لە جێی خۆی دانیشت.دیوارێک لە سووچێکی کۆڵان بەرز ببۆوە. کوندێکی دەستەمۆ لە سەری هەڵنیشتبوو و سەری بێچووەکانی دەخوارد و پەنجەکانی فڕێ دەدان. دەستی بۆ پێی درێژ کرد. پەنجەکانی تێکەڵاوی زەوی ببوون. ویستی هەستێ، نەیتوانی. زەوی بۆ لای خۆی دەکێشا، دەیەویست قووتی دا.

تاریکی لە پشت دیوار پەنگاوی خواردبۆوە. دڵۆپێک رەشایی تکا نێو دەریای مەندی تاریکی، شەپۆلی داوە. دەریا شڵەژا، بوو بە فەرتەنە. دیوار رووخا. تاریکی بوە لافاو و بە هاژەهاژ بە کۆڵانەکان دا هاتە خوارێ و ماڵەکانی رەپاڵ دا.

خوشکە چکۆڵەی چاو شینی من زاری نەبوو هاوار بکا، دەستی نەبوو مەلەی بکا، پێی نەمابوو پێی رابکا، چارەی بڕا، تێرتێر گریا. فرمێسکی شین، بوو بە ودمێک و پەردەی تاریکی دادڕی. هەموو زەوی، هەموو وڵات شین هەڵگەڕا بەڵام شینتر لە رەنگی ئاسمان.

کێوێکی بەرز لە بەر دەمی لە خەو دابوو. ئارام ئارام لە سەر پەنجە وەسەر کەوت. لە بن رەوەزێک، هەتاو پەڵە هەورێکی بە خۆی دادابوو و خەونی دەدیت. هەورەکەی لە سەر لادا و پیلی راکێشا. هەتاو لاساری دەکرد و چاوی خەواڵووی هەڵنەدەهێنا. خوشکە چکۆڵەم چاوی ماچ کرد، قژی زەردی خۆی پێ‌دادا و بۆ نێرینەی ئاسمانی نارد.

ئاسمان ساو بوو، هەتاو قژی زەردی بڵاو کردبۆوە. لە کێو داگەڕا. ماڵەکان نەمابوون بەڵام دەرکەکان هەروا بە داخراوی مابوونەوە. لە بەر هەر دەرگایەک گوڵێک ڕوا بوو. گوڵێک لە بەر خۆیەوە دەگریا. زۆر چکۆڵە بوو، هێشتا نەپشکوتبوو. لە بەر بێلایە لانکەیەکی لێ‌بوو، هەڵیگرت و لە لانکەی نا و لایەلایەی بۆ کرد، گوڵ هەر دەگریا و دایکی دەویست. هەستا بچێ پرچی بێنێ جۆلانەیەکی بۆ دابەستێ. بۆ لای کێو رۆیشتەوە. هەتاو زۆر دوور کەوتبوو و دەستی پێی رانەدەگەیشت. هەرای لێکرد:

ـ هۆ هەتاوێ پرچە زەردی من بدەوە!

هەتاو مۆنەی لێکرد و رووی لێ وەرگێڕا. خوشکە چکۆڵەم تووڕە بوو. دارێکی درێژی هینا و لە هەتاوی راکێشا. هەتاو لە پڕ بوو بە مارێک، رەش و ئەستوور. لە دار هاڵا و هاتە خوارێ. مار گەزارەی ئاورینی لێ‌دەر کێشا، داوێنی کراسەکەی ئاوری گرت. بە گریان بە کۆڵانەکان دا هەڵات. کۆڵان بنەبانی نەبوو. ئاور پەرەگر بوو و بڵێسەی دەدا. گوڵەکان هەڵدەپڕووزان و لە جێ خۆیان گڵکۆیەکیان لێ‌ساز دەبوو. هەموو شار بوو بە گڵکۆ، شار بوو بە گڵکۆی گوڵان.

خوشکە چکۆڵەی چاو شینی من هەر دەتواوە و کەم دەبۆوە. وردە وردە هەر چاوی ما، چاوێکی شین. چاوی شینی بوو کووژەکە. کووژەکەیەکی شین بەڵام شینتر لە رەنگی ئاسمان.

شەو نەبوو، بەڵام هەتاویش بە ئاسمانەوە نەبوو. پیرێژنێک خەمی هەزار ساڵەی لە بوخچەی بن هەنگڵی نابوو، بە کۆمە کۆم رێگای سەختی داهاتووی دەبڕی. لە سەر رێ کووژەکەیەک کەوتبوو. دەستە چرچەکانی بۆ درێژ کرد. هەڵیگرت و لە سەر لەپی دەستی ماوەیەک تێی فکری. لانکەی نەوەکەی لە مێژ ساڵ بوو کووژەکەی نەبوو. روانیە ئاسمان، کووژەکەی دە باغەڵ نا و دیسان ملی لە رێگا ناوە.

(٢)

## سنوور

ئەو رۆژەم قەت لەبیر ناچێ. من و تۆ بووین. لە سەربانی ماڵەکەمان درێژ ببوین و سەیری هەورەکانمان دەکرد. هەور رێچکەیان بەست بوو.بە

➡

نۆبە دەهاتن و تێدەپەڕین. بۆ ڕۆیشتن پەلەیان نەبوو، دەهاتن و شێوەیان دەگۆڕی. تۆ پتر ورچ و کەروێشکت دەهاتە بەر چاو و من پتر شێوەی ئینسانم تێدا بەدی دەکردن. زۆر چاکم لە بیر ماوە کە کوتم ئەو هەورە وەک پیاوێکی کوێر دەچێ، هەر ئەو پیاوەکوێرەی لە سەر شەقام رادەوەستێ، هەها داردەستەکەشی. تۆ پێکەنی. پێکەنینت چین چین بەرەو ئاسمان دەڕۆیشت. دەتکوت کانیاوێکی مەزنە کە هەڵدەقوڵێ.کوتم بۆ پێدەکەنی؟ دیسان قاقات لێداوە. منیش پێکەنیم. پێکەنینمان بە دەلاقە ئاوەڵاکان دا وە ژوور دەکەوت و خەڵکی وە بزە دەخست. خەڵک زۆر ساویلکەن! تۆ بڕوانە بە پێکەنینمان پێدەکەنن، بە گریانمان دەگرین.بێ ئەوەی بزانن بۆ، بۆ دەبێ بزەیان بێتێ؟

کۆترێک لە سووچێکی ئاسمان، لە هەرێمی هەراوی هەورەکان دا دەگەڕا. تۆ دەزانی هەور سنووری نیە؟ یانی وڵاتی نیە هەتا سنووری بۆ بکێشێ. هەور کۆچەرن، دۆمەکانی ئاسمانن. هەور زۆر دڵاوان، کەسێک کە پێ دە هەرێمیان بنێ دەری ناکەن. ئەو کۆترەش هەروا بوو، جارجارە خۆی بە باوەشی هەورێکی ئەوی دادەدا و لە بەر چاوان ون دەبوو. کە دەهاتەوە ددر تۆ دەستبەجێ دەتدیتەوە و بە منت نیشان دەدا. تۆ کوتت وەرە با ئەو کۆترە بکەینە منداڵی خۆمان، ئەوەی کە چوە ئاسمان. دەڵێن هەر منداڵێک کە دەمرێ دەبێتە پەپوولە، بەڵام منداڵی ئێمە بۆتە کۆتر. ئەویش ئەو کۆترە سپی‌یەیە. من بزەم هاتێ بەڵام وەها تاڵ بوو کە بە سەر دەستم لێوم سڕیوە.

دڵمان لە ژێر باڵی کۆترەکەمان ئابوو و سەیرمان دەکرد. بە منداڵی کۆترێکی بریندارم بەخێو دەکرد. بابم شەوێکی هێنایەوە. دەیکوت لە حەسارێ کەوتبوو. دایکم دەیکوت باش ئاگات لێی بێ، ئەوە پەری‌یە پەنای بۆ ئێمە هێناوە. کۆتر ئینسان خۆشەویستە. منیش پێم وابوو کە پەری‌یە. منی مێرمنداڵ گیرۆدەی ببووم و شەوانەش لە کن خۆم دەمنواند. ملوانکەیەکی جوانم بۆ ساز کردبوو. جارجارەش بە نهێنی شانەی خوشکم هەڵدەگرت و تووکەکانیم دادێنا. چاوی کۆتر وەک چاوی ئافرەتێکی شەرمن دەچێ. کۆتر بە چاو قسان دەکا. هەموو رۆژێ قسەم دەگەڵ دەکرد، هەموو رۆژێ. ئەویش گوێی بۆ قسەکانم شل دەکرد، وەک تۆ کە بێدەنگ گوێت دەدایە قسەکانم و تەنیا بە سەر یان بڕۆ وڵامت دەدامەوە.

کۆتر هەتا بنەبانی ئاسمان دەچوو و دەگەڕاوە. زۆر کەس پێی وایە ئاسمان سنووری نیە، بەڵام من وانیم. پێم وایە سنووری هەیە، بێ‌بنە بەڵام سنووری هەیە. ئەگەر وا نەبا کۆتر نەدەگەڕاوە. کەوایە بەرگر و لەمپەرێک هەیە کە پتر لەوەی کە دیاری کراوە ناڕوا. خەیاڵیش سنووری هەیە. تۆ چاوت وێک نێ بزانە وایە یان نا؟ بڕۆ، بە خەیاڵ ئەوەندی پێت دەکرێ بڕۆ بزانە وایە یان نا. بێ شک سنووری هەیە. ئەگەر وا نەبا خەیاڵی ئینسان قەت نەدەگەڕاوە. تۆ چاوەکانت قووچاندبوو، خەیاڵت بۆ سەفەر ناردبوو و منیش چاوەکانم دەگەڵ کۆترەکەمان هەڵفڕاندبوو.

ئەوەی نەدەبا قەومابا ،قەوما. هەمیشە هەر وا بووە، کەس نازانێ بۆ؟ چ دەستێکە کە کارەسات دەگێڕێ، کێ‌یە کە خولقێنەری ناحەزی‌یە؟ نازانم کام هەوری دڵ ڕەش پەنای دابوو؟ بێ ئەوەی پێت بڵێم چاوەکانت کردبۆوە. دیەنی ئاسمان گۆڕا بوو. هەورەکان کشابوونەوە و مەیدانێکی پان و بەرینیان بۆ باشوو تەرخان کردبوو.

کۆتر ترسی ڕێ نیشتبوو، هەر ئەو ترسەی کچەکەمان هەیبوو. مەرگ لە گۆشەی چاوە چووکەکانی دا خۆی حەشار دابوو. تۆ دەگریای و دەتباراند. کچەکەمان فامی نەدەکرد. ئارەقەی لە سەر ڕوو نیشتبوو، دڵنیا بووم ئارەقەکەی جواناوی مەرگە، ڕوانینەکەی ماڵاوایی‌یە. من دەمزانی تۆش دەتزانی.

کۆتر باڵەکانی توندتر دەوەشاند. دڵی ئێمەش پتر دەیکوتا. باشوو گەمەی پێ دەکرد، بۆ ئەو لا و ئەم لای دەبرد. ئەوی دەبوون و بڵند دەبوونەوە. دیار بوو نەیدەویست بە سانایی وە چنگی خا. وەک تیرێک بۆ لای دەچو کەچی کەوانەی دەکرد و لێی نەدەدا. کۆتر پەنای بۆ باوەشی هەورەکان دەبرد، هەورەکان لێی دەکشانەوە. هەورەکان سروشتیان گۆڕا بوو. سەیرە، هەوری بێ سنوور بۆ دەبێ بۆ حاکمانی ئاسمان مل کەچ کا.

ئەوەی کە دەبا قەومابا ، قەوما. وەک ئەودەمەی کە منداڵەکەمان چاوی بە مۆڵەق وەستا و مەرگ دڵی رفاند و بردی. کۆتر دەکەوت و دەهاتە خوارێ. دڵی بە چنگ باشووە بوو. دڵی لە بەرزایی بوو بەڵام خۆی دەهاتە خوار. باشوو وەک مەرگ لە بەر چاوان ون بوو، نازانم پەنای بۆ ئامێزی کام هەوری ڕەش بردەوە. هەستای. هەستانت ڕاچەنین بوو. بە دەست خۆت نەبوو، منیش بە دەست خۆم نەبوو، نەمتوانی بەرت بگرم. لە سەر لێواری بان کۆترەکەمانت گرتەوە، بەڵام کۆتر تۆشی دەگەڵ خۆی برد. چوونە خوارێ، چوونە خوارت هەڵفڕین بوو. هەڵفڕینێکی بێ سنوور، بۆیە قەت نەگەڕایەوە.

***

ئەو رۆژەم قەت لە بیر ناچێ. ئێستاش لە هەمان سەربانم. من هەم، تۆ نی. سەیری هەورەکان ناکەم هەموویان شێوەی باشوو دەدەن. سەیری ئاسمان ناکەم، بێ‌گەردی جارانی نەماوە، تۆزی ناحەزی لە سەر نیشتوە. دانیشتووم و سەیری کۆترەکەم دەکەم. کۆترێکی پێ بەکوڵکەیە. هەر ئەو رۆژەی کە تۆ ڕۆیشتی هێنامەوە. باڵەکانیم بەستووە. سنوورێکی تەنگەبەرم بۆ ساز کردووە. نامەوێ لە ئاسمان دا هەڵفڕێ. هەموو شەوێ لە ئاسمانی خەیاڵی خۆم دا هەڵیدەفڕێنم. ئاسمانێکی ساوە قەت لێڵ نابێ، قەت تەمی تێ‌ناکەوێ. ڕەوتی کەشم و ئەشمی تێدایە. وەک ڕۆیشتنی تۆ دەچێ، بەڵام ئی تۆ نیە. ڕەوتی کۆتر وەک کلووبەفرە کە دێتە خوار. ئارام ئارام بە لا دادێ، رادەژێ و لە سەر گوێسوانە یان مژۆڵێک خۆ دەگرێتەوە. ڕەوتی تۆ وەک هەوای کۆنە تار وایە. ئاهەنگێک کە لە ژێیەکان دێتە دەر، بە دیوارەکان دا وە سەر دەکەوێ، دەگاتە میچ و دێتەوە خوار و ژوور دادەپۆشێ. پەردەی گوێ دەلەرزێنێ، دەریای دڵ دەشەمزێنێ. هەوایەکی غەمینە، کوڵ وە ئەوک دەخا بەڵام مرۆڤ پێی خۆشە. ئێستا وەها غەمێکم دە دڵ دایە.

کۆترەکەم دەگمێنێ، دیارە ئەویش وەها غەمێکی هەیە. چووینە سەر لێواری بان، هەر ئەو جێگەیە کە تۆ لە سەری هەڵفڕی. کۆتر دەگمێنێ و چاو لە خوارێ دەکا، منیش دەگریم و چاو لە خوارێ دەکەم. تارمایی‌یەک بە بەردەڕێژی حەسارەوە نووساوە. هیچ بەفر و بارانێک نەیتوانیوە ئەم پەڵەیە بسڕێتەوە. شەوانە ئەودەم کە تەنیا سریلەکان بەخەبەرن دەچمە وێ. گۆڕی تۆ نیە بەڵام سنوورێکە کە تۆ شکاندت. لەوێ سەمایە دەکەم، سەمای مەرگ. بە دەوری تارمایی‌یەکەت دا خولان دەدەم، خۆ هەڵداوێم، دەست و لاقم تێکەڵاوی فەزا دەکەم، وەک ئەستێرە بەرەو زەوی رادەخوشێمەوە، دیسان لە زەوی هەڵدەستمەوە و خۆم دەگەیەنمە کادزەکان، ئەستێرەیان لێ دەچنم و بۆ تۆی دێنمەوە. بەیانیان کە وەهۆش دێمەوە دەبینم بە تارمایی‌یەکەتەوە نووساوم. بەیانی‌یەک بە ترپەیەک وەئاگا

بڕوانە لاپەڕەی ٤١

کورته چیرۆک

# دەردە کــــــورە

نووسینی: کوردان

یادێک لە تێکۆشەری کورد
، کاک جەلال حاجی حسێن ـ
کــــوردان: بـــەهـــاری ٩٤

ـ « وەرە سێو ... سێو! ... ئەی کە سێوەکەم شیرین و تورت و شەق و بەتامە! هەنگوینە ... لەعلە... مەرجانە، شەکرە سێوە! وەرن براینە، وەرن هەر ئەوەندەم ماوە، وەرن هەتا ماوە بگەنێ ... ئای سێو! باخەوانەکەت نەمرێ سێو... »

ــ « بابە کۆ کەرەوە با بچینەوە ماڵ ... زووبە کۆی کەرەوە ! دەی یاڵڵا ! ... »

ـ « چیتە نەجات! ئەوە بۆچ لە پڕا گۆڕای؟! میزت دێ؟ سەرت ژان دەکا؟ برسیتە... ؟»

ـ « نا، بابە... سێوەکانت کۆ کەرەوە با بچینەوە ماڵ ... دەی گورج بە! ... پێم خۆشە بڕۆینەوە لای دایە... پێم خۆشە بچمەوە لای ڕزگار و ئازاد ... دەی کۆکەرەوە ! ... »

ـ « نابێ کوڕم ... نابێ! سێوەکانمان دوو ڕۆژی تر بمێننەوە، چرچ دەبن، هیندەی دی دەژاکێن ... دوو شەوە لە ژێر گژ و گیای تەڕ دا ڕام گرتوون. گیانێکیان کە هاتۆتەوە بەر، هی گژ وگیای تەڕە. ئیمڕۆ و سبەی بۆمان نەفرۆشرێن و لەسەر داشقە بمیننەوە، وایان لێ دێت کە پاڵاخیش نەیان خوات... بۆمان نەفرۆشرێن لە پەڕوپۆ دەکەوین. هەموو دەسمایە و هەست و نیستەکەم هەر ئەمەنەیە کە لەسەر ئەم داشقەیە داندراوە... چەلێ زووە نەجات ... هێشتا چوار سەعاتێک نابێ هاتووین. شوێنەکەمان شوێنێکی باشە. قەتمان ئاوا بۆ هەڵنەکەوتووە. دەست و بردێکمان نەکردبایە و بەر لە تاوهەڵاتان نەگەیشتباینایە ئێرە، دەبووایە هەر لەشوێنە بێ بازارەکەی پێشوومان بووایناییە... لێرە بڕۆین، شوێنەکەمان دەگرنەوە ... چەلێ زووە نەجات ... ئیمڕۆ سێوەکەمان تەواو دەفرۆشین؛ کە فرۆشتمان، تەماتە و برنج دەکڕین و بۆ شەو چێشتی تەماتەو برنج دەخۆین. ڕزگار و ئازاد و دایەش وەکی تۆ برنج و تەماتەیان پێ خۆشە... وەرە سێو ... باخەوانەکەت نەمرێ سێو! سێوەکەم تورت و شەق و بەتامە... وەرە سێو... وەرە سێو!... »

ـ « ... کۆ کەرەوە بابە ! ... لێ بگەڕێ با سێوەکەمان بژاکێ... باوە ئۆمەری هەڵەبجە... کۆڕیە بێ گیانەکەی باوەشی ساردی باوە ئۆمەر... دێن و دەچن بە بەر چاومدا ... »

ـ « ئەوە دەڵێی چی نەجات؟ ... وڕێنە دەکەی؟ ... لە کوێوە خەبەر دەدەی ، دیسان چ باسە کوڕم ؟! ... نەء !! نەجات نەء ، ئیتر ئەو دەورە بەسەر چوو؛ دووپات نابێتەوە. هەوری مەرگ و ئەمان چیتر بەسەرمان ناکشێ و بەکۆمەڵ قڕمان ناکا... نەجات! ئیتر چیدیت باوەڕ پێ ناکەم... جاری پێشووت ڕاست بوو. ئەوەی گوتت هەر هەمووی ڕاست بوو. بەقسەی تۆمان نەکردبایە و ئاهێک درەنگ جوولابایناییەوە، تاکمان دەر نەدەچووین. دەر وجیرانیش بە قسەی تۆ بزووتن و تێکرا ڕێی چۆلگە و چیامان گرتە بەر. کە دەرچووین و نەجاتیمان بوو، لە سای هەستی شەشەمی تۆ بوو. دەر و دراوسێ پێیان سەیر بوو. پێیان وابوو، تۆ لە ئاسمانانەوە دەنگت بە گوێدا دەدرێ. پێیان وابوو، خودا تۆی کردۆتە پردی پەڕینەوەیان. ئیتر ئەوان نازانن کە لە باب و باپیرانمانەوە ئەم هەستە ورد و ئاسکەمان لەمێشکدا کۆپێ کراوە. جاری پێشوو ماڵمان تێدا چوو، بەڵام باش بوو حەیا و شەرەفمان تێدا نەچوو... سەری من و دایک و براکانت و هەموو دەر و دراوسێ ، دەنگی تۆ نەجاتی دان، نەجات! بەڵام ئیتر چوو ... ڕابورد و ناگەڕێتەوە. ئەودەم ئەگەر دەماریان دەردێناین و تاڵە سێویان دەخەودەهێناین، زەحاکی هەژدیها بەشانمان بەسەرەوە بوو. ئێستاکە خۆمانین و کەسمان بەسەرەوە نەماوە. ئەگەر برسین، چ قەیدی نییە ، برسیایەتیی خۆمانە و بۆ خۆمانی دەکێشین، برسیایەتییەکەشمان زۆر شیرینە... ئاسۆ ڕوونە نەجات... وەر سێو... شەکرە سێوە ... چاو لە بەر شەوقی هەڵنایە... قەندە سێوە ... وەرە برا، وەرە پێش... مەترسە! هەرزانتر لە هەموو سێوی ئەم بازاڕەت دەدەمێ... سێوەکەم سێوە، قەندە و قسە نییە! سێوی دەشتی شارەوێرانە . ئاوی موکوریانی خواردۆتەوە... دەرمانی نەخۆشی و ناسازییە... چەندەت دەوێ ؟ »

ـ « بە چەنە، برا ؟»

ـ « چەندی تۆ دەیڵێی با وابێ... کەمێک ژێراتر لەنرخی سێوی ئەم مەیدانەت پێ دەفرۆشم، تۆیش لەخۆمانی، لێت ڕا دیارە کە لە خۆمانی. ماڵی هەژارییم ڕمێ، داخوا کەی ئێمەیش وەکی خەڵکی بەختەوەری سەرئەم دنیایە، لە قەدەر تواناییمان ئیشمان بە بەژن دەبڕێ و پڕ بە پێستی ویست و خواستمان بەشمان پێ دەبڕێ ... ئەرێ تۆ خوا بڵێی ببینین برا؟!»

ـ « بە دوور نییە، ڕەنگە هەر سبەی دوویەکی بەم ئاواتە بگەین... »

ـ « بە ڕاستتە؟ گاڵتەم لە گەڵدا دەکەی! ئیشت چییە؟... »

ـ « لە سەری مەڕۆ باوکم... نا مەخوا تۆ سێو فرۆشی و من سێوکڕ. تۆ

چوار کیلۆت سێو لە سەر داشقە داناوە و ناوی خۆت ناوە سێو فرۆش. منیش ئەگەر بۆم بلوێ! دوو سێوان دەکڕم و بە خۆم دەڵێم کڕیاری سێو. بەڵام ئەگەر بەم داشقەو ئەم سەیوان و ساباتەی کە لە بان سەری ئەم چوار کیلۆ سێوەت هەڵداوە و یان بەم دوو دەنکە سێوەی کە من بە نیازم بۆ خێزانی مەگیرانیکەرمی بکرم، سێوکڕ و سێو فرۆشمان پێ بڵێن، پێستی سەری سێوفرۆش و سێوکڕ بە لەعنەت بێ... دەگەڵ کتێب و قەڵەم سەر وکارم هەیە و بەلای دەرس و فێرگەوە سەر ڕەوم. بەڵام ئێستێ هیچ نیم... کڕیاری سێوم. دیارە خۆم تام لە سێو ناکەم. ئافتاب خان ـ ی خێزانم دووگیانە و ئیشتیای سێوی لاسووری کردووە. سێوی لاسووریش ئیمڕۆ لە بازاڕ دا کەمە و نرخی زۆر لە سەرە. بە قامووسنامەکەی عولەما و خاڵ، بە کەشکۆڵ و دیوانەکانی مەولەوی و خانی و بێکەس و گۆران، بە هەموویان نابنە کیلۆیەک سێوی لاسوور. ئەوا ئیمڕۆ ئاخر کتێبی کتێبدانەکەم لە بازاڕ دا تواندۆتەوە، ئەمەش پارەکەی ... شەڕەفنامە بە سێ پەنجایی! چەند سێوم دەدەیتێ ؟... »

ـ « سێ پەنجایی ؟! سێ پەنجایی لە بازاڕی ئێرە دا هەر بۆ کتێب کڕین دەبێ... لای بەزە ! هەڵی گرەوە، من دیاری خۆم بۆخوشکە ئافتاب لەسەر چاوان دادەنێم ... ئەمەش دوو سێوی خوشکە ئافتاب!... فەرموو. ئەگەرچی لاسوور نین، بەڵام بە تام و پڕئاون... پارەی پێ ناوێ ... بریا کتێبەکەت نەفرۆشتبایە... »

ـ « تۆ خۆت چ بوویت؟ سێو فرۆشی و بازاڕچێتیت لێ نایە. ڕەنگە تۆیش هەر وەکی خۆم، ڕێبواری ئەم ڕێبازە بووبی، وێ دەچی »

ـ « من کتێبداری کتێبخانە بووم، لەماڵیش هەر تێکەڵاوی کتێب بووم. بەند و زیندان و سووکایەتییەکانی ئەمن و ئیستیخباراتیش نەیان توانی عەشقی کتێبم لە مێشک بستێنن. کە بووم بە پێشمەرگە و چوومە شاخ، لەوێش هەر ئەوینداری کتێب و خوێندنەوە بووم ... »

ـ « بەڵام دەوری ئیمڕۆمان نە زیندانە و نە بەندە؛ پێشمەرگایەتیش نییە. ئەو دەم کە لە زینداندا بوویت ، یان ئەو کات کە لەشاخ بووی و پێشمەرگە بوویت ، خەڵک بوویان و بۆیان دەناردی. بەڵام ئیتر ئەو دەورە بەسەر چووە. ئیستا مەیدان و گۆڕەپانێکی ترمان لە بەر پێیە و دەگەڵ دەوری کۆن خواشیان یەک نییە. خەڵکی وەکی من و تۆ، بە زڵلەش ڕوومەتی خۆیان پێ سوور نابێتەوە ».

ـ « ئەم دەور و دوکانە هەتا سەر نامێنێ، هیچ شتێک ئەبەد زەمان نەبووە و نابێ، دەور دەگۆڕێ و دەورمان دێتەوە. هەر وا نامێنین، دەبووژێینەوە ... »

ـ « سێوەکانت دوو ڕۆژی تر بمێننەوە، دەوریان بەسەر دەچێ. چرچ دەبن و هومێدی هەڵدانەوە و بووژانەوەیان لێ ناکرێ ... »

ـ « بنەماڵەی مرۆ سێو نین. هەڵدانەوە و بووژانەوە لەکۆمەڵگای مرۆ دا زۆر بینراوە . وێنە و نموونەی زۆرە ... »

ـ « بەڵێ، بەڵێ... تۆ لەم بابەتەوە ڕاستی، هەڵدانەوە و بووژانەوە لە ناو کۆمەڵ و لە خۆڕستدا وەجاخی کوێر نابێتەوە. بەڵام تۆ تاوێک چاویلکە بچووکەکەی بەر ڕوانگەت لە بەر چاو هەڵگرە و ئەوەی کە دەتوانێ ببێ، ببیدینە. ئەرێ هەر خۆت... تۆ دوو پارووت لە بەر دەمدایە؛ یەکیان نان و توورە و ئەوی تریان پڕی گۆشت و دان و دۆڵە؛ کامیان دەخۆیت؟ یەقین ئەگەر شێت نەبی دووهەمیان دەخۆیت. ئەرێ تۆی سێو فرۆش و منی بێ کتێب، بە هەموو هەست و نەستمانەوە ، قەڵەو و بەگۆشت و بەگیانترین، یان ئەو داوەڵە ترسێنەرانەی کە لەسەر کانگای زێڕە ڕەشەکانیان داناون؟ ئەرێ ئەوانەی کە بە هاوار و هیمدادی سێوە چرچەکانی تۆ و کتێبدانە بێ کتێبەکەی منەوە دێن، کێن؟ ئەرێ هەر ئەو دابەشکەرە خوێنمژانەی دوێنێ نین کە خوێن و ئاو و نانەکەیان لێ چوار لەت کردووین ؟! ئەرێ تۆیش پێت وانییە کە داوەڵە ترسێنەرەکانی بان سەرمان، بەوری پەڕۆ و شێرە دارینەن و بە یەک با دەکەون. بەڵام کێ بە چەک هاری کردوون؟ کێ جلکی پیرۆزی بۆ ئەم خوێن و ئاو و نانە لەت لەت کراوەی ئێمە هەڵدووریوە؟ کێ چوار دەور و پشتی تۆی بە « پان »ی ئاگرین دابەستووە. پان تورکیزم و پان عەرەبیزم و پان ئێرانیزم پارووی بە دان و دۆڵ و پڕ لە گۆشتی دەمی خواوەندانی سامان و دەسمایەن، بە تام وخۆشتر و بەمەزەترن لە ڕووتەڵەی بابردەڵەی وەک ئێمەمانان...»

ـ « نەخێر ! دەگەڵت نیم ... تۆش چاویلکەی ڕەشی ڕەشبینیت لەچاو دایە، چاویلکە ڕەشەکەت داگرە و ببیدینە... تواندنەوەی کێشەی ئەمجارەمان وەکی جاران نییە. ئەمجارە، لەسەر دەستی ڕیش چەرمگەکەی جیهانی کێشەمان دەتوێتەوە... لەت لەتکەرانی جەرگی هەناومان، ڕاستە بە هاوار و هیمدادمانەوە هەستاون، بەڵام ئەوە پیاوەتی ئەوان نییە... ئەوە ئەرکی سەرشانی پڕ شەڕافەتی بابە گەورەی توخم و تۆوی هەموو بنەماڵەی مرۆی سەر زەوی یە، ئەوە دەی کا... ئەوە لەسەرمان بەدەنگە ... ئەومان هەبێ پشتمان قایمە ... »

ـ « ئەو بابەگەوریەت، ئیتر بابە گەورە نییە، هەر پێی نەڵێی بابە گەورە باشترە ! گونی نەماوە، خەساوە ... لەوەتی خەساوە ڕیش و پەشمەکەشی وەریوە. شکڵ و شەمایڵەکەی لە پیاو ناچێ. ژنیش نییە. ژن بوایە، دایە پیرە بوایە، یەکجار، بۆ یەکجار و بۆ ئاخرجار هەڵدەستا و ڕووی دەکردە زارۆکەکانی، بەرۆکی دادەدڕی و دەیگوت: هەی ڕۆڵە بێ ڕەگەکانم، شەرمێ بکەن و دادێ بکەن. مەهێڵن و ڕەوا مەبینن کە ئەم زلە ناجوانمێرانە، کاری واشم لەگەڵدا بکەن و شادەو ئیمانیشم پێ بێنن ». ئەوسا سیانۆری دەخوارد، قارچکە گولانەی دەخوارد و خۆی پێ دەرمانداو دەکرد. بەڵام دایە پیرەش نییە. پیرە پیاوێکی لەمێژ خەساوە ... تەنانەت موچوڕکیشی بە ڕەگدا نایە؛ موچوڕکی چی و ڕەگی چی؟ دەمار و ڕەگەکانیشی دەگەڵ ڕەگی گونی فەوتاون ... »

ـ « بڕۆ دەمت بشۆرەوە! ... چی تر بەلای من، بەم تەرتیبە دەمت مەکەرەوە. چیدی ئەم کاوێژە ناحەزەم لە کن مەکە، دەهری دەبم ... ئەقڵم لە لا نامێنێ، دیموکراسییەت و برایەتیم وەلا دەنێم و دەس دەدەمە قڵفی ئەم کیلۆ ئاسنە و... »

ـ « سەلا لە ئەقڵی ناتەواومان! عەشیرەتی و عەشیرەت بازیمان لێ نابڕێ ... بەخۆمان نیە. قسەی دەم و زمانمان کە کورتی هێنا ، دەست دەبەین بۆ پەتک و پەیاغ ... »

ـ « ئەی چۆن! تۆ بە کەیف و ئیشتیای خۆت هەوهەوت بێ، شاڵاو بەریتە بەر هەموو لایەک، کەسیش نەبێ دەمت پڕ خوێ بکا ؟! جارێک سەر و گوێلاکی ئەوانەی کە خۆیان پێوە ماندوو کردووین دادەگری و دەمێکیش باوە گەورەی هەموو مرۆی سەر زەوی دەکەیتە پیرە پیاوێکی بێ خایە و بێ مایە؛ ئەوە هەقە! سێ ساڵە دەمان پارێزن. سێبەری خەرتەل و داڵاشی بەغا لە ئاسمان ببینن یان بەسەر هەردەوە، بە تیر دای دەگرن ... سایەی ئەو خێرەومەندانەمان بەسەرەوە نەبوایە، زەحاکی هەژدیها بەکۆڵ تا ئێستا سەت جاری تری قڕکردبووین... »

ـ « لە جەژنی قورباندا، پێشەکی چاوی مەڕ و جوانەگای قوربانی بەکل دەرێژن و ئەوسا دەی بەنە بەر تیغی تیژی سەربڕان ، تەنانەت دەستی

لاواندنەوەشیان بەسەر دادێن و... »

- « نەکا پێت وابێ ئێمەیش قوربانی کراوین؟! ئەگەر ئەمەت بە خەیاڵ دا دێ، زاڵمتر لە تۆ کەسی دی شک نابەم. پیاو دەبێ چ سپڵە بێ کە ئەمەگی چەند ساڵە لەبیر بکا... هەموو شتێکمان لە سای سەری ئەوانەوە دەست کەوتووە؛ نەزم و نیزامەکەمان، دەزگا و تەشکیلاتەکەمان، تەنانەت مەجلیس و پەرلمانەکەشمان... دەردە کوردیشمان دەرمان کراوە و لەو ساوە کە باڵیان بەسەر کێشاوین، شەڕی ناوخۆمان فەوتاوە ... تۆیش ئەمەت پێ خۆش نییە ؟! پێت وانییە دەردە کورد، گرانترینی دەردان... »

- « دەردە کورد نەفەوتاوە ! بەچی بفەوتێ ؟ قوڕی ناو قالبەکان بوونەتە خشت و لە کورە دا سوور کراونەتەوە . ئیتر کوا ، کەی شتی ڕەق و بەردەڵە هومێدی نەرم بوونەوەی لێ دەکرێ ! کەی دانیشتووین و بە خۆماندا هاتووینەوە. کەی لە بەرامبەر خەڵکدا ڕاوەستاوین و پەڕی پەروەندەی شەڕی براکوژیان بۆ خوێندوونەتەوە... خەڵکی چی وجەماوەری چی؟ هەر خۆمان ئەسڵ و گەوهەرین، جەماوەریش توور وگێزەرن. دوێنێ ڕێی ئەم بەرەی سنووریان بۆ کردینەوە و تەختی تارانیان پێ نیشان داین ، ئێمەیش گوڵی هومێدی ئەودیوی سنوورمان وەراند. سبەیش ڕێی سنووری باکوورمان بۆ بکرێتەوە، گوڵی ئەوسەر دەپروێنین. سیاسەتمان ڕەنگی کاڵە. فەلسەفەکەمان خۆشەویستییەکی شێخ و دەروێشانەیە و بە یەک با جەزم دەبین؛ کە جەزمیش بووین، کەس لەبەر زەرگ و شەمشێرمان خەلاس بوونی نییە. لەهەر چوار لاشەوە دەستیان خوێندوینەتەوە و دەزانن نەزمی دەست و ترپەی دڵمان لە چ هەوایەک لێدەدا. بەسە بۆیان کە هەر لایەک، دە، دوازدە ناپیاوانمان بکڕن ودەستیان پێ بوەشێنن. ئەودەم دەردە کورد سەر هەڵدەداتەوە و خواش بەری پێ ناگیرێ. پارێزە چاو بەفرمێسکەکانیش، لە شەڕی ناو خۆی خەڵکی نیوەکەوی سڵە دەکەن و لە شوێنی نائارام دەترسن. ئەوان هەر بۆ ئێمە وانین، لە جیهانی ڕەش و ڕووتاندا هەر ئەمەیە فۆرمۆلی ئیش و کاریان، کار بە قازانجیان بێ و بهێنێ خۆیانی پێوە ماندوو بکەن، دەیکەن. نەشیهێنێ، شەڕی ناوخۆ دێتە پێش. ئەودەم ئیتر نان وتوور دەکەن بەقوربانی نانی چەور و لەترسی تەقە قەراریان نامێنێ؛ ئەوسا دەستی باوە پیرە دەست بەهەتوانەکەت دەگرن و دەڕژن... »

- « ... پێم خۆش نییە باسی ناوخۆمان بکەیت؛ ناو خۆمان تەواوە. وەک جاران نەماوین. لە ڕابوردوو دەرسمان وەرگرتووە و قەت تووشی خەساری ماڵ وێرانکەر نابینەوە... تۆ بڕوانە... لە مێژومان دا نەبووە، بە خوای برا نەبووە کە دەزگایەکی بەرزی دەسەڵاتداریمان هەبووبێ، دەزگایەک کە بە دەنگی خەڵک هەستابێتە سەر پێ و هەموو وزە و هێز و تواناکەی لە دەستی خەڵکەوە پێ برابێ. تاکانە دەسەڵاتدارێکە، کە کەس لەبەرامبەریدا ناپژمێ... هەرچی ئەو بیخوازێ و هەرچی ئەو بیهەوێ، هەر ئەوە؛ هیچ کەس و هیچ کەسانێک یارا و توانای بەربەرچدانەوە و شکاندنەوەی دەنگی ئەویان نییە. هەموو لان و لایەن و هێزەکان ، دەستی دەسەڵاتیان پێ داوە و تێکڕا ئەمربەری ئەون. گەر ئاگر هەڵایسێت و هەموو وڵات بگرێتە بەر، بە یەک فەرمانی ئەو دەکوژێتەوە... لەمە باشتر؟!... بەهەشتی پەروەردگارت دەوێ؟! چەڵێ لەم دەم و دەستە دا دەست نادات... سێوەکانت دەست دەیە و بیبەرەوە بۆ خوشکە ئافتاب...

هەر ئەوەندەم لەدەست دێ... بریا سێوی لاسوورم بوویایە و بۆیم ناردبایە... سێوەکان لاسوور نین، بەڵام شیرین و خۆش تام و بۆنن... هەڵگرە ، پارەی پێ ناوێ... میوانی خۆمی... بەهیوام خوشکە ئافتاب کوڕێکی مەرد و ڕەندی بێ... ئەرێ ناوت بۆ دۆزیوەتەوە؟ من عاشق بە نەجات و ڕزگاری و ئازادیم ؛ هەر بۆیە کوڕانی من، نەجات و ڕزگار و ئازاد ـ یان ناوە. ڕۆژی ڕزگاری و ئازادی و نەجاتمان نزیکە... »

- « من و ئافتاب خان پێمان وایە ئەگەر کوڕ بێ، ناوی کورادن دەبێ وکچیش بێ، شیلان ـ مان بۆ داناوە... ئیتر لای ئێوەم خوش... برایەتی و پیاوەتییەکەت فەرامۆش ناکەم . یەقین بە ئافتاب خانیش دەڵێم کە چ پیاوێکی لەسەردڵانم بووەتە دەستە برا. ماڵاوا ... »

[ تەق تەتە تەق... ڕمب ... تەق تەتە تەق ... تەتەتە... تەق تەتە تەق... ڕمب... ڕمب... تەتەتە... تەق تەق ...]

- « گوێ بگرە !... ئەوە دەنگی چییە ؟ گوێ بگرە ! تەقەیە ... دەبێ چی بێ ؟... »

- « مەترسە! دەبێ خەبەرێکی خۆشی سەرکەوتن هاتبێ کە تەقە ئاوا گەرمە... گوێ بگرە هەرایە !... هەرای شادی و خۆشییە ... بەڵام ئەی ئەی ... ئەوە بۆ لەو سەری شەقامەوە خەڵک خەریکی ڕاکردنن؟... ئەی ماڵی وێرانم، نەکا بەریان بەردابن و هورووژمیان دەست پێ کردبێ... ڕابە نەجات ... گورج بە بابم ، سێوەکان کۆ کەینەوە و ڕاکەین و بڕۆین ... »

- « بابە نەمگوت کۆ کەرەوە ... پێتم نەگوت با بڕۆین! نەمگوت باب ئۆمەرەکەی هەڵەبجەم بە بەرچاوانم دا دێت و دەچێت... باب ئۆمەرەکەی هەڵەبجە ، بە تەرمی کۆرپە بێ نازەکەی ناو هەمێزی ساردییەوە!... بۆچ بە قسەت نەکردم و نەبزووتی ... سەیرکە، سەیرکە بابە! بڕوانە مێردەکەی ئافتاب خان بەلادا کەوت ... ئای ، ئای ! بڕوانە بابە ... سێوەکانی ناودەستی سوور هەڵگەڕان... خوێنی دڵی... خوێنی دڵی... »

- « نەجات دەی کوڕم ، خێراتر ... من بە خۆم و بە تاک دەستێکی باریکمەوە، سێوەکانم بۆم کۆ ناکرێتەوە. دەستم بدەیە، دەگەڵم کۆکەرەوە... ماڵی ئەم دەردەم ڕمێ... دەردە کوردە دیسان... »

- « وەی بابە سووتام... شان و پشتم ئاگری گرت... ئای مردم... بابە دەستێکم بدەیە ... ناتوانم لەسەر پێ بمێنمەوە، دەستم سێوەکان ناگرن... بابە... بابە! بۆچ بێدەنگی بابە ؟! ... ئەی هاوار بابە، تۆیش پێکای .. مێشکت ... ئەمای! ماڵی وێرانی دایەم... ئەی لەمەولا کێ دایە بلاوێنێتەوە... کێ بەرخۆڵە چاو کەسکەکانی سەر کۆشی دایە بە دەنگە نەرمەکەی دەخەو بکا... کێ ئەم خەبەرە تاڵە بۆ دایە بەرێتەوە... خەبەری دەردەکورد... ئیتر دایە کەس شک نابا نانی بۆ بەرێتەوە ... ».

ٌٌٌ

**« گزینگ » خاوەن ڕێبازێکی گشتی سەربەخۆیە، هەر چەشنە بیر و بۆچوون و نووسراوەیەک وەخۆ دەگرێ کە لە مافی مرۆڤ بە تێکڕایی و لە بەرژەوەندی گەلی کورد بە تایبەتی داکۆکی بکات.**

لەدەلاقەی

ڕووداوەکان

# دیدار

ئاشنا جاف

لە کوردستانی داگیرکراوا لە هەموو ئان و کاتێکدا کوڕگەل هەن کە دەربەدەر و ئاوارە بە کەژ و کێوانەوە، ژیانیان خستبێتە مشتی خۆیان بۆ ڕزگاربوونی وڵات لە جەور و ستەمی دارگیرکەر. هەر کام لەوانە بە ساڵ کەس و کاری خۆی نابینێتەوە مەگەر بە ڕێکەوت! هەر بۆیە شەماڵ بڕیاری دا کە سەرێک لە دایک و چوار خوشک و براکەی بداتەوە مادام ئەو مەفرەزەیەی کە ئەوی لە گەڵدایە، لە نزیک ماڵە ئەوانا تێنەپەڕێ. وەختایەک شەماڵ خۆی کرد بە ژوورا هەر ئەوەندە بوو دایکی گەشکەی نەگرت، ئەویش بەم نیوە شەوە و ئاوا لە ناکاو، توخوا با لە وەسفی ئەو درامایە گەڕێین کە دایک و فەرزەند دوای چەند ساڵ بە ترس و لەرزەوە بە یەکتر شاد دەبنەوە!

شەماڵ هێشتا بە تەواوی ئۆخژنی بینینی کەس و کاری نە هاتبۆوە بەرێ کە تەقە لە ناو شارا دەستی پێکرد، لە ئەنجامی شەڕێکی قورس دوژمن ئەو مەفرەزەیەی مەجبوور کرد بکشێتەوە دواوە و پاشان چوار دەوری ئەو گەڕەکەی کە ماڵی شەماڵی تێدا هەڵکەوتبوو، کەوتە بەر دەستڕێژی دوژمن، هەرچەند هەندێ کەس سووک و بارێک هاتنە دەرەوە، بەڵام بۆ بەدشانسی بایی یەک تۆزکاڵێ مۆڵەتی ئەوەیان نەدا کە شەماڵ دەربازبێت.

دوای ئەوەیکە تەقە کوژایەوە کابرای فەرمانده بە زمانی داگیرکەر خۆی بەدایک و کەس وکاری شەماڵ ناساند. دایکی هەر کە کابرای دی زەندەقی چوو ، چونکە ئەو کابرایە بە ناوبانگ بوو لە دڕندەیی و پیاوکوژی. بەڵام بە ڕەنگ وڕوو و دەم و چاوی، وا دەردەکەوت کە ئەمجارەیان لە جارانی پێشوو بە بەزەیی تر بنوێنێ بۆیە زۆر لەسەرەخۆ بوو، تەنانەت دایکی شەماڵی دڵنیا کرد کە خۆی شلوێ نەکات. هەموو پێیان سەیربوو، نەیان دەزانی مەبەستی چییە. زۆر بە هێواشی ڕووی لە دایکی پێشمەرگەکە کرد و گوتی: ـ ئەمڕۆ کاتی ئەوەم نەبوو نانی بخۆم، هەر ئێستا ئەتوانی شێوێکی خۆشمان بۆ بکەی و پێکەوە بیخۆین و هەندێ پرسیاریش لە کوڕەکەت بکەم، بێ گومان ئەمیش برسییەتی!!

دایکی شەماڵ بێ سێ و دوو، بەرەو ئاشپەزخانە ڕۆیی تا خێرا برینج و شلەیەک دروست کات، لە هەمان کاتیشدا زمانی لە دوعاکردن نەئەوەستا و میشکی لە بیرکردنەوەی باش و خراپ ئارامی نەدەگرت!

کابرا بە دەنگی بەرز گوتی: ـ من بە هیچ شێوەیەک گۆشت ناخۆم نەکەی خۆت زەحمەت بدەی... ئەمەی گوت و پەلی کوڕەکەی گرت و بردیە حەوشەکە و یەک دوو پاسەوانی لە ژوورەوە جێهێشت کە نەهێڵن دایک و منالەکانی بێنە دەرەوە. دایکی شەماڵ خەریکی شێولێنان بوو، جارجار گوێی لە هەرا و هاوارێ دەبوو بەڵام وەسەرخۆی نەدێنا و بەخۆ خافڵاندنەوە لە بەرخۆیەوەدەیگوت: ـ «مادام داوای خواردنی کردووە، ئیشاڵڵا نیازی خراپی نییە و ڕەنگە بە منداڵی لە قەڵەم دا و دوای لێدانی دوو سێ شەپ و زللە بەرەڵڵای کات». ئەم شتانەی کە دەگوت دەمی لە دوعاکردن نەئەوێستا و زووزووش ئەیویست بچێتە حەوشەکە و بزانێ چی دەکەن. پاسەوانەکان نەیان دەهێشت، تەنانەت یەکدووجاریش لە خۆی و منالەکانیان دا. زۆری پێنەچوو دەنگ نەما، کابرای ئەفسەر هاتە ژوورەوە و یەکڕاست ڕۆیشتە ئاشپەزخانە. لەوێ سەری مەنجەڵی لابرد و خێرا شتێکی تێهاویشت و سەرەکەی بە سەر ڕۆکردەوە. پاشان هاتە ژووری دانیشتن و بەپێکەنینەوە بە دایکی شەماڵی گوت: ـ ئەگەر شێوەکەت ئامادەیە، تێیکە با بیخۆین! کە دایکە ڕۆیشت تا چێشتەکە تێکا، کابرا دەستاولەجێ وەدوای کەوت، خۆی زۆر ڕووخۆش و دەم بەپێکەنین نواند کە گوایە ئەیەوێ یارمەتی بدات... کابرا بە دایکەی گوت: ـ تۆ برینجەکە تێکە ومنیش شلەکە.

دایکە بە سەر سوڕمانەوە برینجەکەی تێکرد و کەمێکیشی ماستاو گرتەوە و لەسەر سینی داینان. کابرای ئەفسەریش کەوچکێکی هەڵگرت و دەستی کرد بە تێوەردانی مەنجەڵەکە. دوای ئەوەی هەندێکی شلە دە قاپێکی قووڵ کرد، بەکاوەخۆ چۆوە ژوور و لە سەر سفرە دانیشت. بێدەنگییەکی بەسام ئەم ژوورەی داگرتبوو، کەس متەقی نەدەهات... کابرای ئەفسەر دیسان بە کەوچکێک قاپە شلەکەی تێکوەردا و ئەوجار لە نەکاو، بە تووڕەیی بەسەر ژنەدا گوڕاندی و گوتی: ـ مەگەر ئەمن نەمگوت گۆشتی ناخۆم...!! ئەمەی گوت و کوتە گۆشتێکی دەرهێنا و نیشانی خەڵکەکەی دا. ئەمجار کابرا بەدەم پێکەنینەوە هەستا، پەلی دایکەی گرت و هێنایە سەر سفرە و گوتی: ـ مادام گۆشتت تێکردووە ئەشێ خۆت بیخۆی... هەرچی دایکۆڵەی بەستزمان بە پاڕانەوە و لاڵانەوە دەستی کرد بە سوێندخواردن کە ئەو هەرگۆشتی نەبووە تا بیخاتە ناو شلەوە، هیچ فایدەی نەبوو، کابرا بە زۆری و زۆرداری پلەگۆشتەکەی دەزاری ئاخنی و لە سەری راوەستا تا خواردی.

دوای ئەمە کابرای ئەفسەر کە دەتگوت بەم دیەنە دڵتەزێنە هێشتا دڵی ئاوی نەخواردووەتەوە، لەحاڵێکدا بزەی سەرکەوتنی کەوتبوە سەر لێوان، لە سەر تەرمی بێ گیانی شەماڵ ڕانەوەستێ و قۆندەرەکەی ئەخاتە سەر ئەرمایی ڕانی شەماڵ، دروست ئەو شوێنەی کە دەمێ لەوە پێش بە چەقۆ ڕایهێنابوو؛ قەیتانی پۆتینەکانی توند ئەکاتەوە و ئەوسا لەگەڵ سەربازەکانی بەرەو سەرکەوتنێکی دی وەڕێ ئەکەوێ... ■

حیکایەت

سویدی

# یوبال بێ من

**August Strindberg**

**(1949 - 1912)**

1849

**وەرگێڕان لە سوێدییەوە: قاسم.ح**

زەمانێک پاشایەک هەبوو بە ناوی « یوهان بێ ولات»،ڕەنگە پیاوهۆیەکەی بزانێ. بەڵام لە سەردەمێکی دیدا گۆرانی بێژێکی ناودار هەبوو بە ناوی یوبال بێ من، هەڵبەت هۆی ئەوە دەکرێ هەر ئێستا بیبیسن.

ناوی کلانگ بوو، لە باوکە سەربازەکەی ڕا، ئەم ناوەی بەسەر دا براببوو، چ ناوێکی ئاهەنگین! سەرەڕای وەش تەنانەت وزەیەکی لە ڕادەبەدەری لە سروشت وەرگرتبوو، هەرکەس دیبای پێی وابوو ئەستوندەگی پۆلایە، ئەوە چ غەنیمەتێکی گەورەیە بە تایبەت بۆ کەسێک کە بەرەنگاری کێشەوهەرای ژیان بێتەوە. لە سەر دەمی منالی، کاتێ دەستی بە قسان دەکرد، ئەو وەک منداڵە وردکەی تر«ئەو»ی دەکار نەدەکرد هەرکە لە خۆی دەدوا یەکسەر دەیگوت من. پیرەکان پێیان دەگوت: «تۆ چ منێک نی». وەختایەک ئەختێک گەورەتر بوو ئارەزووی خۆی بە«من دەمەوێ»دەردەبڕی. کەچی ئەوەی دەبیستەوە: «ویستن بێ ویستن»، « ئەو قسانە خەیالی خاون».

ئێستا ئەو وەک سەربازێکی بێ دەسەلات وابوو، بە تایبەت بۆ سەربازێک کە هەرچی لە سەرەوەڕا پێی بگوترێ دەبێ بە ئەنجامی بگەیەنێ، حالی لەوەباشتر نابێ.

کلانگی لاو پێی سەیر بوو کە « هیچ ویستێکی نەبێ»، ئەگەرچی هێزێکی ئەوهای هەبوو، بەڵام دەی با وابێ.

کە ئەختێک گەورەبوو، جارێکی باوکی لێی پرسی: دەتەوێ ببی بە چی؟

کوڕیشکە هیچ جوابێکی نەبوو؛ وازی لە ویستن هێنابوو چونکوو شتێکی قەدەغە بوو. لە ڕاستیدا ئەو حەزی لە مۆسیقابوو بەڵام نەیدەوێرا بیدرکێنێ، چونکە لێی سووربوو بەربەست دەکرێ. هەربۆیەش وەک کوڕێکی بەگوێ وەڵامی داوە: ـ من هیچم ناوێ.

باوکی گوتی: ـ کەوابوو دەبیتە کارگەری خومخانە!

داخودا،ئەوە لەبەرئەوە بووە کە باوکی مەیگێڕێکی ناسیبێ یان شەڕاب کارتێکەرییەکی تایبەتی بۆ ئەو هەبووبێ؛ پیاو ناتوانێ هیچ بڵێ. بە هەر حال، کلانگی لاو لە خومخانە دانرا، هەرچەند خراپیشی نەدەبردەسەر.

لاکی سوور و شەڕابی فەڕەنسی، لەم ژێرەدا بۆن و بەرامەیەکی وەهایان بڵاوکردبۆوە دەتگوت ژوورێکی تاق گومبەزینی کلیسایە. جا کە ئەو لە پاڵ کوپە ڕۆدەنیشت و شەڕابی سووری لە پیاڵە دەکرد، هەستی خۆشحاڵی وەجووڵە دەکەوت و لەبەر خۆیەوە دەستی دەکرد بە ئارەناری ئەو ئاهەنگانەی کە لە پێشدا بیستبوونی.

پاترۆن، کە لە ناو بادەدا ژیابوو و بەزم و گۆرانی پێ خۆش بوو،ئەو لاوەی لە کن خۆی هێشتەوە؛ ئەوێ لە ژێر تاقی گومبەزین دەنگی دەداوە. کاتێ دە بنەبانی گومبەزی ژێرخانندا دەیچریکاند و موشتەری ڕادەکێشایەخوارێ، پاترۆن کەیفی دەکرد.

تا ڕۆژێکی خۆش، دەلالێکی لێ پەیدابوو کە لە پێشدا گۆرانیبێژی شانۆ بوو. کاتێ ئەو دەلالە گوێی لە دەنگی کلانگ بوو، ئەوەندەی پێخۆش بوو کە بۆ مەی خواردنەویەکی ئێوارە، کلانگی بانگهێشتێ کرد.

ئەوان پێکەوە هێندێکیان شەگلا(بۆلینگ)کرد ودوای خواردنی میگۆشویت و خواردنەوەی ئارەقی تێکەلاو، لە بەردەم خەڵکی گۆرانییان چری.

لە کانگای مەستی و ڕاستی، دروست ئەو کاتەی کە پیاڵەیان بە سلامەتی یەکتر هەڵدێنا، کابرای دەلال گوتی:

ـ بۆچی ناچیتە سەر شانۆ؟

ـ ئەمن؟! بۆ چما دەتوانم؟ کلانگ جوابی داوە.

ـ تۆ کە بڵێی: من دەمەوێ! دیارە دەتوانی.

ئەوە داهێنانێکی تازەبوو، چونکە کلانگی لاو لە ماوەی ئەو سێ ساڵەی پێشوو، واژەگەلی«من» و «ویستن»ی دەکارنەهێنابوو.

ئێستا ئەو نە باوەڕی بە ویستن هەبوو نە بە خوازتن، بۆیە تکای کرد لەوە زیاتر هان نەدرێ.

بەڵام دەلالەکە دیسان هاتەوە، بۆ چەندین جار، ئەوجار لە تەک گۆرانی بێژێکی گەورە. شەوق و زەوق لە ڕادە تێپەڕی؛ تائەوەیکە کلانگ، ئێوارە یەک، ئاهەنگێکی بەڕێوە برد کە یەکسەر لەلایەن پرۆفیسۆرێکی ڕاستەقینە چەپڵەی بۆلێدرا.

دوای ئەوە چوو ماڵئاوایی لە پاترۆن خواست و بە پیاڵەیەک سپاسی برادەرە دەلالەکەی کرد کە هێزی باوەڕبەخۆبوون و خوازتنی تێدا

زیندووکردبۆوە؛ «خوازتن ئەو کۆڵەکە ئاسنینەی، کە مرۆڤ شەق ڕادەگرێ تا لەکاتی پێکاندا نەکەوێتە خوار». هەڵبەت ئەو هەرگیز نایەوێ هەڤاڵەکەی لە بیر بکات، کە فێری کرد متمانەی بە خۆی بێ.

ئەوجا چوو ماڵئاوایی لە دایک و باوکی خواست.

ـ من دەمەوێ ببمە گۆرانی بێژ!

باوک چاوی لە شوڵەدارێک دەگێڕا و دایکیشی دەگریا؛ بەلام هیچ فایدەی نەبوو.

ـ ئەکەی خۆت بدۆزێنی کوڕم! ئەوە ئاخرین قسەی دایک بوو.

***

کلانگی لاو پارەی پەیداکرد تا بەرەو وڵاتێکی بێگانە وەڕێکەوێ. ئەو لەوێ بە گوێرەی ئوسوڵ فێربوو ڕاستەوخۆ گۆرانی بڵێ و دوای چەند ساڵێک ببێتە گەورەترین گۆرانی بێژ. پوڵێکی باشی وەسەریەک نا و بەڕێوەبەرێکی تایبەتیشی گرت تاکوو کارەکان ڕاپەڕێنێ.

ئێستادۆست وبرادەر وەهایان دەورە دابوو کە هەم دەیتوانی بڵێ: «من وام دەوێ» و هەم « من وا ئەمر دەکەم». «من»ەکەی وەها ناسروشتی پەرەی سەندبوو کە چاوی بەرایی نەدەدا هیچ منێکی دی لە نیزیکی خۆی ببینێ. ئەو نە لە هیچ دەپرینگاوە و نە قەتیش لۆمەی خۆی دەکرد. بەلام ئێستا، بەر لە گەڕانەوەی بۆ وڵاتی خۆی، بەڕێوەبەرەکەی وای دەگوێیدا خوێندبوو ئەکا هەر بە ناوی کلانگ بمێنێتەوە ئەویش گۆرانی بێژێکی گەورە! واچاکە ناوێکی خۆش و جوان بۆ خۆی وەدۆزێ، تەواوهەندەری، چونکە وا باوە.

"ئەو مەزنە" دەناخی خۆیدا شەڕەجەنگی بوو، چونکە گۆڕینی ناو شتێکی ئەوەندە خۆش نەبوو؛ ئەوە بەو مانایەیە کە حاشا لە دایک وباوک بکرێ؛ کە ئەمەش زۆر ناحەز دێتە بەرچاو.

بەلام، بە گوێرەی عادەتی باو؛ گوتی: لێیگەڕێ چ دەبێ با ببێ.

چوو ئینجیلی پەڕپەڕ هەڵدایەوە تا ناوێکی شیاو بدۆزێتەوە. کاتێ چاوی کەوتە سەر یوبال«کوڕی لامێش زانەری هەر چەشنە ناوازێک»، ئەو ناوەی هەڵبژارد. ئەوە ناوێکی خۆش بوو کە باسون بە دوای جوولەکاندا مانای دەدا. لەبەر ئەوەی بەڕێوەبەرەکە ئینگلیسی بوو، پێی خۆش بوو کە کلانگیش بە میستر بانگ بکرێ، دیارە هەر واشی کرد. یانی، میستر یوبال.

بەڵێ! ئەوانە هەمووی لە جێی خۆیدا بێتاوانییەکی دروست بوون، مادام کە باو بوون، بەلام لەسەر ئەوحاڵەش ڕا هەر جێی سەر سوڕمان بوو، بەم ناوە تازەیەی،کلانگ بوو بە کەسێکی تر. ڕابردووی لەمێژینەی بەجارێک مفح بووبۆوە؛میستریوبال وایدەزانی کە بە ئینگلیسی لەدایک بووە، قسەی قەڵەمی دەکرد، هەم پرچی دانابوو هەم مووی لاجانگ؛ بەڵێ! جلە چوارخانانەکانی بەری وەک گەڵای دارێ لە زۆری دەدا؛ قیت وقنج دەڕۆیشت و بە سیلەی چاو سڵاوی دەکرد؛ئەگەر کەسێک لە خەیابانێ بانگی کردبایە، هەرگیز ئاوڕی نەدەداوە، هەمیشە بە نێو چەقی ڕێگادا دەڕۆیشت.

ئەوبە حاڵ خۆی دەناسییەوە!

لەوسەروبەندەدا ئەو گەڕابۆوە زێدەکەی خۆی و ببوو بە یەکە گۆرانی بێژی ئۆپێرا. دەوری پاشا و پێغەمبەر و پاڵەوان و دێوەکانی دەگێڕا؛ کاتێ ڕۆڵێکی مەشق دەکرد، وەها چاک دەچوو دە ئەخشەوە، پێی وابوو کە ئەو خۆی ئەسڵەکەیە.

ئەوە هاتوو لە کاتی ڕێگەڕۆیشتن،تووشی شەیتانێکی دیوناس هات، بەلام چ قەیدی، خۆ ئەوهەر میستر یوبال بوو.

کەچی بیستی کەسێک لە پشت سەرییەوە گازی دەکا: ـ کلانگ! ئەو هەڵبەتە وەرنەگەڕایەوە، دیارە ئەجیبزادەیەک هەرگیز وا ناکات. بێ ئەوەش خۆ ئەو دەمێکە ناوی کلانگ نییە. بەلام دیسان بەکلانگ گازکراوە. بەڵێ ئەوە هەڤاڵە دەلاڵەکەی بوو کە لە بەرامبەری ڕاوەستابوو، بە سەرسوڕمانەوە تێی ڕاما و شەرمنانە و دوستانە پرسی:

ـ ئەوە کلانگ نییە؟ میستر یوبال ڕووی لەکابرای ئەحس وەرگێڕایەوە و ددانەکانی بەدیارخست و بە دەمی داپچڕاو چەشنی کەسێک کە تەقەی لە کەللەی سەرییەوە بێ، سووکێ قیژاندی: ـ ئەخێر!

بەهەرحال هەڤاڵەکەی ناسیبوویەوە، بەلام بە ڕێی خۆیدا ڕۆیشت. ئەو پیاوێکی تێگەیشتوو بوو، ژیان و ئینسانەکان و هەروەها خۆی چاک دەناسی، بۆیە نە خۆی شلوێ کرد، نە پێشی سەیربوو.

بەلام میستر یوبال عەقیدەی بەوە هەبوو؛ وەختایەک ئەو قسانەی لە ناخی خۆیدا دەبیستەوە: « پێش ئەوەی کەڵەشێر سێ جاران بخوێنێ، ئەشێ تۆ لۆمەم بکەی»، ئەمیش وەک پێترۆسی کرد؛ ڕۆیشتە نێو دەروازەیەک و تێروپڕگریا. ئەو ئەمەی بە بیردا هات و کردی، بەلام دێوەزمە دە ناو دڵیدا پیدەکەنی.

لەو ڕۆژی ڕا بەولاوە، ئەم زیاتر پێدەکەنی، لە خۆشیان یان لە ناخۆشیان، لە تاوان یان لە شەرمان، بە هەمووکەس یان بە هەموو شت.

باوک و دایکی شتێکیان زانیبووکە میستر یوبال کێیە، بالام قەت نەچووبوونە ئۆپێرایە، ئەوان پێیان وابوو شوێنێکە پڕ لە ئەسپ و ئاخوڕ، کە لەوێ ئەیان دەویست کوڕەکەیان ببینن.

میستر یوباڵ ئێستا گەورەترین گۆرانیبێژ بوو، هەرچەند بەڕاستی بەشێکی زۆر لە منەکەی بەرئاوردە ببوو، بەلام حەز و ئارەزووەکانی هەر مابوون.

بەڵێ ڕۆژی خۆی هات! کیژێکی وردیلە لە بالەدا هەبوو، کە دەیتوانی پیاوان ئەفسوون بکات، بەمجۆرە یوبال گیرۆدەی بوو. ئەویش بە جۆرێکی خراپ تەنانەت لێی پرسیبوو کە دەیەوێ ببێتە مێردی ئەو...(لە ڕاستیدا مەبەستی وابوو کە کچە دەیەوێ ببێتە هی وی، بەلام ئینسان بۆی نییە بیڵێ.)

ـ تۆ ئەشێ ببیە هی من، دەستگیرانەکەی گوتی، بێتوو من...

ـ هەست و نیستم پێشکێشت! یوبال جوابی داوە.

کیژەکە بەڵێنی پێدا و پێکەوە زەماوەندیان کرد. بەر لە هەموو شت هەم فێری گۆرانی کرد هەمیش فێری کایەری؛ لەوەپاش هەرچی ویستبای و خواستبای بۆی دەچووەسەر. وەکوو ئەفسوونگەرێک وابوو، ئەو هەموو شتێکی دەویست، یوبالیش ئەی ویستبا. بەم چەشنە وردەوردە هەموو ویست و خوازی کابرای دە مستی خۆی نا.

ئەو ڕۆژە خۆشەش هات کە خاتوویوبال بوو بە یەکە گۆرانیبێژ؛ وەها گەورە، کە ئەگەر خەڵک بانگیان کردبا یوبال، مەبەستیان خاتوون بوو نەک میستر.

یوبال دەیەویست سەرلەنوێ تێهەڵچێتەوە، بەلام ئەوە بە زیانی خاتوون دەشکایەوە، ئەو ئەمەی نەدەویست، هەر بۆیەش ئەیدەتوانی.

وەختی ئەوە هات لە گۆڕێ لابچێ و لە بیر بچێتەوە.

هەرئەوکۆڕو کۆمەڵە دۆستانەی کە زەمانێک لە دەوری یوبال

کۆدەبوونەوە، ئەوا ئێستا لە دەوری خاتوو یوبال کۆزیلکەیان دەبەست و، هەر ئەویشیان بەناوی یوبال گازدەکرد.

کەس میستری بە سەر نەدەکردەوە، کەس لە گەڵی نەدەخواردەوە؛ کە قسەی کردبا، کەس گوێی لێ نەدەگرت؛ دەتگوت هەر نەبووە، کەچی خێزانەکەی وەهای هەڵس و کەوت دەکرد، وەک ئەوەیکە مێردی نەبووبێ.

بەم چەشنە میستر یوبال تەنیا مایەوە، هەر بە تەنێش دەچوو بۆ قاوەخانە. تائەوەیکە ئێوارەیەک بە نیازی دوزینەوەی هاودەمێک چووە ژوور. هەر چ کەسێکی لێ با بۆ وی گرینگ نەبوو، هەر مرۆڤ بووبا و بەس.

لەوەدەمەدا کۆنە برادەرە تاجرەکەی دیتەوە کەوا تەنیا و پەرۆش دانیشتووە؛ فکری کردەوە: «ئەوەتا ئەوەی من گەرەکمە، کۆنەلوندبەری»؛ لە سەرەخۆ چووە پێش مێزەکە وسڵاوی کرد. بەڵام سیمای برادەرەکەی وەها تۆقێنەر بوو کە یوبال ناچار پرسی: ـ ئەرێ ئەوە لوندبەری نییە؟

ـ چی ی!

ـ ئەمن ناناسییەوە، یوبال؟

ـ نەخێر!

چۆن کلانگی ناناسییەوە، کۆنە برادەرەکەت؟

ـ نا! ئەو زۆر لەمێژە مردووە.

بەڵێ یوبال تێگەیشت کە ئەگەر ڕاستی بۆبچێ بە مردوو حیسابە، دوای ئەمەڕۆیشتەدەر.

دوای ئەم ڕۆژە ماڵئاوایی لە ئۆپێرا کرد و بوو بە مامۆستای موسیقا.

دیسان ڕێگەی وڵاتی بێگانەی گرتەبەر، چەندساڵان لە دەرێ مایەوە. خەم و خەفەت ڕووی تێکرد و ناوەخت پیری کرد. ئەوەی بە کەیفێ بوو، وەک بلێیی زوو لە کۆڵ بێتەوە.

دەگەڵ ئەوەش ئەوەندە پیر و کەلەلا نەببووکە خۆی دەیەویست. هەربۆیە چوو کلاوگێسێکی سپی پرمووی درێژی وەدەست هێنا، دیارە پێیەوە ڕاحەت بوو، چونکە بەمەوە نەدەناسراوە، تەنانەت لە بەر چاوی خۆشی.

کەدەستی لە پشتەوە دەباڵ یەک دەناو ئارام ئارام بەپیادەڕۆیاندا خەیالاوی دەڕۆیشت؛ پیاو پێی وابوو یان بە دوای کەسێکدا دەگەڕێ یان چاوەڕوانی شتێکە.

کاتێ لە چاوەکانی ورد بووبایەوە، هیچ نیشانەیەکت لە چاو تروکاندن نەدەدیت؛ کەسێک ویستبای بیدوێنێ، خۆی گێل دەکرد. هەرگیز نەیدەگوت«من»، یا خود «من پێم وایە». بەڵکو دەیگوت «وادیارە»، ئەو «من»ەکەی دۆڕاندبوو، خۆی یەکەمجار کاتێک بە وەی زانی کە خەریکی ڕدێن تاشین بوو. ئەو سابوونی لە ڕیشی خۆی دابوو و گوێزان بە دەست لە لای ئاوێنە ڕاوەستابوو، کەوا ڕوانییە ژوورەکە و هەموو پشت سەری خۆی بینی، جگە لە ڕوخساری خۆی. ئەوسا تێگەیشت چ قەوماوە. جا تەزوویەکی بەهێز، بۆ وەدەستهێنانەوی منەکەی سەراپای لەشی داگرت. هەرئەو باشترین بەشەی کە دابووی بەو ژنەی کە هەموو ویست و خوازەکانی لێ ئەستاندبوو. بۆیە بڕیاری دا هەرچۆنێک بێ بیدۆزێتەوە.

وەختایەک سەرلەنوێ گەڕاوە وڵاتی خۆی و بە کلاوگێسەسپییەکەی بە خەیابانی شاردا دەڕۆیشت، کەس نەیدەناسییەوە. مۆسیقارێک نەبێ کە وەختی خۆی لە ئیتالیا بوو، بە دەنگی بەرز لە خەیابانێ گوتی: ئەوەتا کەڵە مامۆستای مۆسیقا.

هەرئەوەندە، وای لە یوبال کرد کە هەست بکا نۆتزانێکی گەورەیە.

چوو هێندێک کاغەزی نۆتی بۆخۆی کڕی و دەستی بە نووسینی بەندێک کرد، دەکرێ بڵێین هێندێک نۆتی کورت و درێژی تێکەڵ پێکەڵی ڕەدیف کرد وهێنایە سەر کاغەز، بەشێک بۆ وێڵۆن و هێندێک بۆ تار و باقییەکەشی بۆ سازی دی. پاشان ئەوانەی نارده کونسێرت، بەڵام کەس نەیدەتوانی بیانژەنێ، چونکە چ نەبوون لە نۆتگەل زیاتر.

ڕۆژێک بە خەیاباندا دەڕۆیشت، تووشی نیگارکێشێک هات کە لە پاریس ئاودەنگ بوون. ـ ها لەوێ مۆدێلێک دەڕوا. یوبال ئەوەی بیست و زوو باوەڕی هێنا کە ئەو خۆی مۆدێلەکەیە؛ چونکە پێی وابوو هەرکەس هەرچی بیڵێ مەبەستیان ئەوە، بێ ئەوەیکە بزانێ کێیە یان چییە.

کاتێک کەوتەوە خەیاڵی ژنەکەی کە «من»ەکەی لێ سەندبوو، بڕیاری دا بیدۆزێتەوە. زۆر بە دوایدا گەڕا، بەڵام ئەو شووی بە بارۆنێک کردبوو و بۆ سەفرێکی دوور چووبوو.

دوای ئەوەیکە لە گەڕان و پشکنین ماندوو بوو، وەک هەموو ئینسانێکی شەکەت تاکە ئاواتێکی مایەوە، دایکی، چارەسازی ڕۆژگار. دەیزانی کە ئەوئێستا بێوەژنە و لە نێوکۆخێکدا لەبان کێوێک دە ژی، جا بەرەو ئەوێ وەڕێکەوت.

ـ ئەرێ ئەتۆ من ناناسییەوە؟ پرسیاری کرد.

ـ ناوت چییە؟

ـ ناوی کوڕەکەت چییە! بۆ چما نازانی؟

ـ کوڕی من ناوی کلانگ بوو، کە چی تۆ یوبالی و من ئەوی ناناسم.

ـ ئەو حاشام لێدەکات!

ـ هەر وەک تۆ حاشات لە خۆت و لە دایکت کرد.

ـ ئێوە بۆچی «ویستن»تان لە من ئەستاند، کاتێ من مناڵ بووم؟

ـ تۆ خۆت ئەوت دا بە ژنێک.

ـ ئەوەم دەبوو کردبایە، ئەگینا ئەوم نەدەکەوتە دەست، بەڵام ئێوە بۆ گوتتان، کە من نابێ هیچ ئاواتێکم هەبێ؟

ـ ئا، ئەوە باوکت بوو، ڕۆڵە گیان، ئەویش لەوە زیاتر عەقڵی پێنەدەشکا. ئێستا لێی ببورە، چونکە مردووە. پاشانیش مندال نابێ هیچ ویستێکیان هەبێ، بەڵام گەورە دەتوانن هەیان بێ.

ـ تێفکرە! کە تۆ چ باش دەتوانی ئەوەی ڕێک بخەی، دایە! مناڵ نابێ ئەوەی هەبێ، بەڵام گەورە ئەشێ هەیبێ.

دایکی گوتی؛ گوێ بگرە، گوستاو، گوستاو کلانگ...

ئەوە هەردووک ناوەکەی بوون: هەرکە بیستنی، ئەو بۆوە بە خۆی. گشت دەورەکان، لە شا و دێوەزمەڕا بگرە تادەگاتە ماێیسترۆن و مودێل، هەمووی بوون بە دوکەڵ، ئەوسا ئەو تەنیا وتەنیا کوڕی دایکی بوو و بەس.

جا ئەوجار سەری نایە سەر کۆشی دایکی و گوتی:

ـ ئێستا دەمەوێ من بمرم! من دەمەوێ بمرم!

☥☥☥☥☥☥

**بەردەوام بوونی چالاکی ئەم گۆڤارە لە پلەی یەکەم دا، بەستراوەتەوە بە هاودڵی و هاری و هاوکاری تەواوی ئەو کەسانەی کە دڵیان بۆ خاک و نەتەوەکەیان لێدەدا.**

دۆستان

# بڵێی وابێ!

له ئاڵمانەوە: **هێدی**

بەڕێوەبەری... گۆڤاری گزینگ!

☐ وێڕای سڵاوی گەرمم، سەرکەوتنت ئاواتمە و هیوامە گزینگت بووژێنەرەوەی ئەو دڵانە بێ کە لە پێناو خزمەت بە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی نەتەوەکەماندا ترپەیان دێ و بە پێشکەوتنی زمانەکەمان ئۆخژنیان دەکەوێتێ.

حەز دەکەم لەسەر بنەمای ئەو دوو ژمارانەی بە دەستم گەیشتوون(ژمارە ١و٢)؛ چەند وردە تێبینییان دەربڕم:

• بە بڕوای من ئەو وشانەی بە پیتی بزوێن (ا، ۆ ،ی، ێ، ە، وو) دواییان دێ، نابێ(یش)بگرن و(ی)ی پێش(ش)زیادی و بێ جێیە، وەک: ئێستایش، نوێیش، تاقانەیش، دوویش. هەرچەند ئەو شێوە نووسینە بە هەراوی دەنێو زۆربەی نووسەرانی کوردستانی گەرمێن دا باوە، بەڵام دەنێو مەماماندا، واتە کوردستانی موکریان، نە تەنیا ئەو شێوە نووسینە باو نییە، بەڵکوو هەر لەو مەهابادەی کە من وتۆی تێدا پەروەردە بووین، ئەگەر خەڵک ئاوات لێ ببیسن لەوانەیە بەرەو میاندواوی عەجەمان شاربەدەرت کەن. دیارە مەبەستم ناوچەپەرستی نییە؛ ئەو بابەتە هەر لە باری ڕێزمانییەوە هەڵەیە و واباشترە بنووسرێ: ئێستاش، نوێش، تاقانەش، دووش.

• وادیارە مەسەلەی (تاک و کۆ)مان لێ بۆتە بەیتی بلەی و نابڕێتەوە. دەزۆر نووسراواندا ئەو مەسەلەیە لەبەرچاو ناگیرێ و ئەو دوانە (تاک و کۆ) بە شێوەیەکی ڕاست لێک جوێ ناکرێنەوە.

• ئەگەر سەروتاری گۆڤارەکە یان وتووێژێک دەگۆڤارەکەدا نێویشی لە سەر نەبێ قەیدێ ناکا و خوێنەرەوە بە کاری بەرپرسی گۆڤارەکەی دەزانێ، بەڵام کە شێعرێک یان چیرۆکێک بڵاودەکرێتەوە، باش وایە نێوی نووسەرەکەی لەسەر بێ.

• دە ژمارە ٢ی ،گزینگ،دا (لاپەڕەی ٢٣)وتارێکم لە ژێر سەردێڕی ،هەڵپەڕکەیەکی چۆن؟، چاو پێکەوت کە نووسەرەکەی تێیدا دابی هەڵپەڕکێی مەهابادی بووژاندۆتەوە. دە وتاری ناوبراودا دۆی داوەتێ ئاوا شی کراوەتەوە: ،لێرەدا ئاوەڵناوی دۆ بۆ کچ دەبێ هێندێک زیادتر شی بکرێتەوە. وەک دەزانین دۆ لە کوردەواریدا خواردنەوەیەکی مەقبووڵ و بەلەزەتە، زۆر جار لە گەرمای هاویندا پاڵە و کرێکار توونیایەتیان بە دۆ نەبێ ناشکێ، ... دوور نییە لە بەر ئەو دەورەی توونیەتی شکاندنە ئەم ئاوەڵناوە بۆ بەشداری مێینەی هەڵپەڕکێ وەخۆکرابێ.،

ئەمن بەش بەحاڵی خۆم پێموایە دۆی داوەتی فڕی بە سەر دۆی ساردوفێنکی توونیایەتی شکێنەوە نییە و ڕەگەزی دۆی داوەتی دەبەمەوە سەر دۆخت(doxt)ی پەهلەوی، کە بە مانای (کچ)ە. لەوێشەوە پێویستە لە نێو زمانە هیندوئوروپاییەکاندا بۆ سەر چاوەکەی بگەڕێین، چونکە دیارە کە ، بۆ وێنە:(tochter)ی ئاڵمانی و(daughter)ی ئینگلیسی هەر لەو ڕەگەزەن. هەر ئەو دۆختە دە زمانی کوردیدا سوواوە و ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە و بۆتە(دۆت)، کە ئێستاش لە زۆر ناوچەی کوردەواریدا بە کچ دەگوترێ. جا ئەو (دۆت)ەش لە ناوچەی موکریاندا هێندەی دیکە سوواوە و لە زاران خۆش کراوە و بۆتە ،دۆ،ی شۆخی داوەتان.

هیوادارم بە گاوانی خۆم گەڕی داوەتی نووسەری وتارەکەم تێکنەدابێ. نەشمویستووە دۆی لە دەستی دەرێنم و خۆم تووشی کێشەی کەم. مەبەستم هەر ئەوەیە نەهێڵم داوێنی کراسی دۆی شۆخ و شەنگ وەبەر پێیان بکەوێ. ■

به سپاسەوە: هێدی

لێره

و

لەوێ

# له زۆر بارانەوه ولاتیکی بابری(درنده)

Dagens nyheter. 3 May 1994

**له تورکیا ئازادی بەیان بەرتەنگ دەکرێ و تاوانکاری و پێشێلکردنی مافه ئینسانییەکان هەر زیاد دەکا.**

**له تورکیا ڕۆژنامەنووس و نووسەران دەگێرێن و بەند دەکرێن، یان دەکوژرێن و دەدزرێن و کەس بە سەرو شوێنیان نازانێ. ڕێکخراوەی یونێسکۆ ڕۆژی ٣ی مای وەک ڕۆژی نێونەتەوایەتی ئازادی چاپەمەنی داناوه. ڕێکخراوی پێنی نێونەتەوایەتیش بەو بۆنەیەوه، ئەو دەستدرێژی و سووکایەتییانەی که به ئازادی چاپەمەنی دەکرێ وەرووده‌خا. لکی سوێدی ڕێکخراوەی پێن بە وردی له چەند کەیسێکی ئەوتۆی له تورکیا کۆڵیوەتەوه.**

ئەم ڕۆژانە ئاژانسە سەفەرییەکانی سوێد بە گەرمی تەبلیغ دەکەن"هاوێنێ بچنه تورکیا". "بچنه قەراخی دلگر، تەبیعەتی زەنوێر، (ئەو جێییەی) هەلی گەڕان، چێشت و خوانی خۆش و دەرەتانی شت کڕینی(لێ هەیه)". ڕەنگە بە تەوسێکی ناناگایانەوە بێ ـ بەڵام تورکیا وەک "ولاتی هەرە دڵگری ئەو سەردەمە، له زۆر بارانەوه ولاتێکی مودێرن، که لەوێ مێژووی کەوناران قەت دوور ناکەوێتەوه" دەناسێندرێ.

ئەوەی که ئاژانسە سەفەرییەکان باسی ناکەن و نێوی نابەن ئەوەیه که ئێستا تورکیا شەڕێکی تەواوی نێو خۆیی دایگرتووه. شەڕێکی که هەموو ڕۆژێکی که ڕادەبرێ توندوتیژتر دەبێ و خەڵکی سیڤیل قوربانییەکانی هەرە بەردەستی ئەم شەڕەن، (ولاتێکی) که گوندەکانی ئاگریان تێبەردەدرێ و بە سەدان هەزار کەس له زێدی خۆیان تەوەلا کراون.

(ئاژانسه سەفەرییەکان)نەک هەر سەبارەت بەو کردەوانەی که پکک له دژی توریستانی دەکا بۆ ئەوەی ترسیان له بەر گەڕێ و نەیەنه تورکیا و هەروەها بۆ ۆشیاربوونەوەی خەڵک سەبارەت بە کێشەی کوردان، بێدەنگن بەشێکه له داب و دەستووری ڕۆژانه، لەوێ ئازادی بەیان بۆتە گەپجاڕ و لەوێ ئەو ئینسانانەی که بوێرن و خۆیان بە کێشەی کوردەوه خەریک کەن دەدزرێن و بێ سەر و شوێن دەکرێن، دەکوژرێن و ئەشکەنجه دەدرێن.

تورکیا نزیکەی ١٠میلیۆن کوردی هەیه که بەر له هەموو شتی دی بۆ ئەوه بە شەڕدێن کە زمان وکولتوری خۆیان بپارێزن. دەوڵەتی تورکیا شێلگیرانه بەگژی ئەمەدا هاتووەتەوه و بەربەرەکانی کردووه. بە کردەوه له ساڵی ١٩٨٤ بەملایەوە شەڕێک هەڵگیرساوه ـ ئەو شەڕە له سەرەتادا زیادتر له دژی پکک ـ پارتیا کارکەرێن کوردستان ـ بوو، بەڵام ئێستا خەڵکی سیڤیلیشی گرتۆتەوه. ئەو شەڕە له ساڵی ١٩٩٣ خۆشتر کرا. له پێشدا پکک چەکی دانا و ماوەیەک تەقەی نەکرد، بەڵام کاتێک که دەستەڵاتدارانی تورکیا له سەر خەباتی چەکدارانەی خۆیان بەردەوام بوون، لەبری ئەوه پکک ش چالاکییه تێرۆرەکانی خۆی توندوتیژتر کرد.

وڵامی دەستەڵاتداران ئەوەندەی دیکەش زوڵم و زۆرداری پیستر بوو. له مانگی ژوویيەی ١٩٩٣ سەرۆک وەزیری وڵات داوای له ڕۆژنامەکان کرد که وەفادارانه پشتیوانی له "شەڕی سەروماڵ"ی دەستەڵاتداران له دژی جیاوازیخوازی بکەن. لەو دەمییەوه واوێدەچێ که مەبەست ئەوه بێ که کێشەی کورد بە ڕێگەی له نێوبردنی هەموو جوره بەرهەڵسییەک له بەرامبەر سیاسەتی له ئاشتی نەهاتووی تورکاندن، یەکجار و بۆ هەمیشه جێبەجێ بکرێ.

**ڕەخنه له لایەن ڕێکخراوی نەتەوه یەکگرتووەکانەوه**

ئەو سیاسەتە بۆتە هۆی ئەوه که ئازادی بەیان له تورکیا بە توندی پێشێل بکرێ. تاوانکاری له دژی مافه ئینسانییەکان هەر دێ و زیاد دەکا. هەر له ساڵی ١٩٩١ ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامەنووس و نووسەر بەند کرابوون، یان کوژرا بوون، یان دزرابوون و بێ سەروشوێن بوون. ڕەخنەی هەموو لایەنه، بە تایبەتی لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوه یەکگرتووەکان و شوورای ئورووپا، حکوومەتی تورکیای والێکرد که ئەو قانوونانەی که ڕێی بەم کردەوانە دەدا هەڵوەشێنێتەوه. بەڵام هێشتا ئیمزای وەلانانی ئەو





□ سەفەر بۆ کوردستان
بابەت: لێکدانەوەی کۆمەڵایەتی
نووسەر: کەریمی حیسامی
قەوارە: مام ناوەنجی(٧٨ لاپەڕە)
چاپی یەکەم: ڕێبەندانی ١١٩٤ ستۆکهۆلم

● ئادرێسی داواکردن:

K. Hussami
Nidarosgatan 34
164 34 Kista




□ ڕوانگەی پێشەوا
١٩ بابەتی ڕۆژنامەی کوردستان؛(کۆماری کوردستان، ١٩٤٦)
کردەوەکۆیی: حەسەنی قازی
قەوارە: مام ناوەنجی(٤٤ لاپەڕە) . چاپ: ١٩٩٤
● بۆ وەدەستخستنی تکایە پێوەندی بە ئادرێسی،گزینگ،ەوە بکرن.




□ لە هەر شتێ مشتێ
بەبەت: کۆمەڵە چیرۆک
نووسەر: سەعید کاوە
قەوارە: مام ناونجی(٢١٠ لاپەڕە)،
چاپی یەکەم ساڵی ١٩٩٤
● تکایە بۆ وەدەستخستنی بەم ژمارەیە پێوەندی بکرن:

Tel: 019 - 260510




□ یوناتان لە سەر چیای مەلی باهۆز
بابەت: چیرۆک بۆ منداڵان
نووسەر: یەنز ئالبۆم
وەرگێڕ: ئاسۆ موکریانی
مۆنتاژ: ناسر ئیبراهیمی
قەوارە: AF(٣٢ لاپەڕە)بە بەرگێکی
قەشەنگ لە گەڵ ٣٠ وێنەی ڕەنگی.

● ئادرێسی وەدەسکەوتن:

A.M
Dragonv. 22,2tr
194 33 Upplandsväsby
(Sweden)

ئامانجی ئەدەبیات



نوسەر: ماکسیم گورکی
وەرگێر: ڕەحمان سۆفی

KITAB-I ARZAN

کتێبفرۆشی هەرزان
KITAB - I ARZAN

نیاکان باستانی کُرد در تاریخ و اسطورەها



تألیف
ج. مفرد

| نێوی کتێب | نووسەر | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|---|
| ١) کۆمەڵناسی | حوسێنی خەلیقی | | |
| ٢) حکومەتی کوردستان | نەوشیروان مستەفا ئەمین | | ٢٨٨ |
| ٣) گۆرانی کوردی | محەمەد موکری | | ٩٦ |
| ٤) پاشایان کوشت | خوسرەو جاف | ڕۆمان | |
| ٥) ئەفسانەی دۆنیس | جیمز ـ محەمەد حەمە باقی | | |
| ٦) نەورۆزنامە | عبدالرحمن زەنگەنە | | ٣١٧ |
| ٧) دیوانی شێرکۆ بێکەس | | شێعر | بەرگی١و٢ |
| ٨) لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی ـ ئەنوەر قادر محەمەد | | | |
| ٩) ڕاسان | نەجیبە ئەحمەد | کورتە چیرۆک | ٧٦ |
| ١٠) میرزا(ج٢) | فەتاح ئەمیری | ڕۆمان | ٢٤٣ |
| ١١) دەورەی جلدکراوی سروە | | لە ژمارە١ ـ ٨٠ | |
| ١٢) هەمبانە بۆرینە | هەژار | | یەک بەری |
| ١٣) فەرهەنگی سوێدی ـ کوردی: حەسەنی قازی ـ هیوا کاردۆیی | | | |
| ١٤) ئەرک و شوێنی ڕاناوەکەسییەکان لە ئاخاوتنی کوردی دا: نوری عەلی ئەمین | | | ٣٠٢ |
| ١٥) فەرهەنگی کوردی ـ سوێدی : مژدە خەلیل | | | |

فارسی:

١) کردها، ترکها عربها — سیسیل ادموندز
٢) جغرافیای عمومی کردستان ـ نجفی
٣) کردها وکردستان — درک کینان
٤) آینە سنندج — برهان ایازی
٥) کرمانشاهان و تمدن دیرینە ان
٦) طوایف و ایلات کرمانشاهان ٢جلد
٧) جغرافیا و تاریخ بانە — محمد رئوف توکلی
٨) تاریخ فرهنگ و ادب مکریان ـ ابراهیم افخمی
٩) تا فردا خدا نگهدار: براپموک ـ رمان
١٠) کردها — کەندال عصمت شریف
١١) کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی: رشید یاسمی
١٢) کردهای ایران ـ عکس: نصرالله کسرائیان
١٣) گورستان غریبان: ابراهیم یونسی ـ رمان
١٤) جنبشهای کرد ازدیرباز تاکنون: کاروخ ـ ٢جلد
١٥) سالهای ابری(٤جلدی): علی اشرف درویشیان ـ رمان
١٦) جمهوری مهاباد١٩٤٦
١٧) دلدادەها: ابراهیم یونسی ـ رمان
١٨) نغمات فولکلوریک کردی: اسدالله امجدی

کاسێت (ویدیۆ)و ئەوار(شریت)ی کوردی:

١) بە پیرۆز : ناسر ڕەزازی
٢) خەمی نان: ناسر ڕەزازی
٣) نیاز : ناسر ڕەزازی
٤) ئەورامان: عەباس کەمەندی
٥) گەلاوێژ: عەباس کەمەندی
٦) سلاو : مکاییل
٧) ئالبۆمی ویدیۆیی حەڵەبجە: ناسر ڕەزازی
٨) ئالبۆمی ویدیۆیی: مەزهەری خالەقی
٩) ئالبۆمی = : حەسەن زیرەک

ئەو کتێبانە لە ژێر چاپ دان:

١) دیوانی میرزا عەبدوڵلای پێنجوینی
٢) زن در طول تاریخ : د. کمال مظهر احمد
٣) تاریخی سەدەهای ناوەراس: تەرجومەی حسینی خەلیقی
٤) ململانێی ئایدیۆلۆژی لە کوردستان: د.حوسێن محەمەد عەزیز

ئادرێس:
Kitab - i Arzan
B. Jarls g 9B
554 63 Jönköping
(SWEDEN)

# سەڕافی پارسا

**لە هەر شوێنێکی ئیسکاندیناوی بن**

**سەڕافی پارسا بەگوێرەی ئیجازەی ڕەسمی، لە گەڵ ئێوە و لە خزمەت ئێوە دایە .**

## پارسا :

**حەواڵەکردن و ڕاگوێزانی ئەرزو دراو ،**

**خێرا وخاترجەم**

**بە نرخی باش وشیاو .**

تەلەفۆنی دەفتەری ناوەندی: ☎

٠٣٣ _ ١٠ ٥٥ ٥٤

٠٣٣ _ ١١ ٤٠ ٢٢

فاکس: ٠٣٣ _ ١١٢٠٢٨

تەلەفۆنی نوێنەرایەتی ئێمە لە ستۆکهۆڵم:

٠٨ _ ٦١٨ ٦٥ ١٤

fax: 033 - 112028

**حیسابی بانکی ئێمە لە سوێد:**

Sparbanken: 80 32 - 5
3 244 352 - 5
S - E Banken: 51 02 - 33 22 129
Handelsbanken: 362 703 868

**حیسابی بانکی ئێمە لە دانمارک:**

Den Danske Banken: 4500802391

**ناو و نیشانی پۆستی:**

PARSA
Box 119
501 03 Borås
(SWEDEN)